بنیاد شیرین عبادی

SHIRIN EBADI FOUNDATION

ماف بە زمانێکی ساکار

# مافی کرێکار




نووسەر: مووسا بەرزین

وەرگێڕانی: سەمکۆ خەلیلی

بنیاد شیرین عبادی
SHIRIN EBADI
FOUNDATION

www.ShirinEbadiFoundation.org

https://T.me/ShirinEbadiOfficial

info@ShirinEbadiFoundation.org

Scan Me

ماف بەزمانێکی ساکار

دامەزراوەی شیرین عیبادی
SHIRIN EBADI
FOUNDATION

# مافی کرێکار

ڕێشاندەری یاسایی کار و کرێکار
لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا

نووسەر: مووسا بەرزین

وەرگێڕانی سمکۆ خەلیلی

١٤٠٣
2024

بنیاد شیرین عبادی
Shirin Ebadi Foundation

# مافی کرێکار

The Labor's Rights

ناوی کتێب: مافی کرێکار

نووسەر: مووسا بەرزین

وەرگێڕ: سمکۆ خەلیلی

بەڕێوەبەری هونەری: بیدار

بڵاوگە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئیلکترۆنی
دامەزراوەی شیرین عیبادی
www.ShirinEbadiFoundation.org

[ کەڕەتی چاپ: یەکەم | ئیلکترۆنی | ۱۴۰۳ ]

ⓒ مافی لە چاپدانەوەی بۆ بڵاوگە پارێزراوە.

© Shirin Ebadi Foundation 2024

# فهرست

ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێننەوە


بەرایی ٦
پێشەکی ٧
یاسا بە کەڵکەکان ٨
کرێکار کێیە؟ ٩
لایەن حیسابی کرێکار لە کارگەدا کێیە؟ ١٠
ئەرکەکانی کرێکار لە ئاست خاوەنکاردا چین؟ ١٢
ئەرکەکانی خاوەنکار لە ئاست کرێکارداچین؟ ١٤
کرێکار دەبێ لە کوێدا کار بکات؟ کارگە کوێیە؟ ١٦
کارگە بنەماڵەییەکان و کارگە بچووکەکان ١٧
گرێبەستی کار ١٩
بیمە و دابینکاری کۆمەڵایەتی ٢٢
ئەگەر هەقی بیمە نەدرێت دەبێ چی بکەن؟ ٢٣
بیمەی بێکاری ٢٦
بیمەی لەکارکەوتن ٢٩
مووچەی میراتبەران ٣١
خانەنشینی و مووچەی خانەنشینی ٣٣
مووچە و سەرمووچەی کرێکار ٣٤
لانیکەمی هەقدەست چییە؟ ٣٩
سەعاتی کارکردن ٤٠
پشووی کرێکار ٤٣
مەرەخەسی ٤٣
مەرجەکانی کارکردنی ژنان ٤٧
مەرجەکانی کارکردنی مێرمنداڵان ٤٨
مەرجەکانی کارکردنی هاووڵاتی بیانی ٤٩
کاری ئەستەم و زیانبار ٥٠
هەڵپەساردنی کار ٥٧
کۆتایی کار ٦٠
وەرگرتنی بەرگەی سپیی واژۆکراو ٦٣
ڕووداوی سەرچاوەگرتوو لە کار ٦٥
پاراستنی کارگە و ئەرکی خاوەنکار ٦٥
سکاڵای زیان بەرکەوتووی ڕووداوی کار ٦٧
گەڵاڵەی پلەبەندی ئیشەکان ٧٠
ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکارەکان ٧١
چارەسەریی کێشەی نێوان کرێکار و خاوەنکار ٧٤
شێوازی سکاڵا تۆمارکردن لە ئیداری کار ٧٧
ناڕەزایەتی لە ئاست بڕیاری ئیدارەی کار ٨٣
شێوازی جێبەجێکردنی بڕیاری دەرکراو ٨٥


CLICK ME
بۆ خوێندنەوە لەسەر
بابەتی دڵخوازتان کلیک بکەن

# پیش گفتار

شیرین عبادی

به گوێرەی ئەو ئامارانەی لە بەر دەستدایە، لە ئێستادا نزیکەی ١٥ ملوێن کرێکار لە ئێراندا هەن کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی خزمەتگوزاری و بەرهەم هێناندا کار دەکەن. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی، کرێکار بە «خەباتکاری گۆڕەپانی ئابووری» ناودێر دەکات بەڵام ئەو نازناوە نەبووەتە هۆی ئەوەی ئاوڕ لە داخوازییەکانی بدرێتەوە. هەر بۆیە کرێکارەکان ناچار دەبن بە دەست کێشانەوە لە کار بێنە سەر شەقامەکان و بۆ داخوازییە یاسایی و ڕەواکانی خۆیان دەنگ هەڵبڕن.

**کێشەی کرێکارەکان بە سەر سێ دەستەدا دابەش دەکرێن:**

یەکەم) کێشەی بژیو کە سەرچاوەکەی هەقدەستی کەم و گرانیی خانوو و هەڵاوسانی ئابوورییە.

دووهەم) مەترسیی سەر پیشە و کار، کە لە ئەنجامی گرێبەستی کاتی و نەبوونی بیمەی بێکاری و داخران و وەرشکست بوونی کارگە و کارخانەکان دێتە ئاراوە.

سێهەم) بێ مەترسی بوونی شوێنی کار کە بە هۆی کەمایەتی یان نەبوونی هێمنایەتیی پێویست، ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لە کرێکارەکان بریندار دەبن یان دەکوژرێن؛ بە بێ ئەوەی پاڵپشتیی پێویست لە خۆیان و بنەماڵەیان بکرێت.

جیا لەم کێشە و گرفتانە، کرێکارەکان لە ئێراندا هیچ کاتێک مافی مانگرتن و دامەزراندنی سەندیکا و ڕێکخراوەی سەربەخۆی کریکارییان نەبووە بۆ ئەوەی بتوانن لە دانوستانێکی کارساز لەگەڵ خاوەنکار- حکوومی یان ئەهلی- لە مافی خۆیان بەرگری بکەن.

ئەو بابەتانەی باس کران هاندەر بوون کە ئەم کتێبە لە لایەن «مووسا بەرزین» پارێزەر و مافناسی ئێرانییەوە بنووسرێت. لەم کتێبەدا بە زمانێکی سادە و ساکار لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی پێوەندیدار بە ئیش و کار لە ئێراندا ئاشنا دەبن. هەر چەندە یاسای کار لە ئێراندا ئەوەندەی پەرژاوەتە سەر بەرژەوەندیی خاوەنکار، ئاوڕی نەداوەتەوە لە پێداویستی و بەرژەوەندیی کرێکار. بەڵام لە هەر حاڵێکدا زانیاری لە سەر ئەو یاسا و ڕێسایانەش بە کەڵک و پێویستن. بۆ نموونە کرێکار دەبێ لە کاتی واژۆی گرێبەستدا، بە جوانی سەرنج بداتە ناوەرۆکەکەی و داوای ئەو مافانە بکات کە یاسا بۆی لە بەرچاو گرتووە.

ئەم کتێبەش وەکوو کتێبەکانی دیکەی «دامەزراوەی شیرین عیبادی» بۆ ڕێز لە هەموو ئێرانییەکان، بە پێنج زمانی (کوردی و فارسی و بەلووچی و عەرەبی و تورکی) بڵاو دەکرێتەوە و بۆ کەڵک وەرگرتنی زیاتری جەماوەر بە شێوەی کتێبی دەنگیش بڵاو دەبێتەوە.

# پێشەکی

زانیاری لە سەر یاسا و ڕێساکان دەتوانێ هەنگاوێکی ئەرێنی بێت بۆ ئەوەی هەر هاووڵاتییەک بتوانێت خۆی پارێزەری خۆی بێت. واتە ئەگەر کێشەیەکی حقووقیی بۆ هاتە پێش و دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو پارێزەر بگرێت، بەو زانیارییانەی خۆی بتوانێ بۆ دەستەبەرکردنی مافی خۆی هەنگاو هەڵگرێ. هەر وەها هاووڵاتییان بە زانیاری لە سەر یاسا، تا ڕادەیەک ڕێگە لەوە دەگرن کە حکوومەت یان کەسانێک مافیان پێشێل بکەن.

«کرێکار» یەکێک لە گرینگترین چینەکانی بەرکەوتەی خەساری کۆمەڵگایە و هەمیشە مەترسیی ئەوەی لە سەرە کە لە شوێنی کاردا لە لایەن خاوەنکارەوە مافی پێشێل بکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە، بە گشتی کرێکارەکان لە باری داراییەوە توانای پێویستیان نییە پارێزەریان هەبێت؛ هەر بۆیە زانیاری ئەوان لە سەر ئەوەی چ مافێکیان هەیە و ئەگەر مافیان پێشێل کرا چۆن بتوانن سکاڵا تۆمار بکەن، زۆر گرینگە. هەر بەو هۆکارە لەم کتێبەدا هەوڵ دراوە ئەو ڕێسایانەی وا پێویستە کرێکارێک بیزانێ بە زمانێکی سادە و بەکەڵک شی بکەینەوە.

# یاسا بەکەڵکەکان

لە هەنگاوی یەکەمدا، کرێکار دەبێ بزانێ ئەو یاسایانەی بەکەڵکی دێن کامانەن. ئەگەرچی زانینی هەموو یاساکان بڕێک ئەستەمە بەڵام خوێندنەوەی یاساکان، کۆبەری بابەتە یاساییەکان سەبارەت بە کرێکار بۆ بەردەنگ ڕوونتر دەکاتەوە. پێویستە ئەمەش بڵێین کە پێویست ناکات هەموو یاسا و ڕێساکان بخوێنرێنەوە. لە هەر بابەتێکدا تووشی کێشە بوون، دەتوانن یاسای پێوەندیدار وەخوێنن. بۆ نموونە هەقدەستی زێدەکاری، یان ئەوەی کە «کرێکار لە ساڵێکدا چەند ڕۆژ مەرەخەسیی هەیە» لە یاسای کاردا هاتووە بەڵام بۆ نموونە «مەرجەکانی بیمەی بێکاری» لەم یاسایەدا نییە و دەبێ یاسای بیمەی بێکاری و ڕێساکانی وەخوێنی. زۆربەی ئەو بابەتانەی بە دوایدا دەگەڕێن لە یاسای کار و یاسای تەئمین دابینکاریی کۆمەڵایەتیدا هاتووە.

**ڕەخنەیەک:** «یاسای کار» کە گرینگترین یاسای پێوەندیدار بە مافی کرێکارە، یاسایەکی تەواو و بێ خەوش نییە. ئەم یاسایە لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕۆژدا هاوئاهەنگیی نییە و لە زۆر بابەتدا نارِوونە یان سەبارەت بە هەندێ بابەتی گرینگ وەکوو پێویست پێشبینیی نەکردووە. بۆ نموونە «مەرجەکانی دەرکردنی کرێکار» بە ڕووونی دیاری نەکراوە. ئیدارەی کار و دیوانی عەداڵەتی ئیداری هەوڵیان داوە بە بڕیارەکانی خۆیان ئەم کێشانە چارەسەر بکەن بەڵام لە هەر حاڵدا دۆخی یاسای کار لە بڕێک بابەتدا دەبێتە هۆی ستەم لە ئاست کرێکاردا.

لە درێژەدا دەپەرژێینە سەر پێناسەی گشتی و پاشان لێکدانەوەی وردەکاریی یاسای پێوەندیدار بە کار و مافی کرێکارەوە.

کرێکار دەبێ بزانێ ئەو یاسایانەی بە کەڵکی دێن کامانەن. ئەگەرچی شارەزایی لە هەموو یاساکان ئەستەمە بەڵام لە هەر حاڵدا خوێندنەوەیان دەتوانێ سەرجەم بابەتە یاساییەکانی پێوەندیدار بە کرێکار بۆ بەردەنگ ڕوونتر بکاتەوە.

## کرێکار کێیە؟

«کرێکار» کەسێکە کە لە بەرانبەر هەقدەستدا کار بۆ «خاوەنکار» دەکات. واتە کرێکار کارەکەی بە خاوەنکار دەفرۆشێت و لە بەرانبەردا، ڕۆژانە یان هەفتانە یان مانگانە پوولێک وەردەگرێت. کەواتە هەمیشە پێویست ناکات گرێبەستێک هەبێت بۆ ئەوەی بڵێین پێوەندیی کارکردن بوونی هەیە. وێڕای کار لە بەرانبەر هەقدەستدا، دەم و دەست پێوەندیی کاری دێتە ئاراوە. ئەگەر کەسێک بە کرێکار بناسرێت، یاسای کار دەیگرێتەوە و لە تایبەتمەندییەکانی بەهرەمەند دەبێت. لە بەشەکانی دواتردا زیاتر باسی «گرێبەست» دەکەین بەڵام بە گشتی بوونی «گرێبەستێکی نووسراو» بە قازانجی کرێکارە؛ چونکا ئەگەر لە داهاتوودا لەگەڵ خاوەنکار تووشی کێشە ببێت ساناتر دەتوانێ بە مافی خۆی بگات. بەڵام ئەوەی کە دەوترێ «ئەگەر گرێبەست بە شێوەی نووسراو نەبێت لە ئەگەری دروست بوونی کێشەی کرێکار لەگەڵ خاوەنکاردا دەستی بە هیچ کوێ ناگات» ڕاست نییە.

**لەم ناوەدا هەندێ ڕیزپەڕ هەن. واتە لەوانەیە کەسێک لە بەرانبەر کارکردندا هەقدەست لە خاوەنکار وەر بگرێت بەڵام هەندێ لە ڕێساکانی یاسای کاری بۆ ڕەچاو نەکرێت. ئەم ڕیزپەڕانە بەو هۆکارە لە بەرچاو گیراون کە بەرهەم هێنان زیاتر بکەن یان لە هەندێ کاتدا پێش بە چەوساندنەوە بگرن.**

ئەوەی کە ئەو ڕێکارە سەرکەوتوو بووە یان نا، بابەتێکی دیکەیە. بەڵام کاتێ دەڵێین ئەو کەسانەی کار دەکەن لە برێ بابەتدا هەندێ لە یاساکانی کار نایانگرێتەوە، بە واتای ئەوە نییە کە ئەگەر لە لایەن خاوەنکارەوە مافیان پێشێل بکرێت ئیتر هیچ کارێکیان لە دەست نایەت. ڕیزپەڕەکان ئەمانەن:

1. **ئەو کەسانەی وا لە کارگەی بنەماڵەیی کار دەکەن، کرێکار نایەنە ئەژمار.** ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە کرێکاری کارگەی بنەماڵەیی هیچ مافێکی نییە، بەڵام ئەم کرێکارانە هەندێ لەو ڕێسایانە نایانگرێتەوە کە لە یاسای کاردا هاتووە. لە بەشەکانی دواتردا سەبارەت بە کارگەی بنەماڵەیی زیاتر باس دەکەین بەڵام بە گشتی «کارگەی بنەماڵەیی» بەو کارگەیانە دەڵێن کە تەنیا لە لایەن

خاوەنکار و هاوسەر و خزمانی خوێنی پلە یەک لە جیلی یەکەمی ئەو بەڕێوە دەچێت. خزمانی خوێنیی پلە یەک لە جیلی یەکەم بریتین لە: باوک و دایک و منداڵەکانیان.

٢ **لە بڕێک بابەتدا ئەوکەسانەی لە کارگەی ژێر ١٠ کەسیدا کار دەکەن هەندێ لە یاساکانی کار نایانگرێتەوە.** بەم جۆرە کارگەیانە دەڵێن: «کارگەی بچووک». سەبارەت بەم جۆرە کارگەیانە لە بەشەکانی دواتردا زیاتر باس دەکەین.

٣ **کەسانی ژێر تەمەن ١٥ ساڵان و ئەوکەسانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ١٨ ساڵاندایە ئەگەر ئیزنی کارکردنیان پێ نەدرابێت، کرێکار نایەنە ئەژمار.** سەبارەت بەم بابەتە لە بەشەکانی دواتردا زیاتر باس دەکەین.

٤ **هاووڵاتی بیانی کە ئیجازەی کارکردنیان نییە.**

٥ **ئەوکرێکارانەی وا لە ناوچەی بازرگانیی ئازاددا کار دەکەن بە پێی پەسندکراوێکی حکوومەتەوە دەتوانن لە بازنەی ڕێساکانی یاسای کار بێنە دەرەوە.** واتە لەم بابەتەدا پێکهاتنی خاوەنکار و کرێکار بنەما و پێوەرە، نەک ڕێساکانی یاسای کار. هەڵبەت ئەم پەسندکراوە کە ئێستاکەش بەڕێوە دەچێت پێچەوانەی یاسایە و ئیمکانی ئەوە هەیە لە دیوانی عەداڵەتی ئیداریدا هەڵوەشێتەوە.

## ؟ لایەن حیسابی کرێکار لە کارگەدا کێیە؟

ئەوکەسەی لە بەرانبەر کرێکاردا هەندێ ئەرکی لە ئەستۆدایە «خاوەنکار» دێتە ئەژمار. خاوەنکار کەسێکە کە لە بەرانبەر کاری کرێکاردا هەقدەستی پێ ئەدات. لە هەندێ کارگەدا، خاوەنکار لە لایەن خۆیەوە نوێنەر دیاری دەکات. بۆ نموونە سەرکرێکار یان سەرپەرشتی کارگە. بە تایبەت لە کارگە گەورەکاندا بابەتی لەوچەشنە زۆر باوە و خاوەنکاریش مافی ئەوەی هەیە کاروباری کارگە بسپێرێتە نوێنەری خۆی. دەبێ ئەوەمان لە بیر بێت کە لایەن حیسابی کرێکار، خاوەنکارە نەک نوێنەرەکەی.

**نموونە** ئەگەر نوێنەری خاوەنکار سەبارەت بە کرێکارێک بەڵێنێکی نایاسایی بدات، خاوەنکار ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات و بڵێ پێوەندیی بە

منەوە نییە. وای دابنێین کرێکارێک لە قاڵب سازییەکدا ئەرکی کارکردنی بە دەزگای پرێسی لە ئەستۆیە بەڵام نوێنەری خاوەنکار کاری خاوێنکردنەوەی پێ دەکات. چونکا «گۆڕینی دۆخی کاریی کرێکار قەدەغەنە» ئەگەر کرێکار نارەزایەتی دەربڕێت خاوەنکار ناتوانێ بڵێ: «ئەوە بەڵێنی من نەبووە و پێوەندیی بە منەوە نییە.» یان ئەگەر کارگە بێ مەترسی نەبێت و زیانێک بە کرێکار بگات، خاوەنکار ناتوانێ بڵێ:«من قەرەبووی زیانەکە ناکەمەوە و دەبێ سەرپەرشتی کارگە بۆت قەرەبوو بکاتەوە، چونکا دەبێ خاوەنکار کارگە بکاتە شوێنێکی بێ مەترسی.»

هەر وەها ئەگەر مافی کرێکارێک لە کارگەیەک پێشێل بکرێت و کرێکارەکە سکاڵا تۆمار بکات، خاوەنکار دەبێتە لایەنی سکاڵاکە نەک نوێنەرەکەی؛ تەنانەت ئەگەر نوێنەرەکەش تووشی سەرپێچی بووبێت. هەڵبەت ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە کرێکار لە فەرمان و بەڵێنە یاساییەکانی نوێنەری خاوەنکار سەرپێچی بکات، بەڵکوو بە واتای ئەوەیە کە نوێنەر هەر کارێک بکات بەرپرسیارەتییەکەی لە ئەستۆی خاوەنکارە. بە گشتی لایەن حیسابی کرێکار هەمیشە خاوەنکارە، جا لەوانەیە خاوەنکار شەریکەیەک بێت یان کەسێک بێت.

**تێبینی** : هەندێ جار لەوانەیە خاوەنکار بەڕێوەبەرایەتیی کارەکە بە کەسێکی دیکە بسپێرێت. وەزارەتخانەکان و شارەوانییەکان زیاتر کاری وا دەکەن و کارە نائیدارییەکانیان دەسپێرن بە شەریکە ئەهلییەکان یان ئەو کەسانەی کە کارمەندی خۆیان نین. بۆ نموونە شارەوانییەکان ئاوداشتنی باخچەی گشتی و سەوزەڵانییەکان دەسپێرنە شەریکە ئەهلییەکان و خۆیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئەنجامی نادەن. یان بۆ وێنە وەزارەتخانەکان نۆژەن کردنەوەی بیناکانیان دەسپێرنە شەریکەیەکی ئەهلی. بەم کارە دەڵێن: «پەیمانکاری».

لەم حاڵەتەشدا ئەو کەسەی بۆ شەریکەی ئەهلی کار دەکات یاسای کار دەیگرێتەوە بەڵام وەکوو کارمەندی ئەو وەزارەتخانە یان ئەو شارەوانییە نایەتە ئەژمار. ئەگەر خاوەنی سەرەکیی کار کەسێکی جیا لە خاوەنکار بێت، لەوانەیە سەبارەت بە بەرپرسیارەتی کارەکە هەندێ کێشە بێتە ئاراوە و ڕوون نەبێت کە

بەرپرسی داخوازییەکانی کرێکار، پەیمانکارە یان خاوەنکاری سەرەکی. یاسا ئەمەی ڕوون کردۆتەوە کە ئەگەر خاوەنکاری سەرەکی کارێک دەدات بە پەیمانکار، دەبێ بە جۆرێک لەگەڵ پەیمانکاردا گرێبەست ببەستێ کە هەموو ڕێساکانی یاسای کار بۆ کرێکار ڕەچاو بکرێت. واتە ئەگەر خاوەنکاری سەرەکی ڕێ و شوێنی پێویست ڕەچاو نەکات بۆ ئەوەی پەیمانکار مافی کرێکارەکان لە بەرچاو بگرێت، خۆیشی بەرپرسیارە.

**نموونە** خاوەنکاری سەرەکی بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە هەقدەستی کرێکارەکان دەدرێت، دەتوانێ گرەنتی لە پەیمانکار وەربگرێت یان ئەوەی کە پێش یەکلاکردنەوەی حەساو لەگەڵ پەیمانکاردا دڵنیا بێت لەوەی کە هەقدەست و داخوازیی کرێکارەکانی داوە. ئەگەر خاوەنکار ئەم هەنگاوانە هەڵنەگرێت بەرپرسیارە و کرێکارەکانی پەیمانکار بۆیان هەیە بۆ وەرگرتنی مافەکانیان بچنە لای ئەو. بە کورتی، کاتێ کرێکار کار بۆ پەیمانکار دەکات، لایەن حەساوی پەیمانکارە؛ مەگەر ئەوەی کە خاوەنکار هەندێ لەو بابەتانە ڕەچاو نەکات وا باسمان کردن، کە لە حاڵەتی وادا لایەن حەساوی کرێکار بۆ وەرگرتنی مافەکانی هەم پەیمانکارە و هەم خاوەنکار.

## کارگر در قبال کارفرما چه وظایفی دارد؟

کرێکارێک کە لە کارگەیەکدا دادەمەزرێت لە سەریەتی لە بەرانبەر خاوەنکاردا هەندێ هەنگاو هەڵبگرێت. لەوانەیە کرێکار و خاوەنکار بە شێوازی نووسراو یان زارەکی سەبارەت بە ئەرکەکانی کرێکار پێک بێن و کرێکار دەبێ بە پێی پێکهاتنەکە کار بکات. هەندێ بڕیار و پابەندبوونیش هەن کە ئەگەر پێشتر سەبارەت بەوانە پێک هاتبن یان پێک نەهاتبن، کرێکار دەبێ جێبەجێیان بکات. ئەو بڕیار و پابەندبوونانە ئەمانەن:

**١ ڕاپەڕاندنی کەسێتی کار:** کرێکار دەبێ خۆی کارەکەی ئەنجام بدات. واتە ناتوانێ بە جێگای خۆی کەسێکی دیکە بنێرێ بۆ کارکردن.

**٢ وردبوونـەوە لە جێبەجێ کردنی کاردا:** کرێکار دەبێ سـەرنجی پێویست بخاتە سەر کارەکە. هەر کارێک دامودەستوورێکی هەیە کە چۆن ئەنجام بدرێت. کرێکار دەبێ بە پێی دامودەستووری ئەو کارە، بە سەرنجی تەواوەوە ئەرکی خۆی بە جێ بێنێ. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە کارگەیەکی بەرگدروون‌دا کار دەکات نابێ بڵێ: «من تازەکارم بۆیە جلەکانم بە دروستی نەبڕیوە!» لەم حاڵەتەدا لە ئاست خاوەنکاردا بەرپرسیارە. کرێکار لە ئەگەری ورد نەبوونەوە لە کارەکەدا و ڕەچاو نەکردنی باش بەڕێوەچوونی کارەکە و هەر جۆرە زیان گەیاندنێک وەکوو تاوانکار دەناسرێت و لە ئاست خاوەنکاردا بەرپرسیارە. لە یاسادا هاتووە کە کەمتەرخەمی کرێکار لە ئاست ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە یەکێک لەو بابەتانەیە کە خاوەنکار دەتوانێ کرێکار دەربکات.

**٣ دەسـت پاکی:** کرێکار دەبێ بە نیسبەت ئەو شتانەی بۆ ڕاپەڕاندنی کار لە ئیختیاریدا دادەنێن، دەستپاک بێت. بۆ نموونە شۆفێرێک کە بەرپرسی شت کڕینە و خاوەنکار بۆ ئەم مەبەستە ماشێنێکی پێ سپاردووە، نابێ بۆ کاری کەسێتیی خۆی کەڵکی لێ وەرگرێت.

**٤ ئەنجامدانـی فەرمانەکانـی خاوەنـکار:** کرێکار دەبێ فەرمانەکانی خاوەنکار یان نوێنەرەکانی ئەو لە کارگەدا (وەکوو بەرپرسی کارگە) جێبەجێ بکات؛ هەڵبەت فەرمانە یاساییەکان. بۆ وێنە ئەگەر خاوەنکار یان نوێنەرەکەی بە کرێکار بڵێ «لە جیاتی مانگێک مەرەخەسی لە ساڵدا، ١٥ ڕۆژ مەرەخەسی بگرە!» کرێکار لێرەدا ناچار بە پابەندبوون نییە، یان بۆ وێنە ئەگەر خاوەنکار بە کرێکار بڵێ: «بڕۆ ئەو شتانە بۆ ماڵی ئێمە بکڕە، [یان بۆ نموونە] ماشێنەکەم بۆ بشۆرە!» ئەم جۆرە کارانە ئەرکی سەر شانی کرێکار نییە. بابەتێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە لەوانەیە خاوەنکار داوای ئەنجامدانی کارێک لە کرێکار بکات کە لە باری یاساییەوە تاوانە.

**نموونە** ڕووداوێـک لە کارگەدا ڕوو دەدات و یەکێک لە هاوکارەکان ئازاری پێـدەگات و خاوەنکار داوای لێ دەکات لە دادگا یان لە دایەرە بە درۆ شـایەتی بدات و بڵێ لەو کاتەدا خەوم هاتووە بۆیە تووشـی ئەو ڕووداوە بووم. کرێکار نابـێ بە هیچ جۆرێـک ئـەم داخوازییەی خاوەنـکار قەبووڵ بـکات، ئەگەر قەبووڵی بکات بەرپرسـیارەتییەکەی لە ئەستۆی خۆیەتی و دواتر ناتوانی بڵێ خاوەنکار داوای لێکردم بە درۆ شایەتی بدەم.

**٥ ڕەچاوکردنی ڕێسای دیسیپلینی کارگە:** «ڕێسای دیسیپلین» کۆمەڵە ڕێسایەکە کە لە چوارچێوەی یاسای کار و ڕێسای کارگەکان، گونجاو لەگەڵ بارودۆخی کارگە لە لایەن خاوەنکارەوە پەسند کراوە و پاش پەسندکردنی لە لایەن ئیدارەی کاری ناوچە، لە لایەن «کومیتەی دیسیپلینی کار»ەوە جێبەجێ دەکرێت. کرێکار دەبێ بابەتەکانی ئەم ڕێسایە ڕەچاو بکات و ئەگەر ڕەچاوی نەکات دەرەنجامی خراپی بۆی دەبێت کە تەنانەت هەندێ جار دەبێتە هۆی دەرکردنی کرێکار.

## ئەرکەکانی خاوەنکار لە ئاست کرێکاردا چین؟

**١. ڕەچاوکردنی مەرجەکانی کار:** خاوەنکار دەبێ ئەو مەرجانەی لە گرێبەست یان پێکهاتنی زارەکیدا هاتۆتە ئاراوە لە بەر چاوی بگرێت و نەریتی کار و کارگە ڕەچاو بکات. بۆ نموونە ئەگەر پێک هاتوون لە سەر ئەوەی کرێکار لە پۆستێکی تایبەتدا کار بکات، لە پۆستێکی خوارتردا دای نەنێن. یان بۆ وێنە ئەو زێدەکارییەی کرێکار پێی ڕازی نییە بە سەریا دای نەسەپێنن.

**٢. دانی هەقدەست:** گرینگترین ئەرکی خاوەنکار ئەوەیە کە بە پێی گرێبەستی نێوانیان هەقدەستی کرێکار بدات. ئەو بڕە پارەیە نابێ لە هەقدەستی دیاریکراو کەمتر بێت و دەبێ کاتی خۆی دیاری بکرێت.

**٣. دانی هەقدەستی ساڵانە:** ئەگەر بە هەر هۆکارێک پێوەندیی کارکۆتایی پێ بێت، خاوەنکار دەبێ بڕە پارەیەک وەکوو سەرمووچەی کۆتایی کار یان هەمان «هەقدەستی ساڵانە» بداتە کرێکار. سەبارەت بە هەقدەستی ساڵانە لە بەشەکانی دواتردا باس دەکەین.

**٤. دانی داخوازیی دواکەوتووی کرێکار لە کۆتایی کاردا:** ئەگەر لە درێژەی ڕەوتی کاردا بەشێک لە هەقدەستی کرێکار نەدرابێ، خاوەنکار دەبێ لە کۆتایی کارەکەدا بیداتە کرێکار. بۆ نموونە لەوانەیە کرێکار شەوکاریی هەبووبێت بەڵام خاوەنکار هەقدەستی شەوکارییەکەی پێ نەدابێت. ئەم هەقدەستانە دەبێ لە کۆتایی کارەکەدا حەساو بکرێن و بدرێنە کرێکار.

**تێبینی١:** ئەگەر کرێکارێک کۆچی دوایی بکات، دەبێ هەقدەستی دواکەوتووی بدرێتە میراتبەری یاسایی ئەو. واتە خاوەنکار نابێ بڵێ چونکا کرێکار کۆچی دوایی کردووە ئیتر لە سەری نییە هەقدەستی دواکەوتووی ئەو بدات.

**تێبینی٢:** مطالبات داخوازییەکانی کرێکار لە خاوەنکار گرینگترە لە داخوازیی خەڵکانی تر و لە سەرووی داخوازیی ئەوانەوەیە. بۆ نموونە ئەگەر خاوەنکار کاڵایەکی لە کەسێک کڕیبێ و لە بەرانبەریدا چەکی دابێت بەڵام چەکەکەی بۆ پاس نەکرێت و قەرزدار ببێت و لە لایەکی دیکەشەوە هەقدەستی کرێکارەکەی نەدابێت و هەردووکیان سکاڵا بەرنە دادگا، داخوازییەکانی کرێکارەکە لە سەرترە. وای دانێین خاوەنکارێک دارایی نەختینە و نانەختینەی یەک ملیار تمەنە. ٨٠٠ ملوێن تمەن قەرزداری ئەو کەسەیە وا چەکی پێی داوە و ٥٠٠ ملوێن تمەنیش قەرزداری کرێکارەکانیەتی. چونکا یەک ملیار تمەنەکە بەشی هەر دوو لا ناکات، دادگا بڕیار دەدات کە سەرەتا ٥٠٠ ملوێنی کرێکارەکان بدرێت و پاشان قەرزی خاوەن چەک بدرێت. بە زمانێکی سادە:داخوازیی کرێکار لە سەرووی داخوازییەکانی دیکەوەیە.

**٥. بیمەی کرێکار:** خاوەنکار دەبێ ئەو کرێکارانەی وا کاری بۆ دەکەن بیمەیان بکات. تەنانەت ئەو کرێکارەش وا تەنیا بۆ ماوەی ڕۆژێک دا دەمەزرێت. سەبارەت بەم بابەتەش لە بەشەکانی دواتردا زیاتر باس دەکەین.

**٦. پێدانی شەهادەی ئەنجامی کار:** خاوەنکار لە سەریەتی پاش کۆتایی هاتنی گرێبەستی کار، بە پێی داخوازی کرێکار بە نووسینی کاتی دەسپێک و کۆتایی و جۆری کاری ئەنجامدراو «شەهادەی ئەنجامی کار» ڕادەستی کرێکار بکات.

**٧. دابینکردنی هێمنایەتی کارگا:** خاوەنکار دەبێ ڕێساکانی هێمنایەتی و پاراستنی کارگەکان ڕەچاو بکات. واتە دەبێ هەم شوێنی کارگە و هەمیش مەکینەواڵەکان بێ مەترسی بکات و ئەو کەرەستانەی لە کاتی کارکردندا بۆ پاراستنی کرێکار پێویستن دابینیان بکات. ئەگەر ئەم هەنگاوانە هەڵ نەگرێت سزا دەدرێت و ئەگەر کرێکارێک بەم هۆکارانە ئازار ببینێت، جیا لەوەی خاوەنکار زیندان یان جەریمە دەکرێت، دەبێ ئەو خەسارە مادییەش بدات کە کرێکار وێی کەوتووە.

**سەبارەت بەم بابەتەش لە بەشەکانی دواتردا زیاتر باس دەکەین.**

## کرێکار دەبێ لە کوێدا کار بکات؟ کارگە چییە؟

کرێکار دەبێ لە «کارگە»دا کار بکات. کارگە شوێنێکە کە کرێکار بە داخوازی خاوەنکار کاری تێدا دەکات. واتە خاوەنکار شوێنی کارکردن دیاری دەکات. کاتێ کرێکار کارەکەی دەس پێدەکات لە گرێبەستی فەرمی یان زارەکیدا، ئەوە قەبووڵ دەکات کە لە شوێنێکی دیاریکراودا کار بکات. کرێکار لە سەریەتی لەو شوێنەدا کار بکات. بۆ وێنە خاوەنکارێک دوو کارگەی بەرگدروونی هەیە و پێک دێن کرێکار لە یەکێکیاندا کار بکات. ئیتر کرێکار دواتر بۆی نییە بڵێ «من دەمەوێ لە کارگەکەی دیکەیاندا کار بکەم» ئەم یاسایە خاوەنکاریش دەگرێتەوە و ناتوانێ بە پێچەوانەی گرێبەست کرێکار ناچار بکات لە کارگەیەکی دیکەدا کار بکات.

گۆڕینی شوێنی کارگە بە بێ ئەوەی لەگەڵ کرێکار قەولوبڕیان کردبێ یان بە بێ ئەوەی لە گرێبەستدا هاتبێ قەدەغەنە. واتە بۆ نموونە خاوەنکار ناتوانێ بە کرێکارێک کە لە تاران دەستی بە کارکردن کردووە بڵێ: «لەمە بە دوا دەبێ لە کارگەکەی کەرەجم کار بکەیت!» ئەگەر خاوەنکار داوای گۆڕینی شوێنی کار بکات بەڵام کرێکار ڕازی نەبێت، خاوەنکار دەبێ ڕەزامەندیی ئیدارەی کار وەربگرێت. ئەگەر ئیدارەی کار داخوازییەکەی خاوەنکار قەبووڵ بکات کرێکار دەتوانێ بۆ نارەزایەتی دەربڕین پەنا بەرێتە بەر «لێژنەی دیاریکردن».

**تێبینی!**: ئەو شوێنانەی پاشکۆی کارگەن و هەموو ئەو شوێنانەی بە جۆرێک پێوەندییان بە چالاکی کردن لە کارگەدا هەیە بەشێک لە کارگە دێنە ئەژمار. وەکوو: باخچەی ساوایان، حەمام، بنکەی تەندروستی، سرویسی هاتوچۆ، یاریگە، پۆلە پەروەردەییەکان، چێشتخانەکان، مزگەوتەکان، ئەنجومەنی ئیسلامی و شووورای ئیسلامیی کار. ئەم بابەتە لەو لایەنەوە گرینگە کە خاوەنکار دەبێ لەم شوێنانەشدا هێمنایەتی ڕەچاو بکات. هەر وەها ئەگەر کرێکار لەم شوێنانەدا پێشهاتێکی لێ ڕوو بدات، ڕووداوی کاری دێتە ئەژمار و کرێکار مافی ئەوەی هەیە لەو سەرمووچە کەڵک وەر بگرێت وا بۆ ڕووداو لە کارگەدا لە بەرچاو گیراوە.

**تێبینی ٢:** لەوانەیـە ئەو کارگەی کرێکار کاری تێدا دەکات بسـپێردرێتە کەسـێکی دیکە. بۆ نموونە خاوەنکار کارگاکەی بفرۆشێت، یان کۆچی دوایی بـکات و کارگەکەی بگاتە میراتبەرەکانی. یان لەوانەیە دوو شـیرکەت تێکەڵ ببـن و ببنە یەک شـیرکەت. لـەم کاتانەدا تەنیـا خاوەنکارێکی نـوێ دەبێتە جێگـرەوەی خاوەنکاری پێشـوو و هیچ گۆڕانکارییەک لـە دۆخی کرێکارەکانا نایەتـە ئاراوە. بـۆ وێنە خاوەنـکاری نوێ بۆی نییـە پلە و پایـەی کرێکارەکان بگۆڕێـت. وای دانێین لە کارگەیەکی بەسـتەبەندیی کەرەسـتەی خۆراکیدا کار دەکەیت، کارەکەشـتان بـە مەکینە جێبەجێ دەکرێـت، خوەنکاری نوێ ناتوانـێ بڵـێ: «من وای بە سـەلاح دەزانم کە شـتە بەسـتەبەندی کراوەکان باری کامیۆن بکەیت.» هەر وەها خاوەنکاری نوێ بەرپرسـیاری هەقدەسـتە دواکەوتووەکانی پێشوویشـە و کرێکار دەتوانێ هەقدەستە دواکەوتووەکانی لە خاوەنـکاری نوێ داوا بکات. بـۆ نموونە ئەگەر جەژنانەتـان وەرنەگرتبێ و خاوەنـکار بەڵێنی دابێ لە مانگی خەرمانانـدا جەژنانەکەتان پێ بدات بەڵام لە مانگی پووشپەڕدا کارگەکەی دەفرۆشـێت بە کەسێکی دیکە. خاوەنکاری نوێ ناتوانێ بلێ: «هیچ پێوەندییەکی بە منەوە نییە و برۆن و جەژنانەی ساڵی پێشـووتان لە خاوەنـکاری نوێ وەربگـرن!» بەڵکوو دەبێ خۆی هەقدەسـتی کرێـکارەکان بدات. بە وتەیەکی دیکـە، خاوەنکاری نوێ هەمـوو ئەرکەکانی خاوەنکاری پێشووی لە سەر شانە.

**تێبینی ٣:** بـە دڵنیاییەوە لـە هـەر کارگەیەکدا پلـە و پۆسـتی جیاواز هەیە. کاتێ کرێکارێک دادەمەزرێت دەبێ لەگەڵیا پێک بێن لە کامە بەشـدا کار بکات. بۆ وێنە ئەگەر لە بەشـی ئیداریـدا کاری پێ بدرێت ئیتر بۆیان نییە بینێرنە بەشـی بەرهەم هێنان یان ڕاگواسـتنی بار. بە پێی یاسای کار، گۆڕینی شـوێنی کار بە بێ ڕەزامەندی کرێـکار قەدەغەیە. ئەگەر لەم بابەتەدا ناکۆکی بێتە ئاراوە ئیدارەی کار بەڵێن ئەدات.

## کارگە بنەماڵەییەکان و کارگە بچووکەکان

**«کارگەی بنەماڵەیی»** بە کارگەیەک دەڵێن کە لەودا تەنیا خاوەنکار و کەسانێکی وەکوو هاوسەر و باوک و دایک و منداڵەکانی خاوەنکار ئیش دەکەن. بەم پێیە کارگەی

بنەماڵەیی کارگەیەکە کە کرێکارەکانی پێوەندی خزمایەتیی نزیکیان(باوک، دایک، منداڵ و هاوسەر) هەبێت. پاشان کارەکە تەنیا لە لایەن خاوەنکار و ئەو کەسە نزیکانەوە جێبەجێ بکرێت و بێجگە لە خۆیان کەسیکی دیکە لەو کارگەیەدا کار نەکات، کەوابوو ئەگەر بێجگە لەو کەسانەی باسمان کرد، کەسێکی دیکە (تەنانەت نەوەی خاوەنکار یان خوشک و براکەی) لەو کارگەیەدا کار بکەن ئیتر کارگەیەکی بنەماڵەیی نایەتە ئەژمار.

کارگە بنەماڵەییەکان هەندێ ڕێسای قانوونی کار کە ڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێکراوە نایانگرێتەوە بەڵام ئەگەر ئاماژەی پێ نەکرابێت ڕێساکان دەیانگرێتەوە. بۆ وێنە بیمەی بێکاری کرێکارانی ئەم کارگەیانە ناگرێتەوە بەڵام دەبێ پێودانە فەنی و تەندروستییەکان ڕەچاو بکەن. هەندێ جار، بە هۆی ئەوەی ئەم کارگەیانە ناچنە چوارچێوەی هەندێ یاساوە دەبێتە هۆی کەڵکی نارەوا وەرگرتن. بۆ نموونە چوونی پشکێنەرانی کار بۆ ئەم کارگەیانە قەدەغەیە، مەگەر ئەوەی دادستینی ناوچەکە ئیجازەی نووسراوی دەرکردبێ. ئەم سنووردارییە دەتوانێ ببێتە هۆی کەڵکوەرگرتنی نارەوا لەم کارگەیانەدا. بۆ وێنە کارکردن بە منداڵانی خوار تەمەن ۱۵ساڵان یان ڕەچاونەکردنی پێودانە فەنی و تەندروستییەکانی شوێنی کار و هتد.

**کارگە بچووکەکان** ئەو کارگەیانەن کە کەمتر لە ۱۰ کەس کاری تێدا دەکەن. لە بڕێک حاڵەتدا، ئەو کرێکارانەی لەم کارگەیانەدا کار دەکەن یاسای کار نایانگرێتەوە. بە گوێرەی یاسا، دەکرێ بە پێی مەسڵەحەت، بە شێوەی کاتی کارگەکانی ژێر ۱۰ کەس لە هەندێ ڕێسا مەعاف بکرێن. دیاریکردنی مەسڵەحەت و بابەتە دەرهاویشتەکان بە پێی ڕێسایەک دەبێت کە بە پێشنیاری «شوورای باڵای کار» لە لایەن کابینەی دەوڵەتەوە پەسند دەکرێت. کابینەی دەوڵەت لە دانیشتنی ڕێکەوتی ۲۹|۱۰|۱۳۸۱بە پێی پێشنیاری شوورای باڵای کار، ڕێسای لێبوردنی کارگە بچووکەکانی کەمتر لە ۱۰ کرێکار لە هەندێ ڕێسای یاسای کاری لە سێ مادە و یەک تێبینیدا پەسند کرد و بابەتە ئاوارتە و بەرلێبوردن کەوتنەکانی ئەم کارگەیانەی دیاری کردووە.

## گرێبەستی کار

گرێبەستی کار واتە ئەو پێکهاتنەی کە دەری دەخات کرێکار لە بەرانبەر وەرگرتنی هەقدەستدا کار بۆ خاوەنکار دەکات. دەکرێ گرێبەست زارەکی یان بە شێوەی نووسراو بێت. بەڵام باش وایە گرێبەست بە شێوەی نووسراو بێت چونکا لە ئەگەری ناکۆکی نێوان کرێکار و خاوەنکاردا، بوونی گرێبەستی کار کەڵکی دەبێت. بۆ نموونە وای دانێن کە کرێکار و خاوەنکار پێکدێن لە سەر ئەوەی مووچەی کرێکار مانگی ١٢ ملوێن تمەن بێت، لە کاتێکا لانیکەمی هەقدەست ٧ ملوێن تمەنە. ئەگەر خاوەنکار سەری مانگ تەنیا ٧ ملوێن مووچە بداتە کرێکار و بابەتەکە بگاتە ئیدارەی کار، دەبێ کرێکار بیسەلمێنێ کە لە سەر ١٢ ملوێن پێک هاتوون. بۆ سەلماندن ڕێگای زۆر هەن بەڵام باشترینیان گرێبەستی نووسراوە.

یان وای دانێن خاوەنکار دوو کارگەی لە دوو شوێنی شاردا هەیە و لە دەسپێکی کاردا پێکدێن کرێکار لە کارگەی ژمارە یەکدا کار بکات، بەڵام پاش چەند مانگ خاوەنکار بە کرێکار دەڵێ: دەبێ لەمە بەدوا لە کارگەی ژمارە دوو کار بکات. ئەگەر گرێبەستی نووسراو لە نێوانیاندا هەبێت کرێکار دەتوانێ بە خاوەنکار بڵێ ناتوانی ئەو کارەم بە سەردا بسەپێنی و ئەگەر خاوەنکار دەری بکات، بە ئاسانی دەتوانێ لە ئیدارەی کارەوە «بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر کار» وەربگرێت. بە گشتی هەوڵ بدەن لەگەڵ خاوەنکاردا گرێبەستی نووسراو ببەستن. گرێبەستی پێوەندیدار بە یاسای کارەوە، دەبێ لە فۆڕمێکی تایبەتدا بنووسرێت کە لە لایەن وەزارەتی کار و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکاندا ئامادە کراوە و دەدرێتە هەر دوو لایەن.

نموونەی گرێبەستەکان بە ئاسانی لە ئینتەرنێتدا پەیدا دەبێت. ئەگەر گرێبەستی نووسراو جێبەجێ نەبوو، لانیکەم گرێبەستی زارەکی بە ئامادەبوونی چەند کەس بێتە ئەنجام کە دواتر لە ئەگەری ناکۆکیی نێوانیاندا وەکوو شایەتحاڵ کەڵکیان لێ وەربگیردرێت.

## لە گرێبەستدا ئەم بابەتانە ڕەچاو بکەن:

- **بڕی هەقدەست و سەرمووچە و شێوازی پێدانی** (سەرمووچە وەکوو بڕی هەقی منداڵ و هەقی خانوو)
- **سەعاتی کارکردن، پشووەکان و مەرەخەسییەکان**
- **شوێنی کار**
- **جۆری کار و ئەو ئەرکەی کرێکار دەبێ لە کارگەدا بە جێی بێنێ**
- **ماوەی گرێبەست لە گرێبەستی کاتیدا**
- **ڕێکەوتی بەستنی گرێبەست**
- **مەرجەکان و چەشنەکانی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست لە بابەتێکدا کە ماوەکەی دیاری نەکرابێ**
- **ئەگەر بۆ باش بەڕێوەچوونی کارەکە، سفتە یان چەک بدرێتە خاوەنکار، لە گرێبەستدا ئاماژەی پێ بکرێت**

گرێبەستی نووسراو دەبێ لە چوار بەرگدا بنووسرێت. بەرگێکیان بۆ خاوەنکار و بەرگێکی بۆ کرێکار و بەرگێکیان بۆ ئیدارەی کار و بەرگێکیشیان دەدرێتە شوورای ئیسلامیی کار و ئەو کارگەیانەی شوورایان نەبێ دەدرێتە نوێنەر.

## جۆرەکانی گرێبەست

گرێبەستی کار بە سەرنجدان بە جۆری گرێبەستەکە لەوانەیە بە شێوازی کاتی (بۆ ماوەیەکی دیاریکراو) ببەسرێت یان هەمیشەیی بێت. گرێبەستی کاری هەمیشەیی تایبەت بەو کارانەیە کە بوونی هەمیشەییان هەیە، وەکوو نانەواخانە یان خەیاتی. زۆربەی کارەکان بوونی هەمیشەییان هەیە. کاری کاتی وەکوو میوەچنینەوە یان کاری مەزرا.

کاری هەمیشەیی، دەسپێکەکەی دیارە بەڵام ڕێکەوتی کۆتاییەکەی نادیارە. بەڵام لە کاری کاتیدا، ڕێکەوتی دەسپێک و کۆتایی بە پێی ڕێکەوتنی کرێکار و خاوەنکار دیاری دەکرێت.

جۆرێکی دیکەش گرێبەستمان هەیە کە پێی دەڵێن: «گرێبەستی دیاریکراو». بۆ وێنە کەسێک بنمیچی خانووەکەی بە هۆی باران بارینەوە خراپ بووە، کرێکارێک دەگرێت بۆی نۆژەن بکاتەوە. ئیتر دوای نۆژەن کردنەوەی بنمیچەکە کارەکەش کۆتایی دێت. هەڵبەت لە گرێبەستی کاری دیاریکراودا دەکرێ لە گرێبەستەکەدا کاتیش دیاری بکرێت. بۆ نموونە رێ بکەون لە سەر ئەوەی کە بنمیچی خانووەکە لە ماوەی دوو رۆژدا نۆژەن بکرێتەوە. لە هەر حاڵدا ئەم باسە لە زۆر لایەنەوە گرینگە. شایانی باسە کە بە پێی پەسندکراوەی کابینەی دەوڵەت لە ساڵی ١٣٩٨دا سەبارەت بە لانی زۆری ماوەی گرێبەستی کاتی هاتووە کە ئەگەر کرێکارێک بێ پسانەوە لە کارێکدا کە نابەردەوامە بە ماوەی چوار ساڵ کاری کردبێت، خاوەنکار دەبێ تا کۆتایی پرۆژە گرێبەستەکە درێژ بکاتەوە. بەم شێوازە ئیتر خاوەنکار ناتوانێ ئیدعای ئەوە بکات کە چونکا ماوەی گرێبەستەکە کۆتایی پێ هاتووە کاری پێ نادات. بۆ نموونە: لەوانەیە شەریکەیەک بۆ چێکردنی سەدێک یان بینایەک لەگەڵ هەندێ کرێکاردا گرێبەستی کاتیی بەستبێ بەڵام لە دەسپێکی کارەکە چوار ساڵ تێپەڕیبێ و پرۆژەکە هێشتا تەواو نەبوونێت. بە هۆی ئەوەی چێکردنی سەد یان بینا کارێکی نابەردەوامە و چونکا پاش چوار ساڵ تەواو نەبووە، کرێکار بۆی هەیە تا کۆتایی پرۆژەکە لەو کارەدا وەمێنێ ئەگەرچی ماوەی گرێبەستەکەشی تەواو بووبێت.

**نموونە** بۆ نموونە ئەگەر لە گرێبەستی کارەکەدا دیاری نەکرانێت کە کارەکە کاتییە یان هەمیشەیی و ئەگەر هەقیقەتی کارەکە هەمیشەیی بێت. خاوەنکار ناتوانێ بڵێ «من بە مراز بووم کرێکار ساڵێک کار بکات و هەموو ساڵێک گرێبەستەکەی درێژ بکەمەوە.» یان ئەگەر گرێبەستی کار بۆ ماوەیەکی کاتی یان بۆ کارێکی دیاریکراو بەسترابێ، هیچکام لە لایەنەکان (واتە کرێکار و خاوەنکار) یەک لایەنی بۆیان نییە گرێبەستەکە هەڵبوەشێننەوە. ئەگەر لە گرێبەستی کاردا ماوەیەک دیاری نەکرابێت و لایەنەکانیش لە دانوستانی زارەکیدا سەبارەت بەم بابەتە قەولوبڕیان نەکردبێ، گرێبەستەکە هەمیشەیی دێتە ئەژمار و خاوەنکار ناتوانێ بڵێ گرێبەست کاتی بووە و کرێکار دەربکات.

**تێبینی:** ئەو مەرجانەی لە گرێبەستی کاردا لە بەرچاو دەگیردرێ نابێ لەگەڵ ڕێساکانی یاسای کاردا ناتەبا بێت. بۆ وێنە ناکرێ لە گرێبەستی کاردا مەرجی وا هەبێت کە مووچەی کرێکار کەمتر لە هەقدەستی ساڵانە بێت، یان بۆ وێنە بیمە نەکرێت یان مافی مەرەخەسیی نەبێت. تەنانەت ئەگەر کرێکار خۆیشی ئەمانەی قەبووڵ کردبێت، دیسانەکە بایەخ و ئیحتوباری نییە. واتە ئەگەر کرێکار خۆیشی قەبووڵی بکات کە مانگی ٥ ملوێن تمەن مووچە وەرگرێت و بیمەش نەکرێت، خاوەنکار بۆی نییە بڵێ کرێکار خۆی قەبووڵی کردووە و پێوەندیی بە کەسەوە نییە. ئەو کرێکارە دەتوانێ پەنا بەرێتە بەر ئیدارەی کار و بڵێت مووچەکەی لە لانیکەمی مووچە کەمترە و بیمەیش نەکراوە. داوا بکات خاوەنکار مووچەکەی بدات و بیمەشی بکات. واتە ڕەچاوکردنی هەندێ ڕێسا پێویستە و پێکهاتنی پێچەوانەی ئەم بابەتانە بایەخێکی نییە. ئەم بابەتانە پێیان دەڵێن: «دەستووری فەرماندەر» (یان پابەند هێنەری) یاسای کار. بەڵام لەو بابەتانەدا کە ڕەچاوکردنی ئەم ڕێسایانە پێویست نییە، پێکهاتنی پێچەوانەی ئەوە کێشەیەکی نییە. بۆ وێنە ئەگەر کرێکار و خاوەنکار پێک بێن لە سەر ئەوەی کە لە جیاتی ڕۆژانی هەینی، ڕۆژانی دووشەممە پشوو بێت جێی متمانەیە و کێشەیەکی نییە.

## بیمە و دابینکاری کۆمەڵایەتی
(تەئمین ئیجتماعی)

بە پێی یاسا، خاوەنکار لە سەریەتی لەگەڵ ئەوەی کرێکار دەستی بە کارەکەی کرد لە «ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی»دا بیمەی بکات. هیچ جیاوازییەکیش لەوەدا نییە کارەکە هەمیشەیی یان کاتی یان کاری دیاریکراو بێت. خاوەنکار ئەگەر تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش کرێکار بگرێت، دەبێ بیمەی بکات. بیمەکردن واتە ئەوەی کە خاوەنکار نێوی کرێکار دەنێرێ بۆ ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی و مانگانە بڕە پارەیەک دەڕژێنێتە حیسابی ئەم ڕێکخراوە و لە بەرانبەردا کرێکار دەبێتە بیمەی دابینکاری کۆمەڵایەتی.

بیمەکردنی کرێکار پێویستە و ڕێکەوتنی پێچەوانەی ئەوە بێ بایەخە. واتە لەوانەیە خاوەنکار لە کاتی دامەزراندنی کرێکاردا ئەو مەرجە دابنێ کە بیمەی نەکات، یان بە

کرێکار بڵێ: «هەقی بیمەکە دەدەم بە خۆت، هەر جۆرێک کەڵکی لێ وەردەگری کەیفی خۆتە!» تەنانەت ئەگەر کرێکار ئەم مەرجانەش قەبووڵ بکات، هیچ بایەخێکی نییە و دیسان خاوەنکار لە سەریەتی کرێکارەکەی بیمە بکات. ئەگەر خاوەنکار ئەم کارە نەکات سەرەتا: دەبێ هەقی بیمەی هەر چەندە بێت بیڕژێنێتە حیسابی ڕێکخراوەی دابینکاری کۆمەڵایەتی. واتە وای دانێن کرێکارێک ٥ ساڵ لە کارگەیەکدا کاری کردبێت و بیمە نەکرابێ. خاوەنکار دەبێ هەقی بیمەی ئەو ٥ ساڵە بە تەواوی بدات. پاشان ئەوەی کە: بیمە نەکردنی کرێکار سزای نەختیی بۆ خاوەنکار بە دواوەیە.

هەقی بیمەی کرێکار ٣٠ لە سەدی مووچە و سەرمووچەی کرێکار دێتە ئەژمار کە ٢٣ لە سەدی ئەم بڕە لە لایەن خاوەنکار و ٧ لە سەدی لە لایەن کرێکارەوەیە. بە واتایەکی دیکە ٢٣ لە سەدی هەقی بیمەی کرێکار، خاوەنکار دەیدات و ٧ لە سەدیشی لە مووچەی کرێکار کەم دەکرێت و دەڕژێتە حیسابی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی. ئەگەر خاوەنکار بەر بە کەمکردنی هەقی بیمەی کرێکار بگرێت، دەبێ خۆی بیدات. لە کاری ئەستەم و خەسارەدردا ٤ لە سەد زیاتر دەدرێت کە ئەم بڕەش لە ئەستۆی خاوەنکارە. واتە خاوەنکار لە کاری ئەستەمدا دەبێ ٢٧ لە سەد بدات.
بیمەبوون بۆ کرێکار قازانجی زۆری هەن. یەک لەو قازانجانەی لە کاتی «خانەنشین بوون»دایە و پاش خانەنشین بوون، بیمە مووچەی پێ ئەدات. لە بابەتی دەرمانیشدا، بەشێک لە تێچووی دەوا و دەرمانەکەی دەدات. هەر وەها ئەگەر کرێکار تووشی ڕووداوێک ببێت، بیمە خەسارەت و دیەکەی دەدات. هەروەها ئەگەر کرێکار بکەوێتە دۆخی «لە کار کەوتن»ەوە بیمە مووچەی بۆ ئەبڕێتەوە. ئەم بابەتانە بە جیا باس دەکەین و لێکیان ئەدەینەوە. بەڵام پێش لەوە باش وایە بزانن کە ئەگەر خاوەنکار بیمەی نەکردن دەبێ چی بکەن.

## ئەگەر هەقی بیمە نەدرێت دەبێ چی بکەن؟

خاوەنکار لە سەریەتی لانی زۆر تا دوا ڕۆژی مانگی دواتر هەقی بیمەی کرێکارەکانی بدات و ئەگەر خۆی لەم کارە ببوێرێ خۆی بەرپرسیارە. ئەگەر خاوەنکارێک هەقی

بیمەی کرێکارێک نەدات، ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی خاوەنکار ناچار دەکات بە دان و وەرگرتنی هەقی بیمەی بێکاری. ئەگەر خاوەنکار لە ناردنی سیاپی هەقدەست بۆ ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی خۆی ببوێرێ، ئەم ڕێکخراوە دەتوانێ هەقی بیمە دیاری بکات و لە خاوەنکار وەری بگرێت. **هەروەها کرێکار دەتوانێ داواکەی خۆی سەبارەت بە ناردنی پشکێنەر بۆ شوێنی کارەکە ڕابگەیەنێت بە نزیکترین لقی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی یان لەگەڵ «ناوەندی پێوەندیی خەڵکی»ی ئەم ڕێکخراوە (بە ژمارە تەلەفوونی ١٤٢٠)پێوەندی بکات.**

سەرنجی ئەوە بدەن کە وە درەنگ خستنی دانی هەقی بیمە لە لایەن خاوەنکارەوە، بەرپرسیارەتی لە ئەستۆی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی لا نابات. واتە ئەگەر خاوەنکارێک کرێکارێک بیمە نەکات و کرێکارەکە دواتر بە دواداچوون بۆ بابەتەکە بکات، ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی لە سەریەتی لە سەرەتای دەسپێکی کاری کرێکارەکەوە پێشینەی بۆ تۆمار بکات، تەنانەت ئەگەر خاوەنکاریش لە تێکردنی هەقی بیمەکەی خۆی بواردبێت. واتە هەقی بیمە پرسی نێوان خاوەنکار و ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتییە و پێوەندیی بە کرێکارەوە نییە. ئەگەر خاوەنکارێک هەقی بیمەی تێ نەکردووە، ئەوە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتییە کە دەبێ بۆ وەرگرتنی هەقی بیمە لە خاوەنکار هەنگاو هەڵگرێت و لە باری یاساییەوە ناتوانێ بە کرێکار بڵێ: «تا ئەو کاتەی خاوەنکار هەقی بیمەکەتان نەدات پێشینەکەتان تۆمار ناکەین.» بە داخەوە هەندێک لە لقەکانی دابینکاریی کۆمەڵایەتی ئەم کارە دەکەن و کرێکار خۆی بە پێمل دەزانێ کە هەقی بیمەکەی خۆی بدات. بە تایبەت لە کاتی خانەنشینیدا زیاتر ئەم شتە ڕوو دەدات.

**نموونە** کرێکارێک ٣٠ ساڵ پێشینەی کارکردنی هەیە و دەچێت بۆ ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی خۆی خانەنشین بکات. بەڵام تێدەگات کە ٤ ساڵ بیمەی بۆ تێ نەکراوە. چونکا خاوەنکار هەقی بیمەکەی بۆ تێ نەکردووە.

هەندێ لە لقەکانی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی، کرێکار دەنێرن بۆ ئیدارەی کار بۆ ئەوەی لە دژی خاوەنکار سکاڵا تۆمار بکات و تەنانەت پاش

ئـەوەی کرێکار لە ئیدارەی کار بڕیاری ناچارکردنــی خاوەنکاری بۆ دانی هەقی بیمە وەرگرت، دیسان دابینکاری کۆمەڵایەتی دەڵێ: «سەرەتا دەبێ خاوەنکار هەقی بیمەکەت تێ بکات پاشان ئێمەش پێشینەکەت تۆمار دەکەین.» ئەم کارەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی نایاسـاییە؛ چونکا بـەو جۆرەی کوتمان دەبێ سەرەتا ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی پێشینەی کرێکار تۆمار بکات و پاشان هەقی بیمە لە خاوەنکار وەربگرێت.

لە هەر حاڵدا ئەگەر خاوەنکار هەقی بیمەی کرێکار تێ نەکات، کرێکار دەبێ سەرەتا بڕوات بۆ ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی و فۆڕمی پێوەندیدار وەر بگرێت و لە لقی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی فۆڕمەکان پڕ بکاتەوە و کۆپیی شەهادە و بەڵگەنامەکانی خۆی (بۆ نموونە ناسنامە و ئەگەر دەفتەرچەی دەرمانیی هەبێ کۆپیی ئەویش) پەیوەستی بکات. پێڕاگەیشتن بە بیمە نەکردنی کرێکار لە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی، لە ژێر ناوی «پێڕاگەیشتن بە داخوازی بیمەکراوان سەبارەت بە کاروپیشە لە کارگەکاندا» ئەنجام دەبێت. گرینگترین بابەتێک کە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی پشکنینی بۆ دەکات ئەوەیە کە بسەلمێ کرێکار ڕاست دەکات و لە کارگەیەکدا کاری کردووە. بە پێی دەستووری بوارەکانی فەننی و داهاتی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی، ئەو بەڵگانەی وا ئیدعای پێشینەی کاری کرێکار دەسەلمێنن و بە واتایەکی دیکە دەتوانن ئەوە بسەلمێنن کە کرێکار لەو کارگەیەدا کاری کردووە ئەمانەن:

**١. حوکمی دامەزراندن، بەرزبوونەوەی پلەی کاری یان گۆڕینی پێگەی کار لەو ماوەیەدا**

**٢. پسوولەی سندووق یان چەکی بانکی کە پێوەندیی بە تێڕژاندن و وەرگرتنی مووچەی ئەو کەسەوە بێت**

**٣. شەهادەی بانکی لە سەر تێڕژاندنی مووچەی مانگانەی خوازەکەر بە پێی سیایی مووچەی خاوەنکار**

**٤. کارتی کردنەوەی حەساوی بانکی بۆ وەرگرتنی مووچە لە خاوەنکار**

**٥. سیایی مووچەکانی کارگە**

**٦. پەڕاوە یاساییەکانی کارگە و بەڵگەی تێچووەکانی پێوەندیدار**

**٧. کارتەکانی ئامادەبوون و ئامادەنەبوون و هاتنە ژوور و چوونە دەر لە دەفتەری تۆماری ئامادەبوون و ئامادە نەبوونی فەرمانبەرانی کارگە**

**٨. بڕیاری لێژنەی دیاریکردن و چارەسەرکردنی کێشەی یاسای کار**
(ئەگەر لە کاتی پچڕانی پێوەندی لەگەڵ ئەو کارگەدا دەرکرابێت)

**٩. کارتی تەندروستی دەرچوو لە لایەن ئیدارەی تەندروستیی شوێنی کارەکە**

**١٠. شایەتنامەی ئەوانەی لە شوێنی کارەکەدان**

پاش سازکردنی دۆسییە و جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، بابەتی خوازەی پێشینەی کەسی بیمەکراو لە کومیسیۆنەکەندا لێک دەدرێتەوە. لە ئەگەری سەلماندنی ئیددعای پێشینەدا، ئەو ماوەی کە کرێکار کاری کردووە بەڵام بیمە نەکراوە تۆمار دەکرێت و وەکوو پێشینە بۆی ئەژمار دەکرێت. پێڕاگەیشتن بە خوازەی پێشینەی بیمەی ئەو کەسانەی کە لە سەروبەندی خانەنشینی و لە کارکەوتندان دەخرێتە پێشەوە.

## بیمەی بێکاری

ئەگەر کرێکارێک خۆنەویستانە لە سەر کار لابرێت، بە پێی هەلومەرج بۆی هەیە لە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی «بیمەی بێکاری» وەر بگرێت. «خۆ نەویستانە» واتە ئەوەی کە کرێکار بە هۆی سەرپێچی، بێ نەزمی یان وازهێنان لە کار دەر نەکرابێت. بۆ نموونە لەوانەیە خاوەنکار بە مەبەستی کەمکردنەوەی فەرمانبەرانی، هەندێ لە کرێکارەکان دەر بکات. یان کارگە بە هۆی وەرشکەست بوونی خاوەنکارەوە دابخرێت. یان بۆ وێنە نەخۆشینێکی ڤەگری وەکوو کۆرۆنا پەرە بستێنێ و بە ناچاری کارگە دابخرێت. هەر وەها لەوانەیە کارگە بە هۆی هاتنی سێڵاو یان بوولەرزەوە دابخرێت و کرێکارەکانی بێکار ببن. لە هەموو ئەم بابەتانەدا کرێکار بۆی هەیە لە بیمەی بێکاری کەڵک وەر بگرێت. بۆ ئەوەی کرێکار بتوانێ بیمەی بێکاری وەر بگرێت دەبێ ئەو مەرجانەی خوارەوەی هەبێت:

- **لانیکەم شەش مانگ پێشینەی بیمەی هەبێت. هەڵبەت لە ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی وەکوو سێڵاو و بوولەرزە ئەم مەرجە پێویست ناکات**
- **یاسای کار بیگرێتەوە. بۆ وێنە کرێکارانی کارگە بنەماڵەییەکان بیمەی بێکاری نایانگرێتەوە.**
- **دەبێ لانی زۆر تا سی ڕۆژ پاش بێکار بوونی هەنگاوی بۆ هەڵگرێت**

کەمترین بڕە پارەیەک کە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بابەتی بیمەی بێکاری دەیدات بەرانبەرە لەگەڵ ٥٥ لە سەدی نێونجی مووچەی سێ مانگی ئاخری کەسی بیمەکراودا و زۆرترین بڕە پارەیش بەرانبەرە لەگەڵ ٨٠ لە سەدی نێونجی مووچەی کرێکاری بیمەکراودا. ئەم بڕە پارەیە هەر لەو ڕۆژەوەی ئەوکەسە کارەکەی لە دەست داوە حەساو دەکرێت و پێی دەدرێت. ئەگەر ٥٥ لە سەدی نێونجی مووچەی کەسی بیمەکراو لە مووچەی بنەمای وەزارەتی کار کەمتر بێت، ئەو بڕە پارەی پێی دەدرێت بەرانبەر دەبێت لەگەڵ کەمترین مووچەی ئەو ساڵە. کەسی بیمەکراو بۆی هەیە لانی زۆر چوار کەس بخاتە ژێر سەرپەرشتیی خۆیەوە. بۆ سەرپەرشتی هەر کەسێک، ١٠ لە سەد بە مووچەکەی زیاد دەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر کرێکار ژنی هەبێت و دوو منداڵیشی ببێت، چونکا سەرپەرشتیی سێ کەسی لە ئەستۆدایە ٣٠ لە سەد بە مووچەکەی زیاد دەبێت.

کرێکار بۆ ئەوەی لە بیمەی بێکاری بەهرەمەند ببێت دەبێ بە بەڵگەی پێویستەوە بۆ سازکردنی پەروەندە سەردانی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بکات. هەر وەها ئەگەر بێکار بووە دەتوانێ لە ڕێگای ئینتەرنێتیشەوە پەروەندەکەی ساز بکات. بۆ ئەم مەبەستە ئەو کەسە دەبێ سەرەتا بچێتە نووسینگەی «پیشخانی دەوڵەت» و ئێحراز هۆوییەت ببێت. پاشان لە ڕێگای سایتی http://bimehbikari.mcls.gov.ir ناونووسی بکات. پاش پەسندکردنی بەڵگەکان، لە ئەنجامدا دەبێ بچێت بۆ ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی.

**بە گشتی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بۆ سازکردنی دۆسییە ئەم بەڵگانەی دەوێ:**

- گرێبەستی یەک ساڵی کۆتایی کارەکە و کۆپییەکەی یان بڕیاری دەرکراو
- چوار پەردە وێنەی ۳ لە ٤ی نوێ
- بەڵگەی خوێندن یان بەڵگەی فەننی و کۆپییەکەیان
- ناسنامە و کۆپی هەموو پەڕەکانی
- پێناسەی نەتەوەیی و کۆپییەکەی
- شەهادەی کاری شیرکەت و کۆپییەکەی
- پێناسەی خزمەتی سەربازی و کۆپییەکەی بۆ پیاوان
- کۆپیی پەڕەی یەکەمی دەفتەرچەی بیمە
- ناسێنامەی خاوەنکار

بیمەی بێکاری بۆ ماوەیەکی سنووردار دەدرێت و وا نییە تا ئەو کاتەی کەسەکە کار نەکات بیمەی بێکاریی پێ بدرێت. ماوەی دانی بیمەی بێکاری بە پێی پێشینەی کار بەمجۆرەیە:

- **بۆ ٦ تا ٢٤ مانگ پێشینەی دانی بیمە:**
  کرێکاری خێزاندار ١٢ مانگ و کرێکاری ڕەبەن ٦ مانگ
- **بۆ ٢٥ تا ١٢٠ مانگ پێشینەی دانی بیمە:**
  کرێکاری خێزاندار ١٨ مانگ و ڕەبەن ١٢ مانگ
- **بۆ ١٢١ تا ١٨٠ مانگ پێشینەی دانی بیمە:**
  کرێکاری خێزاندار ٢٦ مانگ و ڕەبەن ١٨ مانگ
- **بۆ ١٨١ تا ٢٤٠ مانگ پێشینەی دانی بیمە:**
  کرێکاری خێزاندار ٣٦ مانگ و ڕەبەن ٢٦ مانگ
- **بۆ ٢٤١ مانگ و زیاتر بە پێشینەی دانی بیمە:**
  کرێکاری خێزاندار ٥٠ مانگ و ڕەبەن ٣٦ مانگ

**تێبینی!**: ئەگەر کرێکارێکی پیاو کارتی کۆتایی خزمەتی سەربازیی نەبێت بیمەی بێکاری ناگرێتەوە.

**تێبینی ٢**: ئەگەر کەسێک کارێکی نوێ دەس پێ بکات یان خانەنشین ببێت، مووچەی بیمەی بێکارییەکەی دەبڕدرێت.

**تێبینی ٣**: بیمەی بێکاری تەنیا هاووڵاتیانی ئێرانی دەگرێتەوە. کەسانی بیانی ئەگەر مۆڵەتی کاریشیان هەبێت و بیمەش بن بیمەی بێکاری نایانگرێتەوە.

## بیمەی لە کار کەوتن

لەوانەیە کرێکارێک بە هۆی کارەوە، لە باری جەستەییەوە خەساری وێ بکەوێت. بۆ وێنە لە کاتی کارکردندا تووشی ڕووداو ببێت، یان بە هۆی پیرییەوە کارامەیی نەمێنێت. هەر وەها لەوانەیە بە بێ ئەوەی ڕووداوێکی کاری ڕوو بدات، کرێکار بە هۆی کارەوە ئازاری جەستەیی یان دەروونی ببینێت. بۆ نموونە ئەو کرێکارانەی لە کارخانەی دەرمانسازیدا کار دەکەن بە هۆی کارکردن بە ماکە شیمیاییەکان، تووشی ئازاری دەروونی و جەستەیی دەبن، بە تایبەت ئەو کرێکارانەی لە بەرهەمهێنانی دەرمانە هۆرمۆنییەکاندا کار دەکەن. یان بۆ وێنە ئەو کەسانەی لە تاقیگە پزیشکییەکاندا کار دەکەن، بە هۆی کارکردن بە تیشک دوای ماوەیەک تووشی ئێش و ئازار دەبن.

هەر وەها پێویست ناکات کە ئاسیب و ئازاری کرێکار تەنیا بە هۆی کارەوە بێت. بۆ نموونە لەوانەیە تووشی نەخۆشینێکی وەکوو شێرپەنجە ببێت و نەتوانێ درێژە بە کارەکەی بدات. لەم حاڵەتەشدا بیمە دەبێ پاڵپشتیی لێ بکات. بە هەر حاڵ بە هەر هۆکارێک بێت، ئەگەر کرێکارێک توانایی کاری لە کزی بدات، کەسێکی «لە کارکەوتوو» دێتە ئەژمار. لەم حاڵەتەدا بیمەی لە کارکەوتوویی، یان مووچە، یان مووچەی لە کارکەوتنی پێ دەشێت. واتە بیمە دەبێ بە شێوەی مانگانە بڕێکی دیاریکراو بداتە کرێکاری لە کارکەوتوو.

**لە یاسادا، لە کارکەوتوویی بە سێ بەش دابەش کراوە. یەکەمیان «لە کارکەوتنی گشتی»یە.** لە کارکەوتنی گشتی کاتێکە کە توانای کاری کرێکار لانیکەم ٦٦ لە سەد لە کەمیی دابێت. دووهەمیان «لە کارکەوتنی هەندەکی»یە، ئەویش کاتێکە کە

توانای کاری کرێکار لە ٣٣ تا ٦٦ لە سەد کەمی کردبێت. سێهەمینیان کەمبوونەوەی توانای کاریی کرێکار بۆ ژێر ٣٣ لە سەدە کە ئەم حاڵەتەیان تەنیا لە «ڕووداوی سەرچاوەگرتوو لە کار»ەوە ڕوو دەدات؛ نەک بە هۆی نەخۆشین یان بە ساڵاچوونی کرێکار. **سەبارەت بە ڕووداوی سەرچاوە گرتوو لە کارەوە لە بەشەکانی دواتردا بە وردی باس دەکەین.**

**بۆ ئەوەی کرێکارێک بیمەی بێکاریی پێ بشێت، پاش ڕووداوەکە یان نەخۆشینەکە سەرەتا دەبێ بخرێتە ژێر چاوەدێری پزیشکییەوە.** ئەگەر کرێکار پاش تێپەڕاندنی قۆناخەکانی دەرمان چاک نەبۆوە، ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی دەینێرێت بۆ کۆمیسیۆنی پزیشکی. بۆ ئەوەی ڕادەی کێشەی دەروونی و جەستەیی کرێکار دیاری بکرێت کۆمیسیۆنی سەرەتایی و پێداچوونەوەی پزیشکی پێکدێنن. بابەتەکە سەرەتا لە کۆمیسیۆنی سەرەتاییدا لێک دەدرێتەوە و بڕیارێک دەردەچێت کە دەری بخات کرێکار لە کار کەوتووە یان نا، دواتر ئەگەر لە کار کەوتووە ڕادەی لە کارکەوتنەکەی چەندەیە. ئەگەر کرێکار سەبارەت بەو بڕیارە ناڕەزایەتی دەرببڕێت، بۆ لێکدانەوەی دووبارە پەروەندەکەی دەنێرن بۆ کۆمیسیۆنی پێداچوونەوە و ئەم کۆمیسیۆنە بڕیاری کۆتایی دەردەکات.

**تێبینی**: لە هەندێ بابەتدا لەوانەیە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی پاش پشکنینی پزیشکیی کرێکاری لە کارکەوتوو، ئەو بڕیارە دەر بکات کە دەبێ لە کاری سووکتردا کاری پێ بدرێت. لەم حاڵەتەدا خاوەنکار لە سەریەتی بە بێ ئەوەی لە مووچەکەی کەم بکرێتەوە، کاری سووکتر بسپێرێتە کرێکار. واتە ناتوانێ لە بەرانبەر کاری سووکتردا، لە مووچەکەی کەم بکاتەوە.

ڕادەی هەقی بیمەی ئەو کرێکارەی کە ئەندازەی لە کارکەوتنەکەی کەمە، لە ئەنجامی لێکدانی ڕێژەی لە کارکەوتنەکەی لە بڕە پارەی مووچەی لە کارکەوتنەکەی حەساو دەکرێت. کرێکارێک کە بە هۆی ڕووداوی سەرچاوەگرتوو لە کارەوە لە نێوان ١٠ تا ٣٣ لە سەدی توانای کارکردنی لە دەست دابێت، شیاوی وەرگرتنی «خەسارەتی نوقستانی» دەبێت. ڕادەی ئەم خەسارەتە بریتییە لە ٣٦ بەرانبەری

مووچەی لە کارکەوتنی تەواو، بە لێکدان لە دەرسەدی لە کارکەوتن. ئەم خەسارەتە تەنیا جارێک و یەکجێ دەدرێت.

## مووچەی میراتبەران

کاتێ کرێکارێکی بیمەکراو کۆچی دوایی دەکات، بیمە بۆ هەندێ لە میراتبەرەکانی مووچەیەکی مانگانە دەبڕێتەوە. بەم بڕە پارەیە دەڵێن: «مووچەی میراتبەران». میراتبەرانی کرێکاری کۆچکردوو لەو حاڵەتانەی خوارەوەدا مافی وەرگرتنی مووچەیان هەیە:

**١. لە ئەگەری مردنی بیمەکراوی خانەنشیندا**

**٢. لە ئەگەری مردنی بیمەکراوی لە کارکەوتووی تەواوی مووچەخۆردا**

**٣. لە ئەگەری مردنی کەسێکی بیمەکراودا کە لە ١٠ ساڵی کۆتایی ژیانیدا لانیکەم هەقی بیمەی ساڵێک کارکردنی – بەو مەرجەی لە ئاخرین ساڵی ژیانیدا هەقی بیمەی ٩٠ ڕۆژی کارکردنی – دابێت**

بە پێی یاسا تەنیا هەندێ لە میراتبەرانی کرێکاری کۆچکردوو دەتوانن مووچە وەر بگرن. مەرجی میراتبەران پێوەندیی بەوەوە هەیە کە کرێکاری کۆچکردوو پیاو بێت یان ژن. لە درێژەدا باس لە هەر دوو حاڵەتەکەی دەکەین.

### ئەگەر کرێکاری کۆچکردوو پیاو بێت ئەم میراتبەرانە مافی وەرگرتنی مووچەیان هەیە:

١. هاوسەری هەمیشەیی کرێکاری کۆچکردوو. شوو کردنەوەی هاوسەر نابێتە هۆی بڕینی مووچەکەی

٢. منداڵانی کەسی کۆچکردوو ئەگەر تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بێت، یان ئەوەی کە خەریکی خوێندن بن، یان بە هۆی نەخۆشین یان کەمئەندام بوون بە پێی شەهادەی کۆمیسیۆنی پزیشکی توانای کارکردنیان نەبێت.

٣. دایک و باوکی کەسی کۆچکردوو ئەگەرلە ژێر سەرپەرشتیی ئەودا بن، پاشان

ئەوەی کە تەمەنی باوک لە ٦٠ ساڵ و تەمەنی دایک لە ٥٥ ساڵ زیاتر بێت یان بە ڕای کۆمیسیۆنی پزیشکی لە کارکەوتوو بن و خۆیان لە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی مووچە وەر نەگرن

## ئەگەر کرێکاری کۆچکردوو ژن بێت ئەم میراتبەرانە دەتوانن مووچەکەی وەر بگرن:

**١. مێرد بەو مەرجەی لە ژێر سەرپەرشتیی ژندا بێت و پاشان تەمەنی لە ٦٠ ساڵ زیاتر بێت، یان بە پێی ڕای کۆمیسیۆنی پزیشکی لە کارکەوتوو بێت و خۆی لە ڕێکخراوە مووچە وەر نەگرێت.**

**٢. منداڵەکان، ئەگەر ئەو مەرجانەی خوارەوەیان هەبێت:**

ئ) باوکیان نەمابێ یان تەمەنی پتر لە ٦٠ ساڵ بێت یان لە کارکەوتوو بێت و لە شوێنێکی دیکە مووچە وەرنەگرێت

ب) تەمەنیان خوار ١٨ ساڵان بێت، یان خەریکی خوێندن بن (تا کۆتایی خوێندنەکەیان)، یان بە هۆی نەخۆشین یان کەمئەندامییەوە بە پێی شەهادەی کۆمیسیۆنی پزیشکییەوە توانای کارکردنیان نەبێت

**٣. دایک و باوک لە حاڵێکدا کە لە ژێر سەرپەرشتیی ئەودا بن، پاشان تەمەنی باوک لە ٦٠ ساڵ و تەمەنی دایک لە ٥٥ ساڵ زیاتر بێت، یان بە ڕای کۆمیسیۆنی پزیشکی لە کارکەوتوو بێنە ئەژمار و لە شوێنێکی دیکەوە مووچە وەر نەگرن**

## بەشە مووچەی هەر کام لە میراتبەرانی کرێکاری کۆچکردوو بەمجۆرەیە:

١. ڕێژەی مووچەی هاوسەری کەسی کۆچکردووی بیمەکراو، بەرانبەرە لەگەڵ ٥٠ لە سەدی مووچەی کەسی بیمەکراودا

٢. ڕێژەی مووچەی هەر منداڵێکی کەسی کۆچکردووی بیمەکراو، بەرانبەرە لەگەڵ ٢٥ لە سەدی مووچەی کەسی بیمەکراودا و ئەگەر باوک و دایکیشی نەمابێتن مووچەکەی دوو بەرانبەری ئەو ڕێژەیە دەبێت

**٣.** ڕێژەی مووچەی هەرکام لە باوک و دایکی کەسی کۆچکردووی بیمەکراو، بەرانبەرە لەگەڵ ٢٠ لە سەدی مووچەی کەسی بیمەکراودا

کۆی مووچەی میراتبەرانی کەسی بیمەکراوی کۆچکردوو نابێ لە ڕێژەی مووچەی کەسی کۆچکردوو زیاتر بێت. ئەگەر کۆی مووچەی ئەوکەسانە لەم ڕێژەیە زیاتر بێت، لە بەشی هەرکامیان بە بەراورد لەگەڵ مووچەکەیان کەم دەکرێتەوە.

## خانەنشینی و مووچەی خانەنشینی

ئەو کرێکارانەی وا هەقی بیمەکەیان دەدرێت، بە پێی هەندێ مەرج دەتوانن «خانەنشین» بن. خانەنشینی واتە ئەوەی کە ئیتر ناچار نەبن کار بکەن و ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی دەبێ مانگانە بڕە پارەیەکیان پێ بدات. کرێکار بەو مەرجانەی خوارەوە خانەنشین دەبێت:

**١.** ئەگەر ١٠ ساڵ پێشینەی دانی هەقی بیمەی هەبێت، کرێکاری پیاو لە ٦٠ساڵان و کرێکاری ژن لە ٥٥ ساڵاندا دەتوانێ خانەنشین ببێت

**٢.** ئەگەر ٣٠ ساڵ پێشینەی دانی هەقی بیمەی هەبێت، پیاو لە ٥٠ ساڵاندا و ژن لە ٤٥ ساڵاندا دەتوانێ خانەنشین ببێت

**٣.** ئەو کرێکارەی کە پێشینەی ٣٥ ساڵ دانی هەقی بیمەی هەبێت، بە بێ لە بەرچاو گرتنی مەرجی تەمەن دەتوانێ خانەنشین ببێت

**٤.** کرێکارێک کە لانیکەم ٢٠ ساڵ بێ پسانەوە و ٢٥ ساڵ دەورەیی لە کاری ئەستەم و خەسارەدردا کاری کردووە و هەقی بیمەی ئەو ماوەی تێکردبێ، دەتوانێ خانەنشین ببێت. پێشینەی تێکردنی ساڵێک هەقی بیمە لە کاری ئەستەم و خەسارەدردا، بە ساڵ و نیوێک حەساو دەکرێت. ئەگەر ئەم جۆرە کرێکارانە پێش گەیشتن بەو پێشینە بە هۆی کارکردن لە کاری ئەستەم و خەسارەدردا تووشی داهێزانی جەستەیی و دەروونی ببن، بە پەسندکردنی کۆمیسیۆنی پزیشکی بە هەر ڕێژەیەک لە پێشینە دەتوانن خانەنشین بن

ه. کرێکاری ژن بە ٢٠ ساڵ پێشینەی کار و ٤٢ ساڵ تەمەنەوە (بە مەرجێک هەقی بیمەی تێکردبێ)دەتوانێ بە مووچەی ٢٠ ڕۆژەوە خانەنشین ببێت. واتە مووچەی خانەنشینی ئەو لە جیاتی ٣٠ ڕۆژ، ٢٠ ڕۆژی بۆ حەساو دەکرێت و پێی دەدرێت.

### ڕێژەی مووچەی خانەنشینی بە گشتی بریتییە لە:

نێونجیی مووچەی کرێکار، لێک دەدرێت لە ژمارەی ئەو ساڵانەی بیمە تێی ڕژاندووە، دابەش بە ٣٠. بۆ حەساوکردنی نێونجیی مووچەش دەبێ مووچە و سەرمووچەی دوو ساڵی کۆتایی تێکردنی هەقی بیمە بە یەکەوە کۆ بکرێنەوە و بە سەر ٢٤دا دابەش بکرێت. ئەگەر کەسی بیمەکراو لە دوو ساڵی کۆتاییدا ماوەیەک کاری نەکردبێت نێونجیی مووچە بە کەمکردنی ماوە لە مانگەکانی پێش لەو دوو ساڵە کە ئەو کەسە کاری نەکردووە بە دەست دێت.

لە ڕێکەوتی یەکی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٢ەوە مووچەی ئەو خانەنشینانەی کە لانیکەمی مووچە (واتە ٤١٧٩٧٥٠٠ ریاڵ) و کەمتریان وەردەگرت ٢٧ لە سەد و مووچەی ئەو خانەنشینانەی کە لەوە زیاتریان وەردەگرت ٢١ لە سەد و بڕە پارەیەکی دیکە بە ڕێژەی (٢٥٠٧٨٠٠ ریاڵ) زیادی کرد.

## مووچە و سەرمووچەی کرێکار

بە دڵنیاییەوە گرینگترین داڵغەی کرێکارێک «مووچە»کەیەتی. مووچە لە یاسادا «حەقوسەعی»یشی پێ دەڵێن. مووچە واتە ئەو پووڵەی کە کرێکار لە بەرانبەر کارکردن بۆ خاوەنکار، وەریدەگرێت. بە پێی یاسای کار، مووچە یان حەقوسەعی بە هەمووی ئەو بڕە پارە یاساییانە دەوترێ کە کرێکار وەریدەگرێت، وەکوو: مووچەی بنەما، دەرماڵە، تێچووی خانوو، خاروبار، هاتوچۆ، سەربەشانەی نانەختینەیی، پاداشی چوونە سەرەوەی بەرهەمهێنان، سوودی ساڵانە و....

### هەقدەست جۆری جیاوازی هەیە کە زانینیان بۆ کاریگەر پێویستە. جۆرەکانی هەقدەست ئەمانەن:

**١. هەقدەستی سەعاتی:** ئەگەر هەقدەست بە پێی سەعات بدرێت، هەقدەستی سەعاتیی پێ دەڵێن

**٢. کارمز:** ئەگەر کار بە پێی ڕادەی کاری ئەنجامدراو یان بەروبوی بەرهەم هێنراو بدرێت، پێی دەڵێن کارمز

**٣. کارمزی سەعاتی:** ئەگەر هەقدەستی کرێکار بە پێی بەروبوی بەرهەم هێنراو یان ڕادەی کاری ئەنجامدراو بۆ کاتێکی دیاریکراو دیاری بکرێت و بدرێت، پێی دەڵێن کارمزی سەعاتی

**٤. هەقدەستی هەمیشەیی:** بریتییە لە سەرجەم ئەو برە پارەیەی بەردەوام دەدرێت

ئەگەر هەقدەست بە شێوەی مانگانە و بە پێی گرێبەست یان دەستووری کارگە بدرێت، **ئەم تێرژاندنە دەبێ لە کۆتایی مانگدا ئەنجام بدرێت، لێرەدا ئەو هەقدەستەی کرێکار وەریدەگرێت پێی دەڵێن: «مووچە».**

هەقدەستی کرێکار دەبێ لە مەودایەکی زەمەنیی ڕێکوپێک و لە ڕۆژانی کاریدا، بە شێوەی پووڵی نەختی باوی وڵات یان (بە پێکهاتنی خاوەنکار و کرێکار) بە چەک پێی بدرێت. ئەگەر بە پێی گرێبەست یان دەستووری کارگە، بڕی هەقدەست بە شێوەی ڕۆژانە یان سەعات دیاری کرابێت، دەبێ پاش حەساوکردن لە کۆتایی ڕۆژ یان هەفتە یان ١٥ ڕۆژ جارێک بە نیسبەتی سەعاتی کارکردن یان ڕۆژانی کارکردن بدرێت. ئەگەر هەقدەستی کرێکار مانگانە دەدرێت، دەبێ لە کۆتایی هەموو مانگێکدا بدرێت. سەرنج بدەن، ئەو مانگانەی ٣١ ڕۆژن، دەبێ مووچە و سەرمووچەی کرێکار بە پێی ٣١ ڕۆژ حەساو بکرێت و پێی بدرێت.

## قەدەغەبوونی جیاوازی لە هەقدەستدا

بە گشتی جیاوازی لە هەقدەستدا بە پێی جنس، تەمەن، نەتەوە، ئایین و ...قەدەغەیە.

بۆ نموونە خاوەنکار بۆی نییە بۆ کارێکی وێکچوو بە سەعاتی کاری یەکسانەوە، هەقدەستی ژن لە پیاو کەمتر بدات. یان بۆ وێنە بە کرێکارێک بڵێ: «تۆ تەمەنت کەمە و دەبێ هەقدەستی کەمتر وەربگریت!» بە داخەوە بینراوە لە هەندێ کارگەدا هەقدەستی کەمتر دەدرێتە ژنان، لە حاڵێکدا کارەکەیان بە تەواوی وێکچووی کاری کرێکارانی پیاوی ئەو کارگەیە و بە ئەندازەی ئەوانیش کار دەکەن. لە کاتی وادا ئەو کرێکارەی جیاوازیی لە ئاست کراوە دەتوانێ پەنا بەرێتە بەر ئیدارەی کار و لە دژی خاوەنکار سکاڵا تۆمار بکات و داوای یەکسانی مووچەکەی بکات.

**هەقی منداڵ** یان «هەقی خێزانباری» بڕە پارەیەکە کە بابەتی هەر منداڵێک جیا لە مووچەی بنەما، مانگانە دەدرێتە کرێکار. دانی ئەم بڕە پارەیە ئەرکە و بە ڕێژەی منداڵەکان تێدەکرێت. بۆ بەهرەمەندبوون لە هەقی منداڵ دەبێ کرێکار ۷۲۰ ڕۆژ پێشینەی دانی بیمەی هەبێت. هەقی منداڵ یان هەقی خێزانباری منداڵی ژێر ۱۸ساڵ دەگرێتەوە. سەبارەت بە منداڵی سەرووی ۱۸ ساڵان، ئەگەر منداڵ خەریکی خوێندن بێت یان نەخۆشینێکی ببێت یان کەمئەندام بێت هەقی خێزانباری دەیگرێتەوە. ئەگەر ژن و شوو هەردووکیان کرێکار بن هەقی منداڵ بە هەردووکیان دەدرێت، تەنانەت ئەگەر هەردووکیشیان لە کارگەیەکدا کار بکەن. ڕێژەی هەقی خێزانباری بۆ هەر منداڵێک، سێ ئەوەندەی لانیکەمی هەقدەستی ڕۆژانە لەو ساڵەدایە.

**هەقی هاوسەرداری** لە ساڵی ۱٤۰۳ بەملاوە بڕە پارەیەکی دیکە لە ژێر ناوی «هەقی هاوسەرداری» بە هەقدەستی کرێکار زیاد کرا. خاوەنکار دەبێ مانگانە ۵۰۰هەزار تمەن بڕژێنێتە حەساوی کرێکاری خێزاندار. ئەم بڕە پارەیە لەوانەیە لە ساڵانی داهاتوودا زیاد بکات. ئەگەر ژن و مێرد هەردووکیان کرێکار بن و تەنانەت لە کارگەیەکیشدا کار بکەن، دەبێ ئەم بڕە پارەیە بە هەردووکیان بدرێت.

**هەقی خانوبەرە** بڕە پارەیەکە کە مانگانە بۆ دابینکردنی خانوو دەدرێتە کرێکار. ئەم بڕە پارەیە بۆ هەموو کرێکارەکان یەکسانە. تەنانەت ئەگەر کرێکار خانووی خۆی هەبێت یان لە خانووی ڕێکخراوەییشدا بێت، دەبێ هەقی خانوبەرەی پێ بدرێت.

## هەقی خاروبار

هەقی خاروبار وەکوو سەرمووچەی کرێکار دێتە ئەژمار کە دەبێ مانگانە لە لایەن خاوەنکارەوە پێی بدرێت. ئەکرێ نانەختینەیی بێت وەکوو «کۆپین» یان بە شێوەی نەخت بدرێتە کرێکار. ڕێژەکەشی سالآنە لە لایەن شوورای باڵای کارەوە دیاری دەکرێت و کابینەی دەوڵەت پەسندی دەکات.

## هەقی ســاڵانە یان ســەرمووچەی کۆتایی کار

بڕە پارەیەکە کە لە کۆتایی کاردا بە شێوەی نەخت دەدرێتە کرێکار. خاوەنکار بۆی هەیە کۆتایی هەموو ساڵێک ئەم بڕە پارەیە بداتە کرێکار. ڕێژەی هەقی ساڵانە یان سەرمووچەی کۆتایی کار، بە نیسبەت جۆرەکەی جیاوازە کە لە درێژەدا بە وردی باسی دەکەین:

١ ئەگەر هۆکاری کۆتایی کار، خانەنشینی یان لە کارکەوتن بێت خاوەنکار دەبێ بە پێی دوایین هەقدەستی کرێکار بە نیسبەت هەر ساڵێک پێشینەی خزمەت، بڕە پارەیەکی بە ڕێژەی ٣٠ ڕۆژ هەقدەست پێ بدات، ئەم بڕە پارەیە هەقی ساڵانەیە. ئەم پارەیە جیایە لە مووچەی لە کارکەوتن یان خانەنشینی کرێکار و لە لایەن ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتییەوە دەدرێت. هەندێ لە خاوەنکارەکان هەموو ساڵێک هەقی ساڵانە دەدەنە کرێکار کە ئەم کارەش یاساییە.

٢ ئەگەر کۆتایی گرێبەستی کار بە هۆی دابەزینی توانایی جەستەیی و دەروونیی سەرچاوەگرتوو لە کاری کرێکارەوە (بە پێی دیاریکردنی کۆمیسیۆنی پزیشکی ڕێخراوەی تەندروستی و دەرمانی ناوچە بە پێناساندنی شوورای ئیسلامیی کار یان نوێنەرانی یاسایی کار) بێت، خاوەنکار لە سەریەتی بە نیسبەت هەر ساڵێک پێشینەی کار، بەرابەر بە دوو مانگی دوا مووچەی بۆی تێ بڕژێنێت.

٣ ئەگەر خاوەنکار پاش لابردنی حاڵەتی هەڵپەساردنی گرێبەستی کار، لە وەرگرتنی کرێکار خۆی ببوێرێ، **کرێکار بۆی هەیە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا پەنا بەرێتە بەر ئیدارەی کار و ئەگەر خاوەنکار نەتوانێ بۆ وەرنەگرتنەوەی کرێکار پاساوێکی ئەرێنی بێنێتەوە، بە بڕیاری لێژنەی دیاریکردن کرێکار دەگەڕێتەوە بۆ**

**سەرکارەکەی و خاوەنکار لە سەریەتی لە ڕێکەوتی گەڕانەوەی کرێکار بۆ کارگە مووچەکەی بۆ تێ بکات.**

ئەگەر خاوەنکار پاساوی ئەرێنی بۆ کارەکەی خۆی (ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی کرێکار بۆ سەرکارەکەی) بهێنێتەوە دەبێ لە بەرامبەر هەر ساڵێک پێشینەی کاردا، مووچەی ٤٥ ڕۆژی ئاخرین هەقدەست بداتە کرێکار و کۆتایی بە گرێبەست بێنێت.

**دەبێ ئەوە بزانین کە** بنەمای حەساوکردنی هەقی ساڵانە، کۆتا مووچەی کرێکارە. بەم پێیە هەقی ساڵانە بریتییە لە هەموو نەختینە و نانەختینەیەک کە کرێکار وەریدەگرێت وەکوو: مووچە، هەقی منداڵ، هەقی خانوبەرە و خاروبار، هاتوچۆ، پاداشتی چوونە سەرێی بەرهەمهێنان، قازانجی ساڵانە و هتد.

**بنەمای ساڵانە**

ئەم بەشە جیاوازە لە هەقی ساڵانە وا لە بەشی پێشوودا باسمان کرد. بنەمای ساڵانە بڕە پارەیەکە کە بۆ قەرەبووی کەموکوڕییەکان بە شێوازی مانگانە بە مووچەی کرێکار زیاد دەبێت. بنەمای ساڵانە بەو کرێکارانە دەدرێت کە پتر لە ساڵێک پێشینەی کاریان هەیە و ڕێژەکەی هەموو ساڵێک لە لایەن شووڕای باڵای کارەوە دیاری دەکرێت.

**جەژنانە**

جەژنانە بڕەپارەیەکە کە خاوەنکار دەبێ هەموو ساڵێک بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە بیداتە کرێکار. ڕێژەی جەژنانە بەرابەرە لەگەڵ دوو مانگ دوا مووچەی کرێکاردا؛ بە مەرجێک لە سێ ئەوەندەی لانیکەمی مووچە تێ نەپەڕێت. واتە ئەگەر لانیکەمی مووچە ٧ ملوێن تمەن و مووچەی کرێکارێک ١٥ ملوێن تمەن بێت، ئەوپەڕی ٢١ ملوێن تمەن جەژنانە دەدرێتە کرێکار؛ نەک ٣٠ ملوێن تمەن. لە هەر حاڵدا خاوەنکار لە سەریەتی هەموو ساڵێک پێش کۆتایی ساڵ ئەم بڕە پارەیە بداتە کرێکار.

ئەو کرێکارانەی لە درێژەی ساڵدا لەگەل خاونکار پێوەندی دادەبڕن، ئەو کارێکارانەی لە درێژەی ساڵدا دەس لە کار دەکێشنەوە یان دەردەکرێن یان خانەنشین دەبن یان بە هۆی شتێکەوە پێوەندییان لەگەڵ کارگە دەپچڕێت، بە نیسبەت ماوەی

کارکردن و ئەو مانگانەی کاریان کردووە جەژنانە و پاداشی ساڵانەیان دەکەوێ. بۆ نموونە ئەگەر کرێکار لە ساڵدا سێ مانگ کاری کردبێت، بەرامبەر بەو سێ مانگە واتە یەک لە چواری جەژنانەیەکی تەواوی دەکەوێ.

**هەقی مەئموورییەت** لە ئەگەری ناردنی کرێکار بۆ مەئموورییەتێکی دەرەوەی شوێنی کارەکەی، ئەگەر لانیکەم ٥٠ کیلۆمەتر لە شوێنی کارەکەی دوور کەوتبێتەوە یان لانیکەم شەوێک لە شوێنی مەئموورییەت وەمێنی، هەقی سەرمووچەی مەئموورییەت (بە ئەندازەیەک کە لە هەقدەستی هەمیشەیی یان هەقدەستی بنەمای رۆژانەی کرێکار کەمتر نابێت) وەردەگرێت.

## لانیکەمی هەقدەست چییە و چۆن دیاری دەکرێت؟

لانیکەمی هەقدەستی کرێکار هەموو ساڵێک لە لایەن «شوورای باڵای کار»ەوە بە ڕەچاوکردنی نرخی هەڵاوسانی ڕاگەیەنراوی بانکی ناوەندی دیاری دەکرێت. هیچ خاوەنکارێک بۆی نییە کەمتر لە لانیکەمی هەقدەست بداتە کرێکار. ئەگەر کاری وا بکات کرێکار دەتوانێ بچێتە ئیدارەی کار و خاوەنکار ناچار بکات بە دانی سەرباقی مووچەکەی بە پێی لانیکەمی هەقدەست. هەر وەها لانیکەمی هەقدەست دەبێ بە شێوەی نەختینەیی بدرێت. دەکرێ ئەو شتانەی جیا لە هەقدەستە بە شێوەی نانەختینەیی بدرێن. بۆ نموونە لانیکەمی مووچەی کرێکارێک ٧ ملوێن تمەنە، خاوەنکار ناتوانێ پێی بڵێ ٤ ملوێن تمەنت بە نەخت پێ دەدەم و ٣ ملوێنەکەی دیکەی لە دووکان شتی خۆراکی هەڵبگرە.

**تێبینی**: بە سەرنجدان بەوەی کە مووچەی کرێکاریش جۆرێک داهات دێتە ئەژمار، ئەگەر ڕێژەی داهات لە داهاتی دیاریکراوی وەزارەتی کاروباری ئابووری و دارایی بەرکەوتەیماڵیات زیاتر بێت، دەبێ بە نیسبەتی زیادییەکەی ماڵیات بدرێت. ساڵانە وەزارەتی ئابووری ڕێژەیەک لە داهات دیاری دەکات کە ئەگەر داهاتی کەسێک لەوە زیاتر بێت، دەبێ ماڵیات بدات. ئەگەر مووچەی کرێکاریش لەم ڕێژەیە زیاتر بێت دەبێ ماڵیاتی لێ بدات.

جیا لەمە وەکوو چینە کەم داهاتەکانی دیکە لە دانی مالّیات دەبەخشـرێت. هەڵبەت بە زۆری مووچەی کرێکار لەوە کەمترە بچێتە خانەی مالّیاتەوە.

## سەعاتی کارکردن

سەعاتی کار واتە ئەو ماوەی کرێکار کار بۆ خاوەنکار دەکات. بە پێی یاسای کار، نابێ کرێکار لە شەو و ڕۆژدا زیاتر لە ٨ سەعات کار بکات. هەڵبەت بە پێی هەندێ مەرج کە دواتر باسی دەکەین «زێدەکاری» کێشەیەکی نییە. لێرەدا خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەگەر خاوەنکار و کرێکار پێک بێن لەوانەیە کرێکار هەندێ ڕۆژ کەمتر لە ٨ سەعات و هەندێ ڕۆژی دیکە پتر لە ٨ سەعات کار بکات. لەم حاڵەتەدا ئەو ڕۆژانەی پتر لە ٨ سەعات کار دەکات زێدەکاری نایەتە ئەژمار. بەمجۆرەش لە هەر حاڵێکدا نابێ کۆی سەعاتی کارکردن لە هەفتەدا زیاتر لە ٤٤ سەعات بێت و لە کاری ئەستەم و ژێرزەمینیدا سەعات کاریی کرێکار نابێ لە ڕۆژدا زیاتر لە ٦سەعات و لە هەفتەدا پتر لە ٣٦ سەعات بێت.

### زێدەکاریی کرێکار

مەبەست لە زێدەکاری، کارێکە کە پاش ٨ سەعات کاری کرێکار لە شەو و ڕۆژدا پێی دەسپێرن. زێدەکاری دەبێ بە ڕەزامەندیی کرێکار بێت. واتە خاوەنکار ناتوانێ بە زۆر زێدەکاری بە سەر کرێکاردا بسەپێنێ، یان بۆ نموونە ئەگەر کرێکار زێدەکاریی نەکرد دەری بکات. خاوەنکار دەبێ بۆ هەر سەعاتێک زێدەکاری، ٤٠ لە سەد زیاتر لە هەقدەستی کاری ئاسایی بداتە کرێکار. سەعاتی کاری زێدەکاری نابێ ڕۆژانە لە ٤ سەعات زیاتر بێت، مەگەر لە بابەتێکی جیاوازدا ئەویش دەبێ بە پێکهاتنی هەر دوو لا بێت. لە کاری ئەستەم و زیانباردا و هەروەها ئەگەر تەمەنی کرێکار لە نێوان ١٥ بۆ ١٨ ساڵان بێت، سپاردنی زێدەکاری بە کرێکار تەنانەت بە ڕەزامەندیی خۆیشی قەدەغەیە.

### جۆرەکانی سەعاتی کارکردن

لە بەشێکی زۆری کارەکاندا، کرێکار لە سەعاتێکی دیاریکراودا (بۆ نموونە ٨ی بەیانی تا ٤ی دوانیوەڕۆ یان ئەگەر خوارنی نیوەڕۆیشی

بخەینە سەر: تا ٥ی ئێوارە) کار ناکات. لەوانەیە کارەکە وابێت کە کرێکار لە شەودا کار بکات، بۆ نموونە چاودێری لە بینایەک. یان بۆ نموونە کرێکاری بەنزینخانەکان کە بە نۆرە کار دەکەن. لە یاسادا، هەقدەستی ئەم کەسانە لەگەڵ کرێکارەکانی دیکەدا جیاوازە. **لە درێژەدا بە پێی کاتی ئەنجامی کار، باسی جۆرەکانی کار دەکەین:**

**١ کاری ڕۆژ و کاری شەو:** «کاری ڕۆژ» بەو کارانە دەڵێن کە کاتی ئەنجامدانەکەی لە سەعاتی ٦ی بەیانی تا سەعاتی ٢٢ی شەو بێت و مەبەست لە «کاری شەو» ئەو کارانەیە کە لە مەودای زەمەنیی نێوان سەعات ٢٢ی شەو تا سەعات ٦ی بەیانی دێنە ئەنجام. بۆ هەر سەعاتێکی کاری شەو، ٣٥ لە سەد زیاتر لە هەقدەست دەدرێتە کرێکار. بۆ وێنە ئەگەر مووچەی بنەمای کرێکارێک لە مانگدا ١٢ ملوێن تمەن بێت، هەقدەستەکەی بۆ هەر سەعاتێک دەکاتە ٥٠ هەزار تمەن. ئەگەر ئەو کرێکارە شەوانە کار بکات، دەبێ بۆ هەر سەعاتێک ١٧٥٠٠ تمەن زیاتری پێ بدرێت. هەڵبەت خاڵێکی گرینگ لێرەدایە کە ئەگەر «کاری بە نۆرە» بێت و بەشێک لە کارەکە لە شەودا بێت ئیتر هەقی شەوکاری پێ نادرێت، بەڵکوو هەقی کاری بە نۆرەی پێ دەدرێت. **لە بەشەکانی دواتردا باسی کاری بە نۆرە دەکەین.**

**٢ کاری تێکەڵاو:** مەبەست لە کاری تێکەڵاو ئەو کارانەیە کە بەشێکی لە ڕۆژدا و بەشێکی لە شەودا دێتە ئەنجام. بۆ نموونە سەعات ٤ی دوانیوەڕۆ تا ١٢ی شەو. لەم جۆرە کارانەدا ئەو سەعاتانەی کە بەشێک لە کاری شەو دێنە ئەژمار، کرێکار هەقی شەوکاریی پێ دەشێت. بۆ نموونە ئەگەر کاتی کارکردنی کرێکارێک ٢٤سەعات پاسەوانی و ٤٨سەعات پشوو بێت، کاری تێکەڵاو دێتە ئەژمار چونکوو بەشێک لە شەعاتی کارەکەی لە ڕۆژدایە و بەشێکی لە شەودایە. ئەو سەعاتی کارییانەی لە نێوان سەعاتی ٢٢ی شەو تا ٦ی بەیانی بێت شەوکاری دێتە ئەژمار و کرێکار هەقی وەرگرتنی هەقدەستی زیادیی بە نیسبەت سەعاتی کاریی شەو هەیە کە ٣٥ لە سەد لە سەعاتی کاری ئاسایی زیاترە. هەروەها ئەگەر کۆی سەعاتی کاریی کرێکار لە هەفتەدا لە ٤٤ سەعات زیاتر بێت، ئەو سەعات کارییانەی لە ٤٤سەعات زیاترن هەقدەستی زیادی بە ڕێژەی ٤٠ لە سەدی سەعات کاریی ئاسایی وەردەگرێت.

**٣ کاری دەورەیــی:** کارێکە کە سەعاتی کارکردنەکەی بە دوای یەکدا نییە و لە سەعاتێکی دیاریکراوی شەو و ڕۆژدا دێتە ئەنجام. بۆ نموونە کرێکارێکی نانەواخانە لەوانەیە سەعاتی ٤ی بەیانی تا ٨ی بەیانی کار بکات، پاشان لەو بەینەدا ٤ سەعات بێکار بێت و دیسان لە سەعاتی ١٢ی نیوەڕۆ تا ٤ی دوانیوەڕۆ کار بکات. ئیتر پێویست ناکات لەو ماوەیەدا کە کار ناکات لە کارگەدا ئامادە بێت. سەعاتی دەسپێک و کۆتایی کار و مەودای نێوان ئەنجامدانی کارەکان، بە پێکهاتنی کرێکار و خاوەنکار و جۆری کار و دەستووری کارگە دیاری دەکرێت.

بابەتی گرینگ لێرەدایە کە لەم جۆرە کارانەدا کە سەعاتی کارکردن لە مەودایەکی دەورەییدایە، بە زێدەکارییشەوە، نابێ لە کاتی دەسپێکەوە تا کۆتایی لە ١٥ سەعات زیاتر بێت. بۆ وێنە ئەگەر کرێکاری نانەواخانە سەعاتی ٤ی بەیانی کارەکەی دەست پێ کردبێت و لەو بەینەشدا کە چەند سەعاتێک کار ناکات، هەموو ئەمانە بە زێدەکارییشەوە نابێ تا دوای سەعات ١٩ بخایەنێت. لەم جۆرە کارانەدا – بە هۆی ئەوەی دەورەییە- کرێکار سەرمووچەی هەقدەستی پێ ناشێت. هەڵبەت ئەگەر زێدەکاریی هەبێت یان بۆ وێنە بەشێک لە کارەکەی بکەوێتە شەو، هەقی زێدەکاری یان شەوکاریی پێ دەبڕیەت. بۆ وێنە هەر لەو نموونەی نانەواخانەدا کە کارەکە لە سەعاتی ٤ی بەیانییەوە دەست پێدەکات و تا سەعاتی ٨ ئەخایەنێت، دوای ئەوە ٤سەعات پشوو دەدات و دیسان لە سەعاتی ١٢ تا ١٦ کار دەکات تەنیا ٢ سەعات شەوکاریی پێ ئەبڕێت، چونکا سەعاتی ٤ تا ٦ی بەیانی وەکوو شەوکاری دێتە ئەژمار.

**٤ کاری بــە نۆرە:** کارێکە کە لە درێژەی مانگدا کاتەکەی دەگۆڕدرێت، بە جۆرێک کە نۆرەکانی لە بەیانی و ئێوارە و شەودایە. کاری بە نۆرە هەمان کارکردنی شیفتییە کە لە هەندێ پیشەدا باوە، وەکوو پەرستاری یان پاسەوانی. وای دانێین پەرستارێک لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی، لە مانگەکەدا ١٠ ڕۆژ لە سەعاتی ٨ەوە کارەکەی دەست پێدەکات، ١٠ ڕۆژی دیکە لە سەعاتی ٤ی ئێوارە و ١٠ ڕۆژیش لە سەعاتی ١٢ی شەوەوە. چونکا سەعاتی کارکردنەکەی لە ماوەی مانگێکدا بەردەوام لە

گۆڕاندایە، کاری بە نۆرە دێتە ئەژمار. کرێکارێک کە لە مانگدا بە شێوازی شیفتی کار دەکات و نۆرەکانی کارەکەی لە بەیانی و ئێوارەدایە، جیا لە مووچەکەی ١٠ لە سەد وەکوو هەقدەستی «سەرمووچەی کاری بە نۆرە» و ئەگەر نۆبەی کارەکەی لە بەیانی و ئێوارە و شەودا بێت١٥ لە سەد و ئەگەر نۆبەی کارەکەی بکەوێتە بەیانی و شەو یان ئێوارە و شەو، ٢٢\٥ لە سەد هەق کاری بە نۆرە وەردەگرێت.

**تێبینی**: بە گشتی ئەو کاتەی کرێکار بۆ نوێژخوێندن یان نان خواردن دایدەنێ، وەکوو سەعاتی کارکردن نایەتە ئەژمار؛ مەگەر ئەوەی دەستووری کارگەی شوێنی کارەکە وەها بێت و لە وەها دۆخێکدا ئەو کاتانەی باسمان کرد وەکوو سەعاتی کارکردن دێنە ئەژمار. بەڵام لە مانگی ڕەمەزاندا کاتی نوێژ و بەربانگ کردن و پارشێو وەکوو سەعاتی کارکردنی کرێکار دێنە ئەژمار.

## پشووی کرێکار

ڕۆژانی هەینی ڕۆژی پشووی هەفتانەی کرێکارە و هەقدەستی کرێکاریش لەم ڕۆژەدا لە لایەن خاوەنکارەوە دەدرێت. واتە خاوەنکار ناتوانێ بە کرێکار بڵێ: «چونکا ڕۆژانی هەینی کارت نەکردووە مانگی چوار ڕۆژ لە مووچەکەت کەم دەکەم!» ئەگەر بە پێی جۆر یان پێویستی کارەکە یان پێکهاتنی خاوەنکار و کرێکار، کرێکار ڕۆژانی هەینی کار بکات، پێویستە لە هەفتەدا ڕۆژێکی دیکە بە جێی هەینی پشووی هەبێت. ئەو کرێکارانەی وا ڕۆژی هەینی کار دەکەن و ڕۆژێکی دیکە پشوو دەدەن، بۆ کەڵک وەر نەگرتن لە پشووی ڕۆژی هەینی ٤٠ لە سەد زیاتر لە هەقدەست وەردەگرن.

**١١ی گوڵانی هەموو ساڵێک وەکوو «ڕۆژی کرێکار»بۆ کرێکارەکان پشووی فەرمییە. جیا لە ڕۆژانی هەینی و ڕۆژی کرێکار، هەموو ڕۆژانی پشووی فەرمی وڵاتیش بۆ کرێکاران پشوو دێتە ئەمار.**

## مەرەخەسی

مەرەخەسی واتە کار نەکردنی کرێکار لە ڕۆژی دەوامکردندا. مەرەخەسی مافە و

خاوەنکار بۆی نییە ڕێگا لە چوونە مەرەخەسی کرێکار بگرێت. کرێکار لە ڕۆژانی مەرەخەسیشدا هەقدەستی خۆی وەردەگرێت. **مەرەخەسی جۆری جیاوازی هەیە کە هەموویان لێرەدا دەخەینە بەر باس:**

## مەرەخەسی ڕەوابوون یان مەرەخەسی ساڵانە

مەرەخەسی ساڵانەی کرێکار لە کاری ئاساییدا لە ساڵدا ٢٦ ڕۆژە کە لەگەڵ چوار ڕۆژی هەینیدا، دەکاتە ٣٠ ڕۆژ. واتە چونکا هەر مانگێک ٤ هەینیی تێدایە و هەر ساڵێک ١٢ مانگە، ساڵی چوار ڕۆژی هەینیی زیادی دەمێنێ و ئەم چوار هەینییە پشووی ڕەسمی نین و وەکوو مەرەخەسی ساڵانە دێنە ئەژمار. پشووە فەرمییەکانی دیکە وەکوو ڕۆژانی مەرەخەسی نایەنە ئەژمار و بۆ کەمتر لە ساڵێک، مەرەخەسی بە نیسبەت ماوەی کارەکە حیساب دەکرێت.

ئەم کرێکار بۆی هەیە تەنیا نۆ ڕۆژ لە مەرەخەسی ساڵانەی خۆی بۆ ساڵی دواتر پاشەکەوت بکات. ئەگەر کرێکارێک لە ماوەی ساڵدا لەم مافەی خۆی کەڵک وەر نەگرێت، دەتوانێ پارەی ئەو ڕۆژانەی لە خاوەنکار وەربگرێت. لە ئەگەری خانەنشین بوون، لە کارکەوتن، داخرانی کارگە یان کۆچی دوایی کرێکاردا پارەی مەرەخەسیی پاشەکەوت دەدرێتە کرێکار یان میراتبەرەکانی. مەرەخەسیی ساڵانەی کرێکار لە پیشەی ئەستەم و زیانباردا، پێنج هەفتە لە ساڵدایە و مەرەخەسی ڕۆژانی پێنجشەممەش بە چوار سەعات حیساب دەکرێت.

## مەرەخەسیی چارەسەری و دەرمان

لە یاسادا هیچ سنوورێک بۆ وەرگرتنی «مەرەخەسیی چارەسەری و دەرمان»ی کرێکار لە بەرچاو نەگیراوە و پزیشکی دەرمانکەر هەر چەندەی دیاری کردبێت کرێکار دەتوانێ ئەو ماوەیە لە مەرەخەسیی دەرمان کەڵک وەربگرێت. ماوەی مەرەخەسیی چارەسەری و دەرمان دەبێ لە لایەن پزیشکی دەرمانکەری جێی متمانە یان کۆمیسیۆنی پزیشکیی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی پەسند بکرێت بۆ ئەوەی هەم وەکوو پێشینەی کار و خانەنشینیی کرێکار بێتە ئەژمار و هەم خەسارەت و هەقدەستیشی بکەوێت. لە ماوەی مەرەخەسیی دەرماندا، کرێکار مافی وەرگرتنی «خەسارەتی هەقدەستی» هەیە

خەسارەتی هەقدەست لە لایەن بیمەوە دەدرێت. کەڵکوەرگرتن لە مەرەخەسیی دەرمان و چارەسەری تا ١٥ ڕۆژ بە پەسندی پزیشکی ئاسایی جێبەجێ دەبێت. بەڵام ئەگەر لە نێوان ١٥ تا ٦٠ ڕۆژدا بێت دەبێ پزیشکی متمانەپێکراوی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی پەسندی بکات و ئەگەر لە ٦٠ ڕۆژیش زیاتر بێت دەبێ شووڕای پزیشکیی دابینکاریی کۆمەڵایەتی پەسندی بکات.

**مەرەخەسیی هاوسەرگیری** هەموو کرێکارێک بۆی هەیە بۆ هاوسەرگیری لە سێ ڕۆژ مەرەخەسی بە هەقدەستەوە کەڵک وەربگرێت.

مەرەخەسی بۆ کۆچی دوایی کەسوکار: هەموو کرێکارێک بۆی هەیە لە ئەگەری کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، باوکی، دایکی و منداڵەکانی سێ ڕۆژ مەرەخەسی بگرێت. لەم مەرەخەسییەشدا مووچەی کرێکار دەدرێت.

**مەرەخەسیی سەعاتی** ئەم جۆرە مەرەخەسییە بەشێک لە مەرەخەسیی ڕەوابوونە. بە گشتی کرێکار بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کاری ڕۆژانەی لەم جۆرە مەرەخەسییە کەڵک وەردەگرێت. بەهەرحاڵ کۆی مەرەخەسی سەعاتیی کرێکار لە ڕێژەی مەرەخەسیی ساڵانەی کەم دەکرێتەوە و ڕێژەکەی پێوەندیی بە پێکهاتنی خاوەنکار و کرێکارەوە هەیە.

**بۆ بە جێهێنانی ئەرکی حەج** هەر کرێکارێک مافی ئەوەی هەیە لە هەموو ماوەی کارکردنیدا تەنیا جارێک بە مەبەستی بە جێهێنانی حەجی تەمەتوع، مانگێک «مەرەخەسیی حەج» بگرێت. کرێکار دەتوانێ لە ٣٠ ڕۆژ مەرەخەسیی ساڵانەکەی – بە مەرجێک ٣٠ ڕۆژ مەرەخەسیی پاشەکەوتی هەبێت – کەڵک وەربگرێت و ئەگەر مەرەخەسیی پاشەکەوتی نەبێت، بۆ بە جێهێنانی ئەرکی حەج دەبێ لە مەرەخەسیی بێ مووچە کەڵک وەربگرێت.

**مەرەخەسیی منداڵبوون** ماوەی مەرەخەسیی منداڵبوونی (یەک قولوو و دوو قولوو)ی کرێکاری ژن ٩ مانگی تەواوە بە دانی مووچەوە. هەر وەها هاوسەری ئەم ژنانەش دوو هەفتە مەرەخەسیی «دەسخۆشانە»یان پێ دەدرێت. مووچەی ئەم ماوە لە لایەن ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتییەوە دەدرێت. پاش کۆتایی

مەرەخەسیی منداڵبوون، کرێکاری ژن دەگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی پێشووی و ئەم ماوە بە پەسندی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی وەکوو پێشینەی ئەو دێتە ئەژمار.

**تێبینی:** هەندێ خاوەنکار لە کاتی دامەزراندنی ژناندا ئەو مەرجەیان بۆ دادەنێن کە نابێ دووگیان ببن و ئەگەر دووگیان ببن خاوەنکار مافی ئەوەی هەیە دەریان بکات. ئەم مەرجە بایەخێکی نییە، تەنانەت ئەگەر بە ڕەزامەندیی کرێکاری ژنیش بێت. واتە ئەگەر ئەو مەرجە دابنێن کە کرێکاری ژن لە ئەگەریی دووگیان بووندا لە کارەکەی دەردەکرێت و ئەگەر خاوەنکار بە هۆی دووگیان بوونەوە دەری بکات، ئەم کارە نایاسایییە و کرێکاری ژن دەتوانێ سکاڵا لە دژی خاوەنکار تۆمار بکات و بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر کارەکەی وەربگرێت.

## مەرەخەسیی سەردەمی شیردانی ژنان

کرێکاری ژن بۆی هەیە تا تەمەنی ٢٤ مانگانی منداڵەکەی، هەموو ڕۆژێک بە ماوەی سەعاتێک بە مەبەستی شیردانی منداڵەکەی لە مەرەخەسیی سەعاتی کەڵک وەربگرێت. کەڵکوەرگرتن لەم مەرەخەسییە لە مەرەخەسیی ساڵانە کەم ناکاتەوە. ئەم کرێکارانە دەتوانن بە پێی پێویستیی منداڵ، لانی زۆر تا سێ جار لەو مەرەخەسییە کەڵک وەربگرن. ماوەی مەرەخەسیی سەعاتی بۆ ئەو دایکانەی منداڵی دووقولوو و زیاتریان هەیە، دوو سەعاتە.

## مەرەخەسیی بێ مووچە

لە یاسای کاردا ئەندازەیەک بۆ «مەرەخەسیی بێ مووچە» لە برچاو نەگیراوە و تەنیا ئەوە باسکراوە کە شێوەی کەڵکوەرگرتن لە مەرەخەسیی بێ مووچەی کرێکار، ماوەکەی و مەرجەکانی گەڕانەوە بۆ سەرکارەکەی لە پاش مەرەخەسی، بە پێکهاتنی نووسراوی کرێکار یان نوێنەری یاسایی ئەو و خاوەنکار دیاری دەکرێت. لە مەرەخەسیی بێ مووچەدا، گرێبەستی کار بۆ ماوەی دوو ساڵ وەدوا دەکەوێ و پاش دوو ساڵ کرێکار دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر کارەکەی. تەنیا «مەرەخەسیی خوێندن» بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە درێژ دەکرێتەوە.

## مەرجەکانی کارکردنی ژنان

لە یاسای ئێراندا هەندێ پاڵپشتی بۆ کرێکاری ژن ڕەچاو کراوە. ئەم پاڵپشتییانە ئەو بابەتانەی خوارەوەن:

**١.** سپاردنی کاری مەترسیدار و ئەستەم و زیانبار بە ژنان و هەروەها هەڵگرتنی باری زۆر بە دەست و بە بێ کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەی میکانیکی بۆ کرێکاری ژن قەدەغەیە. ڕێسا و ڕێکارەکانی وەکوو «ئایین نامەی تەندروستیی هەڵگرتنی بار بە دەست» (پەسندکراوی ساڵی ١٣٩٠) هەن کە ڕادەی ڕەوا و ئیزن پێدراوی بار و جۆرەکانی کاری مەترسیدار و ئەستەم و زیانباری دیاری کردووە.

**٢.** کرێکاری ژن بە هۆی ئیمکانی زایمان لە ساڵانی کارکردنیدا، هەندێ ماڤی هەیە کە گرینگترینیان مەرەخەسیی زایمان و مەرەخەسیی دەورانی شیردانە کە لە بەشی پێشوودا باسمان کرد.

هەروەها ئەگەر جۆری کارێک کە کرێکارێکی دووگیان دەیکاتن بۆ دایک یان منداڵەکەی مەترسیدار بێت یان کاری ئەستەم بێتە ئەژمار، دەبێ خاوەنکار کارێکی دیکەی پێ بسپێرێ. هەڵبەت دیاریکردنی ئەم بابەتە لە ئەستۆی پزیشکی متمانەپێکراوی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتییە. ئەوەش گرینگە کە ئەگەر کارێکی ئاسانتر درایە کرێکاری دووگیان، خاوەنکار بۆی نییە بە بیانووی ئەوەی کارەکەی ئاسانتر بووە لە مووچەکەی کەم بکات. ئەم دۆخە تا کۆتایی دووگیانییەکەی درێژەی دەبێت.

**٣.** ئەگەر بە ڕای پزیشکی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی، جۆری ئەو کارەی وا ژنی دووگیان دەیکاتن مەترسیدار و ئەستەم بێت خاوەنکار دەبێ کارێکی شیاوتر و ئاسانتری پێ بسپێرێت.

**٤.** کرێکاری ژن دەتوانێ بە پێی بارودۆخ لە تەمەنی ٥٥ ساڵاندا خانەنشین بێ، واتە پێنج ساڵ زووتر لە پیاوان.

## مەرجەکانی کارکردنی مێرمندالان

بەکارگرتنی کەسانی ژێر تەمەن ۱۵ ساڵان قەدەغەیە و ئەو خاوەنکارەی کرێکاری تەمەن ژێر ۱۵ ساڵان دابمەزرێنی سەرپێچیکارە و جەریمە دەکرێت. هەڵبەت بەو جۆرەی لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد، کارگە بنەماڵەییەکان ناچنە خانەی ئەم قەدەغەکردنەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا کەسانی نێوان تەمەن ۱۵ بۆ ۱۸ ساڵان بەپێی هەندێ مەرج دەتوانن کار بکەن. بەم کەسانە دەڵێن: «کرێکاری مێرمنداڵ». مەرجەکانی کارکردنی مێرمنداڵان ئەوانەی خوارەوەن:

- مێرمنداڵ لە کاتی دەسپێکی کاردا دەبێ لە لایەن ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتییەوە پشکنینی پزیشکیی بۆ بکرێت. پاش دامەزراندنیشی دەبێ لانیکەم ساڵی جارێک پشکنینی پزیشکیی بۆ بکرێت. پزیشکی ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە گونجاوبوونی جۆری کار لەگەڵ توانای کرێکاری مێرمنداڵدا ڕای خۆی دەردەبڕێت و ئەگەر کارەکە بە گونجاو نەزانێت، خاوەنکار لە سەریەتی بە پێی هەلومەرجی کارگە، کارێکی دیکەی پێ بسپێرێت.
- لانی زۆری کاری ڕۆژانەی کرێکاری مێرمنداڵ نیو سەعات کەمترە لە کرێکاری ئاسایی. شێوەی کەڵکوەرگرتن لەم مافە بە پێکهاتنی کرێکار و خاوەنکار دیاری دەکرێت.
- سپاردنی هەر جۆرێک کاری زیادی، کار لە شەودا، هەروەها سپاردنی کاری ئەستەم و مەترسیدار و گواستنەوەی باری لە ڕادەبەدەر بە بێ کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەی میکانیکی بە کرێکاری مێرمنداڵ قەدەغەیە.

**تێبینی**: ئەوەی کە دەڵێن کرێکاری ژێر تەمەن ۱۵ ساڵان یان کرێکارێکی مێرمنداڵ کە ڕێوشوێنی دامەزراندنی بۆ ڕەچاو نەکراوە ناچێتە خانەی یاسای کارەوە، بەو واتایە نییە کە ئەگەر کاریان کرد و خاوەنکار مافی پێشێل کردن، چونکا نایاسایی کاریان کردووە ناتوانن مافی خۆیان بستێنن. بەڵکوو بەو واتایە کە لە ڕێگای یاسای کارەوە ناتوانن هەنگاو هەڵگرن. بۆ نموونە ئەگەر خاوەنکارێک مووچەی کرێکارێکی گەورەساڵ نەدات، ئەم

کرێکاره‌ ده‌چێته‌ ئیداره‌ی کار و دژی خاوه‌نکار سکالا تۆمار ده‌کات. به‌ڵام ئه‌گه‌ر کرێکاره‌که‌ ته‌مه‌نی ژێر ١٥ ساڵان بێت ده‌بێ په‌نا به‌رێته‌ به‌ر دادگه‌.

## مه‌رجه‌کانی کارکردنی هاووڵاتی بیانی

له‌ ئێراندا کرێکاری زۆر هه‌ن که‌ ئێرانی نین. زۆربه‌یان خه‌ڵکی ئه‌فغانستانن. به‌ هۆی ئه‌وه‌ی ڕێسا و ده‌ستووره‌کانی ئێران سه‌باره‌ت به‌ ده‌رکردنی «ئیجازه‌نامه‌ی کار» بۆ هاووڵاتی بیانی زۆر سه‌ختگرانه‌یه‌، زۆربه‌ی کرێکاره‌ ئه‌فغانییه‌کان به‌ بێ مۆڵه‌ت کار ده‌که‌ن. زۆربه‌ی کات کاره‌ ئه‌سته‌مه‌کانیان پێ ده‌سپێرن و خاوه‌نکاره‌کانیش به‌ هه‌قده‌ستێکی که‌متره‌وه‌ له‌ ئاست کرێکاره‌ ئێرانییه‌کان دایان ده‌مه‌زرێنن.

به‌ پێی یاسا، هاووڵاتی بیانی ناتوانێ له‌ ئێراندا کار بکات مه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی ویزای هاتنه‌ ئێرانی بۆ کارێکی تایبه‌ت هه‌بێت، یان به‌ پێی ده‌ستوور و ڕێسا پێوه‌ندیداره‌کان «په‌روانه‌ی کار» وه‌ربگرن. هه‌ر بۆیه‌ هاووڵاتییه‌کی بیانی که‌ ئه‌م به‌ڵگانه‌ی نه‌بێت یاسای کار نایگرێته‌وه‌ و له‌ لایه‌ن یاسای کار و دابینکاریی کۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ پاڵپشتیی لێ ناکرێت. ئه‌م که‌سانه‌ ئه‌گه‌ر کۆچی دوایی بکه‌ن یان که‌مئه‌ندام ببن مووچه‌یان پێ نابڕیه‌ت. ئه‌مه‌ش کێشه‌یه‌کی زۆری بۆ کرێکارانی بێ مۆڵه‌ت ساز کردووه‌. بۆ نموونه‌: ئه‌گه‌ر خاوه‌نکارێک که‌سێکی ئه‌فغانستانیی بێ مۆڵه‌ت به‌ مانگی پێنج ملوێن تمه‌ن دابمه‌زرێنێ، ئه‌م کرێکاره‌ ناتوانێ بچێته‌ ئیداره‌ی کار و بڵێ هه‌قده‌سته‌که‌م له‌ لانیکه‌می هه‌قده‌ست که‌متره‌ و ناتوانێ داوای پاشماوه‌ی هه‌قده‌سته‌که‌ی بکات.

**به‌ڵام ئه‌گه‌ر هاووڵاتییه‌کی بیانی که‌ مۆڵه‌تی کارکردنی نییه‌ له‌گه‌ڵ خاوه‌نکار تووشی کێشه‌ ببێت یان له‌ سه‌ر کاردا تووشی ڕووداوێک ببێت، زانینی ئه‌م بابه‌تانه‌ بۆی به‌ سووده‌:**

- ئه‌گه‌ر کرێکاری بیانی ئیدعای ئه‌وه‌ بکات که‌ خاوه‌نکار بیمه‌ی نه‌کردووه‌ یان که‌متر له‌ لانیکه‌می هه‌قده‌ستی پێداوه‌، یان ئه‌و سه‌رمووچانه‌ی دیکه‌ که‌ یاسای کار ڕه‌چاوی کردووه‌ پێی نه‌داوه‌، به‌ داخه‌وه‌ هیچ ڕێگه‌چاره‌یه‌کی یاسایی بۆ ده‌سته‌به‌رکردنی مافه‌که‌ی نییه‌؛ چونکا پاڵپشتییه‌کانی یاسای کار ئه‌م کرێکاره‌

ناگرێتەوە. بەڵام ئەم کرێکارە لە چوارچێوەی پێکهاتنی خۆی لەگەڵ خاوەنکاردا دەتوانێ پەنا بەرێتە بەر دادگا. بۆ نموونە ئەگەرخاوەنکار ئەو هەقدەستەی لە سەری پێک هاتوون نەیداتە کرێکار، دەتوانێ بچێتە دادگا و سکاڵا تۆمار بکات و ئەو هەقدەستەی لە سەری پێک هاتوون وەری بگرێت. لێرەدا دادگا لە پێکهاتنەکە دەکۆڵێتەوە و کاری بە لانیکەمی هەقدەست نییە.

- ئەگەر ڕووداوێک ڕوو بدات و ئەو کرێکارەی مۆڵەتی کاری نەبووە زیانی جەستەیی و دەروونی پێ بگات، دەتوانێ لە چوارچێوەی یاسای گشتیدا لە دژی خاوەنکار سکاڵا تۆمار بکات و دیە و خەسارەت وەربگرێت.

## کاری ئەستەم و زیانبار

ئەگەرچی هەموو پیشەکان بە جۆرێک دژواریی تایبەت بە خۆیان هەیە بەڵام هەندێ پیشە هەن کە جەستە و دەروونی کرێکار تووشی خەسار دەکەن. لەوانەیە ئەم خەسارانە ئەوەندە زۆر بن کە ببنە هۆی دابەزینی توانای جەستەیی کرێکار یان لە کارکەوتنی ئەو. بۆ نموونە: بە ڕاستی ناکرێ چالاکی کەسێک کە دەخڵداری فرۆشگەیەکە، یان بەرپرسی فرۆشتنی شیرکەتێکە، یان مونشی دیانپزیشکێکە لەگەڵ کەسێکدا کە لە کانگایەک کاردەکات، یان وەستاکاری دەکەڵی برقە، یان لە گەرمای هاویندا بە کوورە کار دەکات، یان لە کارخانەی بەرهەمهێنانی دەرمانە هۆرموونییەکان کاردەکات وەکوو یەک چاو لێ بکرێن. هەر بەم هۆکارە پیشەکان بە دوو دەستەی: ئاسایی و ئەستەم دابەش دەکرێن. مەبەست لەم دابەشکردنە ئەوەیە کە لە کرێکارانی کاری ئەستەم پاڵپشتیی زیاتر بکرێت.

بە پێی یاساکان، کاری ئەستەم و زیانبار ئەو کارانەن کە لەواندا هۆکاری فیزیکی، شیمیایی، میکانیکی یان بیۆلۆژیکی شوێنی کارەکە ناستاندار بێت و بە هۆی کارکردنی کەسی بیمەکراو ئاڵۆزییەکی زیاتر لە ئەندازەی ئاسایی (جەستەیی و دەروونی) لەودا دروست دەبیت کە ئەنجامەکەی نەخۆشینی پیشەیی و ئاسەواری سەرچاوەگرتوو لەو دەبێت.

بەو جۆرەی لەو پێناسەی سەرەوە دەردەکەوێ، لە کاری ئەستەمدا دۆخی شوێن و

سروشتی کار بە جۆرێکە کە ئازار بە جەستە و دەروونی کرێکار دەگەیەنێت. کاری ئەستەم بە دوو جۆر دابەش کراوە:

**ئ**) ئەو کارانەی کە خسڵەتی ئەستەم و زیانباریان گرێدراوە بە جەوهەری کارەکەوە بەڵام دەکرێت بە ڕەچاوکردنی ئاسانکاری تەندروستی، هێمنایەتی و ڕێوشوێنی فەنی پێویست لە لایەن خاوەنکارەوە، دژواری و زیانباربوونەکەی بسڕدرێتەوە.

**ب**) ئەو کارانەی کە لە جەوهەردا ئەستەم و زیانبارن و بە ڕەچاوکردنی ئاسانکاریی تەندروستی، هێمنایەتی و ڕێوشوێنی فەنی لە لایەن خاوەنکارەوە، جەوهەری ئەستەم و زیانباری کەم دەبێتەوە بەڵام دژواری و زیانباربوونیان هەر دەمێنێ. بۆ نموونە کارکردن لە کانە ژێرزەوییەکاندا بە شێوەیەکی سروشتی ئەستەمە و هەر چەندە ڕێوشوێنی تەندروستی و هێمنایەتیی تێدا ڕەچاو بکرێت دیسان ئەستەم دێتە ئەژمار. بەڵام بۆ وێنە ئەگەر کرێکارێک لە نانەواخانەیەکی تەنووریدا کار دەکات ئەگەر بارودۆخی نانەواخانەکە بە جۆرێک بێت کە گەرمای تەنوورەکە کرێکار ئازار نەدات، کاری ئەستەم نایەتە ئەژمار بەڵام ئەگەر لە نانەواخانەیەکی ئاساییدا کە کرێکار لە ئاگر و گەرماوە نزیک بێت کاری ئەستەم دێتە ئەژمار.

لە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتیدا لێژنەیەک لە ژێر ناوی «لێژنەی پیشە ئەستەم و زیانبارەکان» هەیە کە دیاریکردنی پیشە ئەستەمەکان لە ئەستۆی ئەودایە. هەر بۆیە تەنیا کاتێک پیشەیەک وەکوو پیشەی ئەستەم دیاری دەکرێت کە ئەم لێژنە بە پێی ڕێساکان وەکوو پیشەی ئەستەم ڕایگەیەنێ. دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم لێژنە خۆی سەبارەت بەوەی کە «لە کام کارگەدا و کێها پیشە ئەستەمن» لێکۆڵینەوە ناکات، بەڵکوو دەبێ بۆ لێکۆڵینەوە داخوازی بدرێتە لێژنە. واتە کرێکار یان خاوەنکاردەبێ سەردانی لێژنەی پیشە ئەستەم و زیانبارەکان بکات و داخواز بۆ ئەستەم هاتنە ئەژماری پیشەی لە بەرچاو گیردراو پێشکەش بکات. بە سەرنجدان بەوەی کە ئەم بابەتە هیچ قازانجێکی بۆ خاوەنکار تێدا نییە بەم کارە دەبێ چوار لە سەد زیاتر لە پیشە ئاساییەکان هەقی بیمە بدات، هەر بۆیە خاوەنکارەکان حەز بەوە ناکەن بۆ بە ئەستەم ناسینی پیشەی کرێکارەکانیان هەنگاو هەڵگرن. لە لایەکی

دیکەشەوە، ئەگەرچی لە یاسا و ڕێساکاندا بابەتی پشکنینی کارگەکان ڕەچاو کراوە بەڵام لە هیچ شوێنێکدا نەهاتووە کە پشکێنەران دەبێ سەبارەت بە دژواریی کار ڕا و بۆچوون بدەن. بەم پێیە، لە کردەوەدا ئەوە تەنیا کرێکارە کە دەبێ ڕەوتی ئەستەم هاتنە ئەژماری پیشەکەی دەست پێ بکات و بیسەلمێنێ.

ڕەوتی پێڕاگەیشتن بە داخوازی ئەستەم هاتنە ئەژماری پیشە بەمجۆرەیە کە سەرەتا دەبێ داخوازێک بدرێتە ئیدارەی کاری شوێنی کارگەکە. لەم پێوەندییەدا هەندێ فۆرم لە لایەن داواکارەوە – کە زۆربەی کاتەکان هەر کرێکارە- پڕ دەکرێتەوە. پاشان بابەتەکە دەنێردرێت بۆ لێژنەی بەرایی پارێزگا و پێڕاگەیشتنی بۆ دەکرێت. ئەگەر داخوازییەکە پەسند بکرێت، بابەتەکە دەنێرن بۆ ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەگەر پەسند نەکرێت دیسان بە داواکاری ڕادەگەیەنن و ئەوویش بۆی هەیە «داخوازی پێداچوونەوەکردن» بکات.

لێرەدا خاوەنکاریش دەتوانێ بە نیسبەت پەسندبوونی بڕیارەکە ناڕەزایەتی دەرببڕێت. لە ئەگەری دەربڕینی ناڕەزایەتیدا، لێژنەی پێداچوونەوەی پارێزگا بە بابەتەکەدا دەچێتەوە و بڕیاری کۆتایی دەر دەکات. لە کۆتاییدا ئەگەر دیسان داخوازی کرێکار ڕەتکرایەوە، دەتوانێ لە «دیوانی عەداڵەتی ئیداری»دا سکاڵا تۆمار بکات. شێوازی پێڕاگەیشتن بە پێی دەستووری پیشە ئەستەم و زیانبارەکانی بابەتی یاسای دابینکاریی کۆمەڵایەتی و ڕێکارە بەڕێوەبەرایەتییەکانی شێوازی چالاکیی لێژنە بەراییەکان و پێداچوونەوەی پارێزگا و بەراوردکردن و دیاریکردنی پیشە ئەستەم و زیانبارەکان و چاودێری بە سەر ئەوانەدا ئەنجام دەگرێت.

## جیاوازییەکانی کرێکاری پیشەی ئەستەم بە نیسبەت پیشەی ئاسایی

- لە کاری ئەستەم و زیانبار و ژێرزەمینیدا، سەعاتی کارکردن نابێ لە «شەش سەعات لە ڕۆژدا و ٣٦ سەعات لە هەفتەدا» تێپەڕێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەعاتی کارکردن لە پیشە ئاساییەکاندا «هەشت سەعات لە ڕۆژدا واتە ٤٤ سەعات لە هەفتەدا»یە.

- مەرەخەسیی ساڵانەی کرێکار لە پیشە ئەستەم و زیانبارەکاندا لە ساڵدا پێنج هەفتەیە و مەرەخەسیی ڕۆژانی پێنجشەممە چوار سەعات لە بەرچاو گیراوە؛ لە کاتێکا لە پیشە ئاساییەکاندا مەرەخەسیی ساڵانە مانگێکە.

- سپاردنی کاری ئەستەم و زیانبار و مەترسیدار بە کرێکاری مێرمنداڵ قەدەغەیە.

- سپاردنی کاری مەترسیدار و ئەستەم و زیانبار و هەروەها بارەوبارکردنی باری زۆر بە دەست و بە بێ کەرەستەی میکانیکی بۆ ژن قەدەغەیە.

- سپاردنی کاری زیادی بە کرێکاری پیشەی ئەستەم قەدەغەیە؛ بەڵام لە پیشە ئاساییەکاندا تا چوار سەعات کاری زیادی لە ڕۆژدا کێشەی نییە.

- کارکردن لە پیشەی ئەستەمدا بە ماوەی ٢٠ ساڵ بە دوای یەکدا، یان ٢٥ ساڵ بە شێوەی دەورەیی دەبێتە هۆی خانەنشینی؛ لە حاڵێکدا لە کاری ئاساییدا ئەم ماوەیە ٣٠ ساڵە. بە گشتی هەر ساڵێک پێشینەی تێڕژاندنی هەقی بیمە لە کاری ئەستەم و زیانباردا، بە ساڵ و نیوێک دێتە ئەژمار.

**تێبینی**: ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی کۆتا ناوەندی بە فەرمی ناسینی پیشەی ئەستەمە. پاش قەبووڵکردنی ئەم ڕێکخراوەیە کە کەسێک وەکوو «کرێکاری پیشەی ئەستەم» دێتە ئەژمار. بەڵام هەندێ جار بینراوە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی سەرەڕای تێپەڕاندنی قۆناخی پێویست و تەنانەت بڕیاری دیوانی عەداڵەتی ئیداری، بە بیانووی جۆراوجۆر لە قەبووڵکردنی کاری ئەستەم خۆی دەبوێرێ. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە ئەگەری هاتنە ئەژماری پیشەیەک وەکوو پیشەی ئەستەم، کرێکار زووتر خانەنشین دەبێت و سروشتییە کە دابینکاریی کۆمەڵایەتی لە سەریەتی مووچەی خانەنشینییەکەی بدات. ئەم کارە بە لای بەرپرسانی دابینکاریی کۆمەڵایەتییەوە دانی مووچەیەکی زیادییە. بە واتایەکی تر، ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی، هەمیشە خانەنشینیی پێشوەختەی وەکوو قورساییەک لە سەر شانی خۆی زانیوە و تا ئەو شوێنەی بۆی بکرێت لە ئاست خانەنشینی پێشوەختەدا بەرەنگاری دەکات؛ تەنانەت بە چاوپۆشی کردن لە مافی کرێکارانی پیشە ئەستەمەکانیش.

**کێشـەی دانی هەقی بیمە:** هەقی بیمەی کرێکار لە پیشە ئاساییەکانا، ۳۰ لە سەدی مووچەی کرێکارە کە ۲۳ لە سەدی لە لایەن خاوەنکار و حەوت لە سەدیشی کرێکار خۆی دەیدات. لە پیشە ئەستەم و زیانبارەکاندا چوار لە سەد زیاتر دەدرێت کە ئەم برە لە ئەستۆی خاوەنکارە. لە یاسای دابینکاریی کۆمەڵایەتیدا وتراوە کە خاوەنکار دەتوانێ ئەم برە هەم یەکجێ بدات و هەم بە شێوەی قیستی. هەروەها ئیمکانی ئەوەش هەیە کە خاونکار لە کاتی خانەنشینی کرێکاردا ئەو برە پارەیە تێ بکات. بە سەرنجدان بەوەی کە زۆر جار کرێکار پاش ساڵانێک کارکردن، خوازیاری ئەستەم هاتنە ئەژماری پیشەکەی دەبێت، بەم پێیە پاش وەرگرتنی داخوازییەکەی، خاوەنکار دەبێ بۆ ساڵانی ڕابردووشی ئەم برە پارەیە تێ بکات.

ئەگەرچی لە بواری یاساییەوە هەقی بیمە بابەتێکە لە نێوان خاوەنکار و دابینکاریی کۆمەڵایەتیدا و لە ئەگەریی تێ نەکردنی هەقی بیمە، ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی دەبێ بەڵێنەکانی خۆی بەرێتە سەر و لە سەریەتی خاوەنکار بەم کارە ناچار بکات؛ بەڵام بە کردەوە، ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی حەزی لە بەرێوەبردنی ئەم مادە نییە و ئەستەم هاتنە ئەژماری پیشەیەک مەرجدار دەکات بەوەی کە چوار لە سەدی زیادی بدەن. بە واتایەکی دیکە، ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی تا ئەوکاتەی هەقی بیمە بە تەواوی وەرنەگرێت، کرێکار خانەنشین ناکات. کرێکاری وامان هەیە کە پێشینەی ۲۰ ساڵ کاری ئەستەمی هەیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی خاوەنکار هەقی بیمەکەی بۆ تێ نەکردووە، خانەنشین نەبووە. لە بابەتی وەهادا، کرێکار ناچار دەبێ خۆی ئەو برە پارەیە تێ بکات، ئەگینا دەست لە پێ درێژتر دەمێنێتەوە و ناتوانێ لە تایبەتمەندیی پیشەی ئەستەم بەهرەمەند ببێت. جاری وایش بووە کە باوەکوو دیوانی عەداڵەتی ئیداری بڕیاری لە سەر ئەوە داوە کە ئەرکی کرێکار نییە چوار لە سەدی هەقی بیمە بدات بەڵام ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردووە. کە وابوو، چونکا کرێکار بە دوای بەهرەمەندی لە تایبەتمەندیی پیشەی سەختەوەیە (بە تایبەت لە کاتی خانەنشینیدا) ناچار دەبێ هەقی بیمەکەی بدات لە حاڵێکدا ئەرکی سەر شانی خاوەنکارە. هەندێ جاریش خاوەنکار ڕەزامەندیی کرێکار لە سەر نەدانی چوار لە سەدی زیادی وەردەگرێت کە ئەمەش کێشەی بە

دواوەیە. زۆر جار کرێکار بە هۆی ترس لە بێکاری ڕێکەوتنی وا قەبووڵ دەکات. بەڵام ئەم ڕێکەوتنە بایەخێکی نییە، تەنانەت ئەگەر کرێکاریش قەبووڵی کردبێت.

**وێک نەهاتنەوەی پیشەی ڕاستەقینە لەگەڵ پیشەی ڕاگەیەندراو لە لیستەی بیمەدا:** خاوەنکار لە سەریەتی لەو لیستەی وا دەینێرێ بۆ ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی، ناونیشانی پیشەی کرێکاری بیمەکراو بنووسێت. لە هەندێ کارگەدا لەوانەیە هەندێ کار ئەستەم و هەندێکیشی ئاسایی بێت.

**نموونە** لە نانەواخانەیەکدا، کەسێک کە لە سەر تەنوور کار دەکات زۆربەی کات وەکوو کرێکاری پیشەی ئەستەم دەناسرێت. بەڵام هەر لەو نانەواخانەدا، ئەو کەسەی فرۆشیارە یان هەویرشێلە زۆربەی کات وەکوو پیشەی ئاسایی دێنە ئەژمار. نموونەیەکی دیکە: کرێکارێک کە لە کارخانەی دەرمانسازیدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ مادە شیمیاییەکاندا سەروکاری هەیە بە هۆی ئاسەواری زیانباری لە سەر سلامەتیی، کرێکاری پیشەی ئەستەمە، بەڵام کرێکاری بەشی ئیداری یان گواستنەوەی بار لەوانەیە کرێکاری ئاسایی بێتە ئەژمار.

هەندێ جار بینراوە کە خاوەنکارەکان بۆ دەربازبوون لە دانی چوار لە سەدی زیادیی هەقی بیمە، پیشەی ڕاستەقینەی کرێکار لە لیستی بیمەدا نانووسن. هەندێ جاریش ئەم بابەتە لە بێ ئاگایی و کەمتەرخەمیی خاوەنکارەوە سەرچاوە دەگرێت، هەندێ جاریش پیشەی کرێکار لە کارگەدا لە لایەن خاوەنکارەوە گۆڕدراوە بەڵام لە لیستی بیمەدا هەر پیشەی پێشووی دەنووسرێت. زۆربەی کرێکارەکانیش یان بەم بابەتە نازانن یان لە ترسی دەرکردنیان بێدەنگ دەبن بەڵام لە کاتی خانەنشینی یان کۆتایی کارەکەدا هەنگاوی یاسایی بۆ هەڵدەگرن.

**وێک نەهاتنەوەی پیشەی کرێکار لە گەڵ پیشەی تۆمارکراو لە لیستی بیمەدا، کێشەیەکی زۆر بۆ کرێکارەکان سازدەکات. لە ئەگەری شتی وادا دەبێ کرێکار بیسەلمێنی کە پیشەی تۆمارکراو لە لیستەکەدا ڕاست نییە.** بۆ نموونە وایدانێین کرێکار بۆ سەلماندنی یاسایی پێشینەی ٢٠ ساڵێ پێشووی خۆی هەنگاوی هەڵگرت؛ ئێستا تێدەگەین کە سەلماندنی ئەوەی کە لەو کاتەدا کارگە لە چ دۆخێکدا بووە و پێشەی

کرێکار چی بووە زۆر ئەستەمە. تەنانەت لە ئەگەری سەلماندنیشدا ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بە سانایی ئەوە قەبووڵ ناکات کە لیستی نێردراوی خاوەنکار هەڵە بووە. زۆر جاران کاتێ کرێکار بۆ ئەستەم هاتنە ئەژماری پیشەکەی دەچێتە لێژنەی بەرایی و پێداچوونەوە و داخوازییەکەشی قەبووڵ دەکرێت، لە قۆناخی بەراوردکردنی پیشەدا، ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بە لێکدانەوەی لیستی نێردراو تێدەگات کە پیشەی کرێکار جیاوازە.

**نموونە** لەوانەیە کرێکارێک دارێژکار بێت بەڵام لە لیستی بیمەدا وەکوو «کرێکاری ئاسایی»ناسێنرابێت. ئەم بابەتە یەکێ لە گرینگترین کێشەکانی کرێکارانی پیشەی ئەستەمە کە کێشەی زۆری بۆ ساز کردوون. لە هەندێ پارێزگادا بۆ چارەسەریی ئەم بابەتە هەندێ ڕێوشوێن لە بەرچاو گیردراوە: بۆ وێنە ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پیشەی ڕاستەقینەی کرێکار چەند کەسێک وەک لێکۆڵەر دەنێرن بۆ کارگە و لە ئەگەری هەڵە لە لیستی بیمەدا، لە جیاتی پیشەی نووسراوی لیستەکە، ناونیشانی پیشەی ڕاستەقینە تۆمار دەکەن.

**چەند ڕەخنەیەک:** هەروا کە پێشتر باسمان کرد، هەندێ پیشە لە جەوهەردا ئەستەم و زیانبارن؛ وەکوو کارکردن لە کان یان قیرەتاوکردن. بەڵام هەندێ پیشە لەوانەیە بە هۆی بارودۆخی کارگەوە ئەستەم بێنە ئەژمار؛ وەکوو شاتری. لەم بابەتەدا، ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی لە شوێنە جیاجیاکانی وڵاتدا سەبارەت بە هەندێ پیشە شێوازی جۆراوجۆری ڕەچاو کردووە، بۆ نموونە لەوانەیە کاری جۆشکاری لە شارێکدا وەکوو پیشەی ئەستەم بێتە ئەژمار بەڵام لە شارێکی دیکەدا پیشەی ئاسایی. یان بۆ وێنە لە پیشەی ڕۆژنامەوانیدا تا ئێستاش ڕەوتیکی یەکدەست نەهاتۆتە ئاراوە. یان ئەوەی کە لە زۆربەی پارێزگاکاندا تەنیا شاتری پیشەی ئەستەمە بەڵام لە هەندێ شوێنی دیکەدا هەویرشێلانیش وەکوو پیشەی ئەستەم دێتە ئەژمار. بەم پێیە دەبینین کە لە بابەتی دەسنیشانکردنی پیشە ئەستەمەکاندا تەکووزی لە ئارادا نییە. بە هیچ پێوەرێک ئەمە پێوانە ناکرێت کە دوو پیشەی وەک یەک و لە بارودۆخێکی یەکساندا، لە شارێک کاری ئەستەم و لە شارێکی دیکەدا

کاری ئاسایی بێتە ئەژمار. پێراگەیشتن و چارەسەریی ئەم بابەتە دەکرێ یەکێک لە داخوازییەکانی کرێکاری پیشە ئەستەمەکان بێت.

**ڕەخنەیەکی دیکە ئەوەیە** کە لە یاسای ئێراندا بۆ هەموو پیشە ئەستەمەکان پاڵپشتییەکی یەکسان ڕەچاو کراوە، لە حاڵێکدا هەندێ پیشەی ئەستەم زۆر مەترسیدارترن لەوانی دیکە. بۆ نموونە ئەو کەسانەی لە سەر هێڵ و پۆستی ڕاگواستنی برق بە گوشاری ٦٣ کیلۆ ڤۆڵت و زیاتر لەوە کار دەکەن کرێکاری پیشەی ئەستەم دێنە ئەژمار. لە هەندێ شوێندا ئەم کرێکارانە ناچارن چەندین کیلۆمەتر بە پێیان کێو بپێون تا بگەنە دەکەڵی برقەکان. سارد و سەرمای بەرزایی کێوەکان و هەورەتریشقە و بە گشتی بارودۆخی کەشوهەوا، ئەم کرێکارانە دەخاتە بەردەم مەترسییەوە. یان ئەو کرێکارانەی لە یەکەی بەرهەمهێنانی دەرمانە هۆرموونییەکان کار دەکەن لە بەردەم مەترسیی جەستەیی و دەروونیی وەکوو ئاڵۆزی جنسیدان. یان ئەو کەسانەی لە ناوەندی ڕاگرتنی نەخۆشە دەروونییەکاندا کار دەکەن لە درێژخایەندا تووشی داهێزانی ڕووحی دەبن. هەروەها شۆفێری و ڕۆژنامەوانیش وەکوو پیشەی ئەستەم دێنە ئەژمار. ئەگەر ئەو پیشانەی سەرەوە لەگەڵ یەک بەراورد بکەین، دەبینین کە ئاستی ئەستەم بوونیان یەکسان نییە. بە واتایەکی تر، پێویستە پیشە ئەستەمەکانیش پلەبەندی بکرێن و بۆ هەر کامیان پلەی شیاوی خۆی بۆ لە بەرچاو بگیردرێت.

## هەڵپەساردنی کار

ئەگەر بە هۆی پێشهاتێکی وەکوو وەدیهاتنی ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوەوە، بەڵێنەکانی کرێکار یان خاوەنکار یان هەردووکیان جێبەجێ نەکرێت، گرێبەستی کار دەچێتە حاڵەتی هەڵپەسێراوییەوە و پاش یەکلاکردنەوەی ئەوانە، گرێبەستی کار بە حیساب کردنی پێشینەی کار لە بواری خانەنشینی و زیادبوونی مووچە دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی سەرەتا. هەڵپەساردنی گرێبەستی کار کاتێ ڕوو دەدات کە هۆکار یان بەربەستێکی کاتی، بەڕێوەبردنی بەڵێنەکان نامومکین دەکات. ئەگەر ئەو هۆکارە یان ئەو بەربەستە هەمیشەیی بێت، گرێبەست هەڵناپەسێردرێت بەڵکوو کۆتایی پێ دێت.

**نموونە** ئەگەر کرێکارێک کۆچی دوایی بکات ئیتر درێژەی بەڕێوەبردنی بەڵێنەکان لە لایەن ئەوەوە بۆ هەمیشە هەڵدەوەشێتەوە و ئەم ڕووداوە بە هۆکاری کۆتایی گرێبەستی کار دێتە ئەژمار. بەڵام هۆکارگەلی وەکوو نەخۆشیی چارەسەر هاتووی کرێکار، دەسبەسەربوونی کرێکار، ئامادەنەبوونی پاساوهەڵگری کرێکار و بابەتی لەو جۆرانە دەبنە هۆی هەڵپەساردنی گرێبەست: چونکا ئەم بابەتانە کاتین و پاش ماوەیەک چارەسەر دەبن. بابەتێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە ئەو شتەی دەبێتە هۆی هەڵپەساردنی گرێبەست دەبێ «نائیرادی» بێت. واتە کرێکار و خاوەنکار بە ئەنقەست کارێکیان نەکردبێ بۆ ئەوەی گرێبەستەکە هەڵپەسێردرێ. بۆ نموونە لە بابەتی نائیرادیدا دەتوانین ئاماژە بکەین بە نەخۆشینی کرێکار، وەدیهاتنی ڕووداوی نەخوازراو یان داخرانی ناچاریی بەشێک لە کارگە. لە هەندێ بابەتیشدا لەوانەیە کرێکار بە هۆکارێک لە لایەن ناوەندێکی دادوەرییەوە دەسبەسەر بکرێت و نەتوانێ کارەکەی ئەنجام بدات.

هەڵبەت «نائیرادی بوونی هەڵپەساردن» هەندێ هەڵوارتەی هەیە. هەندێ جار کرێکار و خاوەنکار پێکدێن بە شێوەی کاتی کۆتایی بە پێوەندیی کاری نێوانیان بێنن. بۆ نموونە ئەگەر کرێکار و خاوەنکارێک پێک بێن کە کرێکار لە مەرەخەسیی بێ مووچە کەڵک وەرگرێت یان بچێتە مەرەخەسیی خوێندن. هەر چەندە ئەم هۆکارگەلە خۆویستانەیە بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵپەساردنی گرێبەست دێنە ئەژمار.

## لابردنی هەڵپەسێراویی کار

پاش لابردنی هەڵپەسێراوی، کرێکار دەبێ لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا خۆی بە خاوەنکار بناسێنێ و بگەڕێتەوە سەر کارەکەی. ئەگەر خاوەنکار وەری نەگرێتەوە، دەبێ بچێتە ئیدارەی کار و لە دژی خاوەنکار سکاڵا تۆمار بکات و داخوازی «پێویستیی گەڕانەوە بۆ سەرکار» بکات. ئەگەر ئەم کارە نەکات وەکوو ئەوە وایە خۆی دەستی لە کار کێشابێتەوە و ئیتر ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ سەرکارەکەی. ئەگەر کرێکار پاش تەواوبوونی هەڵپەساردن بگەڕێتەوە بۆ شوێنی کارەکەی و خاوەنکار وەری نەگرێتەوە، ئەگەر خاوەنکار نەتوانێ بیسەلمێنێ کە بە هۆکارێکی پاساوهەڵگرەوە کرێکار وەرناگرێتەوە،

بە دەسنیشانکردنی ئیدارەی کار دەبێ کاتی گەڕاندنەوەی کرێکار بۆ سەر کارەکەی، هەموو مووچە یان هەقدەستی کرێکار لە ڕێکەوتی سەردانیەوە بۆ کارگە تێ بکات. بەڵام ئەگەر خاوەنکار بتوانێ بیسەلمێنێ کە وەرنەگرتنەوەی کرێکار بەڵگەمەندە بە هۆکاری پاساوهەڵگرەوە، لەم حاڵەتەدا وێڕای ڕاگەیاندنی کۆتایی کار، خاوەنکار تەنیا لە سەریەتی هەقی ساڵانەی کرێکار (لە بەرامبەر هەر ساڵێک پێشینەی کاردا، ٤٥ ڕۆژی دوا هەقدەستی) بدات.

شایانی باسە کە مەشموولانی خزمەتی سەربازی، پاش کۆتاییهاتنی خولی سەربازی دوو مانگ دەرفەتیان هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر کاری پێشوویان. بەڵام لە بابەتەکانی دیکەی هەڵواردندا، ئەم ماوەیە مانگێکە.

**تێبینی** : خاڵێکی گرینگ لە هەڵپەساردنی گرێبەستدا، ئەنجامەکانی دەسبەسەربوونی کرێکارە. لەوانەیە خاوەنکار لە دژی کرێکار سکاڵا تۆمار بکات یان دەسبەسەربوونی کرێکار پێوەندیی بە خاوەنکارەوە نەبێت. لەم حاڵەتەشدا گرێبەستی کار هەڵدەپەسێردرێ. ئەگەر خاوەنکار سکاڵاکەری کرێکار بێت و کرێکار دەسبەسەر بکرێت، خاوەنکار لە سەریەتی ٥٠ لە سەدی مووچەی مانگانەی کرێکار بۆ بنەماڵەکەی تێ بکات. پاش داخستنی دۆسییەکە و لە ئەگەری مەحکوومبوونی کرێکار، خاوەنکار بۆی هەیە کۆتایی بە کاری کرێکار بێنێ و ئەو بڕە پارەیەی لە کاتی پێڕاگەیشتن بە دۆسییەکەیدا داویەتی بە بنەماڵەکەی داوای بکاتەوە. بەڵام ئەگەر پاش پێڕاگەیشتن بە دۆسییەکەی بێ تاوان دەرچوو، کرێکار جیا لەوەی دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر کارەکەی بەڵکوو خاوەنکار بێجگە لە قەرەبووکردنەوەی خەسارەت دەبێ مووچەی تەواوی ئەم دەورانە (بە حیسابکردنی ئەو بڕە پارەی داویەتی بە بنەماڵەکەی) بداتە کرێکار و مافی ئەوەشی نابێت پێش بە گەڕانەوەی کرێکار بگرێت. هەروەها ئەو ماوەیش کە کرێکار لە دۆخی هەڵپەساردندا بووە وەکوو پێشینەی کار بۆی دێتە ئەژمار.

ئەگەر سکاڵاکەر کەسێکی دیکەی بێجگە لە خاوەنکار بێت و کرێکار مەحکووم ببێت، خاوەنکار بۆی هەیە دەری بکات. بەڵام ئەگەر کرێکار لە تاوان بەری بوو، خاوەنکار بۆی نییە بەر بە گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکەی بگرێت؛ بەڵام ماوەی هەڵپەساردن

یان دەسبەسەربوونی کرێکار وەکوو پێشینەی کارکردن بۆی نایەتە ئەژمار و ئەو ماوە مووچەیشی پێ نادرێت، چونکا سکاڵاکەر کەسێکی جیا لە خاوەنکار بووە. هەروەها لەم حاڵەتەدا خاوەنکار لە سەری نییە ٥٠ لە سەدی مووچە بداتە بنەماڵەی کرێکار.

**تێبینی١:** ماوەی خزمەتی سەربازی، هەروەها ماوەی بەشداریی خۆبەخشانەی کرێکار لە بەرەی شەڕدا، وەکوو پێشینەی کاری ئەوان دێتە ئەژمار

**تێبینی٢:** گرێبەستی ئەو کرێکارانەی کە بە پێی یاسای کار لە مەرەخەسیی خوێندن یان مەرەخەسیی بێ مووچە کەڵک وەردەگرن، لانیکەم بە ماوەی دوو ساڵ هەڵدەپەسێردرێ. تەنیا مەرەخەسیی خوێندنە کە بە ماوەی دوو ساڵی دیکە درێژ دەکرێتەوە. واتە هەموو بابەتێکی هەڵپەساردنی گرێبەستی کار بە هۆی مەرەخەسیی بێ مووچەوە، لانیزۆر بۆ دوو ساڵ لە بەرچاو گیردراوە، بێجگە لە مەرەخەسیی خوێندن کە بە درێژکردنەوەی دوو ساڵی دیکە، ئیمکانی هەڵپەساردنی گرێبەستی بۆ ماوەی چوار ساڵ بۆ دەڕەخسێنێ.

## کۆتایی کار

گرێبەستی کرێکارێک لەوانەیە بە هۆکاری جۆراوجۆر کۆتایی پێ بێت. بۆ وێنە ئەگەر کرێکار دەربکرێت، یان خانەنشین ببێت، یان بۆ نموونە خاوەنکار وەرشکست ببێت. بە گشتی ڕێگاکانی کۆتایی گرێبەستی کار لەوانەیە بە ویستی کرێکار یان خاوەنکار، یان هەندێجار بە ویستی هەر دوو لایان بێت. بەڵام کرێکار ساناتر دەتوانێ کۆتایی بە پێوەندیی کاری بێنێت. بە پێی یاسا، گرێبەستی کرێکار لەو حاڵەتانەی خوارەوە کۆتایی پێ دێت:

**١. کۆچی دوایی کرێکار**

**٢. خانەنشین بوونی کرێکار**

**٣. لە کارکەوتنی کرێکار**

**٤. بە سەرچوونی ماوەی گرێبەستەکانی کاتیی کار و تازەنەکردنەوەی بە شێوەی ڕاشکاوانە یان بە ئاماژە**

**٥. کۆتایی کار لەو گرێبەستانەدا وا پێوەندیی بە کارێکی دیاریکراوەوە هەیە**

**٦. دەست لە کارکێشانەوەی کرێکار**

**٧. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست بەو جۆرەی کە لە دەقی گرێبەستی گونجاو لەگەڵ یاسای کاردا ڕەچاو کراوە.**

بەو جۆرەی ئاماژەمان پێدا لەوانەیە گرێبەستی کار بە ویستی کرێکار یان خاوەنکار، یان بە هۆکاری چاوەڕواننەکراو یان لە ڕووی ناچارییەوە کۆتایی پێ بێت. لە درێژەدا، یەک بە یەک هەموویان شی دەکەینەوە.

## ١ کۆتایی گرێبەستی کار بە شێوەی نائیرادی

گرێبەستی کار لەوانەیە بە بێ ویستی کرێکار یان خاوەنکار و لە ڕووی ناچارییەوە کۆتایی پێ بێت. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە کۆچی دوایی، لە کارکەوتنی گشتی یان خانەنشینی کرێکار. جاری وایشە لەوانەیە بە هۆی باری دارایی و بێدەسەڵاتیی خاوەنکار بۆ درێژەدان یان وەرشکست بوونی، درێژەی کارەکە نامومکین دەکات کە لەم حاڵەتەدا بە پەسندکردنی ناوەندەکانی خاوەن سەلاحییەت، گرێبەستی کاری کرێکار کۆتایی پێ دێت. هەروەها گرێبەستی کار بۆ ماوەی کاتی یان کاری دیاریکراو، پاش تەواوبوونی ماوەی گرێبەست یان تەواوبوونی ئەو کارەی کە بابەتی گرێبەست بووە، خۆبەخۆ کۆتایی پێ دێت.

**تێبینی**: زۆر جار خاوەنکار بە بیانووی «کەمکردنەوەی ئەستی ژمارەی کرێکاران» کرێکارەکانی دەردەکات. کەمکردنەوەی پێرسۆنێل واتە ئەوەی کە هەلومەرجێک لە کاروکاسپیدا بێتە ئاراوە کە خاوەنکار ناچار ببێت کارگەکەی بەرتەسک بکاتەوە. بۆ نموونە لەوانەیە خاوەنکار کارگەکەی بە ئامێری ماشێنی تەیار بکات و ئیتر پێویستی بە کرێکار نەبێت. یان بۆ وێنە بە هۆی دۆخی خراپی بازاڕ ناچار بێت بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکان هەندێ لە کرێکارەکانی دەر بکات. لەم حاڵەتەدا خاوەنکار دەبێ بە ڕەزامەندیی ئیدارەی کار هەنگاو بۆ دەرکردنی کرێکار هەڵگرێت و دەبێ بیسەلمێنێ کە چیتر پێویستی بە کرێکار نییە.

**نموونە** ئەگەر خاوەنکار ڕایگەیەنێت کە بە هۆی بارودۆخی خراپی بازاڕ کرێکارێکی دەرکردووە بەڵام دواتر ئاشکرا ببێت کە کەسێکی دیکەی لە جیاتی ئەو هێناوەتە سەر کار، دەردەکەوێ خاوەنکار درۆی کردووە؛ چونکا ئەگەر بارودۆخی کارەکەی خراپ بوایەت کەسێکی دیکەی دانەدەمەزراند. لە هەر حاڵدا ئیدارەی کار بەرپرسی لێکدانەوەی ئەم بابەتەیە و ئەگەر خاوەنکار بەڵگەی مسۆگەری نەبێت دەبێ کرێکارەکە بگەڕێنێتەوە بۆ سەر کارەکەی.

## ٢ کۆتایی گرێبەستی کار بە داخوازیی کرێکار

**ئ) دەست لەکارکێشانەوەی کرێکار:** کرێکار بۆی هەیە بە ڕاگەیاندنی دەست لەکارکێشانەوە کۆتایی بە گرێبەستی کار بێنێ. دەست لەکارکێشانەوە تایبەت بە گرێبەستی هەمیشەییە. ئەو کرێکارەی دەست لەکار دەکێشێتەوە دەبێ پاش ڕاگەیاندنی دەست لەکارکێشانەوە، مانگێک درێژە بە کاری خۆی بدات و ئەگەر پاش ١٥ ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەست لەکارکێشانەوەکەی، بە شێوەی نووسراو پاشگەزبوونەوەی لە دەست لەکارکێشانەوە ڕابگەیەنێ، دەست لەکارکێشانەوەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**ب) بەجێهێشتنی شوێنی کار:** لەوانەیە کرێکار بە بێ ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی یاسایی و بە بێ ڕاگەیاندنی خاوەنکار، بە ویست و ئیرادەی خۆی شوێنی کارەکەی بە جێ بهێڵێ و نەچێتەوە بۆ کارگە. ئەم کارە بە جۆرێک هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کارە. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە بەجێهێشتنی شوێنی کار لەگەڵ «ئامادەنەبوون»دا جیاوازیی هەیە. لە بە جێهێشتنی شوێنی کاردا کرێکار بە جۆرێک مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی یەک لایەنەی گرێبەستی هەیە، لە حاڵێکدا وەها مەبەستێکی نییە و دەیهەوێ پاش تەواوبوونی کێشەکەی بگەڕێتەوە بۆ شوێنی کارەکەی.

## ٣ کۆتایی گرێبەست بە ویست و داخوازی خاوەنکار:

خاوەنکار بۆی هەیە بە ڕەچاوکردنی مەرجە دیاریکراوەکانی یاسای کار و ڕێسا پێوەندیدارەکانی دیکە، بە دەرکردنی کرێکار کۆتایی بە گرێبەستی کار بێنێ. ئەگەر

کرێکار سەرپێچی کردبێت و خاوەنکار بە شێوەی نووسراو ئاگاداری کردبێتەوە و ناوەندەکانی خاوەن سەلاحییەت (بۆ نموونە شووراى ئیسلامی کارگە یان نوێنەری کرێکارەکان، یان لە ئەگەری ئامادەنەبوونی ئەم دوانەدا: ناوەندی چارەسەری ناکۆکیی کار) بە دەرکردنی کرێکار قایل بن؛ لەم حاڵەتەدا خاوەنکار دەتوانێ بە دانی داواکاری و مووچەی دواکەوتوو و هەقی ساڵانە (ساڵێک پێشینەی کار، بەرابەر بە مانگێک مووچەی کرێکار) گرێبەستی کار هەڵوەشێنێتەوە و کرێکار دەربکات. ئەگەر ئەم مەرجانە ڕەچاو نەکرێت، دەرکردنەکە نایاسایی دێتە ئەژمار و کرێکار دەتوانێ بچێتە ئیدارەی کار و سکاڵا لە دژی خاوەنکار تۆمار بکات. ئیدارەی کار سکاڵای کرێکار تاوتوێ دەکات و ئەگەر بۆی دەرکەوێ کە دەرکردنەکە نایاسایی بووە بڕیار بە گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکەی دەدات و خاوەنکاریش ناچار دەکات بە دانی هەموو ماف و مزە یاساییەکانی کرێکار لەو ڕێکەوتەوە کە گەڕاوەتەوە بۆ سەر کارەکەی.

## وەرگرتنی بەرگەی سپیی واژۆکراو یان سفتە لە کرێکار

**زۆر جار بینراوە کە خاوەنکار لە کاتی دامەزرانی کرێکاردا «بەرگەی سپیی واژۆکراو» یان سفتە و چەکی لێ وەردەگرێ.** وەرگرتنی چەک یان سفتە بۆ هەندێ پیشە پاساو هەڵدەگرێ بەڵام وەرگرتنی بەرگەی سپیی واژۆکراو هیچ پاساوێک هەڵناگرێت. مەبەستی خاوەنکار لە وەها کارێک ئەوەیە کە ئەگەر زەمانێک لەگەڵ کرێکاردا ناکۆکی کەوتە نێوانیان، لە زمانی کرێکارەوە لەو بەرگەدا بنووسێ کە بۆ نموونە «هەموو ماف و مزێکی خۆم وەرگرتووە.» بەگشتی، ئەم بابەتە یەکێک لە کێشەکانی کرێکارە و هەمیشە پاش کۆتایی کارەکە دەبێتە ناکۆکی لە نێوانیاندا، چونکا خاوەنکارەکان ئامادە نین سفتە یان بەرگەی سپیی واژۆکراو بدەنەوە. لەم بابەتەدا کرێکارەکان دەبێ سەرنجی ئەو خاڵانەی خوارەوە بدەن:

- ئەگەر خاوەنکار شێلگیرە لە سەر وەرگرتنی چەک یان سفتە، لە پشتەکەیدا بنووسن کە «بۆ باش بەڕێوەچوونی کار و بە ئەمانەت دادەنرێت.» هەروەها دەتوانن لە گرێبەستی کاریشدا ئاماژە بکەن بەوەی کە سفتە یان چەک بە بڕی ئەوەندە وەکوو ئەمانەت دراوەتە خاوەنکار. پاش کۆتایی کارەکە، خاوەنکار لە

سەریەتی ئەو سفتە یان ئەو چەکەی وا لە کرێکاری وەرگرتووە پێی بداتەوە؛ مەگەر ئەوەی خاوەنکار لە دادگادا بیسەلمێنێ کە کرێکار لە کاتی کارکردندا زیانی بە شتەکان گەیاندووە. بە هەرحاڵ ئەگەر خاوەنکار هەر نەیداتەوە، کرێکار دەتوانێ لە ئیدارەی کار یان شووڕای چارەسەریی ناکۆکی داخوازی گەڕانەوەی سفتە یان چەکەکەی بدات. ئەگەر خاوەنکار دابێتنی بە کەسێکی دیکە، کرێکار دەتوانێ بە تاوانی «خەیانەت لە ئەمانەتدا» سکاڵا لە دژی خاوەنکار تۆمار بکات.

- سەبارەت بە بەرگەی سپیی واژۆکراو، دەبێ کرێکار سەرنجی ئەوە بدات کە پێوەندیی نێوان کرێکار و خاوەنکار بە پێی یاسا پێوەندیدارەکانە و خاوەنکار بۆی نییە هەر شتێک پێی خۆش بێت لە ناو بەرگەی سپیی واژۆکراودا بینووسێت. بۆ نموونە بۆی نییە بنووسێ کە مووچەی کرێکار لە خوار لانیکەمی مووچەوە بووە. دووهەم ئەوەی کە بە پێی بڕیارێک کە دیوانی عەداڵەتی ئیداری دەریکردووە و پێی دەڵێن «بڕیاری وەحدەتی ڕەویە»، تەنیا خستنەڕووی بەرگەی یەکالاکردنەوەی حەساو لە لایەن خاوەنکارەوە بۆ سەلماندنی ئیدعاکەی سەبارەت بە یەکالاکردنەوەی حەساو و دانی مافە یاساییەکانی کرێکار پێویست نییە. لە کاتی وادا خاوەنکار دەبێ بەڵگەی تێڕژاندنی مووچە (بۆ نموونە فیشی مووچە یان فیشی ڕژاندنە حیسابی کرێکار و هتد)یش بخاتە ڕوو. بۆ نموونە ئەگەر لە کۆتایی کاردا، خاوەنکار لەو بەرگە سپییە واژۆکراوەی کە کرێکار پێی داوە کەڵکی خراپ وەرگرێ و تێیدا بنووسێ هەموو ماف و مزێکی کرێکار دراوە و کرێکار هیچ ئیدعایەکی دیکەی نییە، ئەمە ناتوانێ بیسەلمێنێ کە یەکالاکردنەوەی حیساب ئەنجام دراوە. ئەگەر کرێکار بچێتە ئیدارەی کار و بڵێ هەندێ هەق و مزم لای خاوەنکار ماوە، خاوەنکار تەنیا بەو بەرگە ناتوانێ بە قازانجی خۆی بڕیار وەربگرێت؛ بەڵکوو دەبێ لە ڕێگای فیشی بانکی و بەڵگەی دیکەوە بیسەلمێنێ کە لەگەڵ کرێکاردا حیسابی یەکالا کردۆتەوە.

- بە پێی یاسای سزای ئیسلامی، کەڵکی خراپ وەرگرتن لە بەرگەی سپیی واژۆکراو سزای حەپسی هەیە. ئەگەر خاوەنکار بە دڵخوازی خۆی بەرگەی سپیی واژۆکراو پڕ بکاتەوە و کەڵکی لێ وەربگرێت، کرێکار دەتوانێ لە دادگا لە دژی خاوەنکار سکاڵا تۆمار بکات.

## ڕووداوی سەرچاوەگرتوو لە کار

هەر کرێکارێک بە سەرنجدان بە جۆری کارەکەی لەوانەیە هەر ساتێک تووشی ڕووداو ببێت. لە هەندێ کاردا تەنانەت لەوانەیە ڕووداوی کار ببێتە هۆی قەڵەمی ئەندام یان مەرگی کرێکار. هەر بۆیە هەر کرێکارێک دەبێ سەبارەت بەوەی کە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوی کاردا دەتوانێ چ هەنگاوێکی یاسایی هەڵگرێت زانیاریی تەواوی هەبێت. ئەگەر کرێکار زانیاریی پێویستی نەبێت لەوانەیە ناهەقیی دەرهەق بکرێت.

**ڕووداوی کار**

ڕووداوی سەرچاوەگرتوو لە کار، ئەو ڕوداوانەن کە لە کاتی کارکردندا لە کرێکار ڕوو دەدەن. مەبەست لە «کاتی کارکردن» واتە کاتی کارکردن لە کارگە یان دامەزراوەی پێوەندیدار یان بیناکان، یان ئەوەی بە فەرمانی خاوەنکار نێردرابێ بۆ دەرەوەی کارگە. کاتەکانی ڕۆیشتن بۆ دەرمانخانە، نەخۆشخانە یان بۆ چارەسەریی دەرمان و هەروەها کاتەکانی هاتوچۆی کرێکار لە ماڵەوە بۆ کارگە وەکوو کاتی کارکردن دێنە ئەژمار؛ بەو مەرجەی لە کاتی هاتوچۆی ئاسایی کارگەدا ڕووداوەکە ڕووی دابێ. کەواتە بە گشتی: پێشهاتی کار ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوە کە لە ژێر کاریگەری هۆکارێکی دەرەکی، بە هۆی ڕووداوێکی لە ناکاو ڕوو دەدات و دەبێتە هۆی خەساری جەستەیی یان دەروونی کرێکار.

## پاراستنی کارگە و ئەرکی خاوەنکار لە پێشگیری کردن لە ڕووداوی کار

بە گوێرەی یاسای کار، خاوەنکار لە سەریەتی بە پێی پەسندکراوەکانی «شووڕای باڵای پاراستنی فەننی» بۆ دابینکردنی پاراستن و سلامەت و تەندروستیی کرێکار لە شوێنی کاردا، کەرەستە و پێداویستیی پێویست دابین بکات و بە ڕاهێنان شێوازی کەڵکوەرگرتن لەوانە فێری کرێکار بکەن. هەروەها سەبارەت بە ڕەچاوکردنی پێودانە پاراستنی و تەندروستییەکان چاوەدێریی هەبێت و کرێکاریش ئەرکە لە سەری بە کەڵکوەرگرتن و پاراستنی کەرەستەی پاراستن و ڕەچاوکردنی تەندروستیی تاکەکەسی و بەڕێوەبردنی ڕێکارەکانی پێوەندیدار بە کارگەوە. **بەم پێیە خاوەنکار بۆ پاراستنی کرێکار لە کارگەدا، سێ ئەرکی لە سەر شانە:**

**١.** **سازکردنی کەرەستە و پێداویستیی پێویست بە پێی پەسندکراوەکانی شوورای باڵای پاراستنی فەننی بۆ دابینکردنی پاراستن و سلامەتی و تەندروستیی کرێکار لە شوێنی کارەکەیدا**

**٢.** **ڕاهێنانی کرێکار سەبارەت بە شێوازی بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەکان لە لایەن خاوەنکارەوە**

**٣.** **چاودێری بە سەر ڕەچاوکردنی پاراستن و تەندروستی لە لایەن کرێکارەوە**

ئەگەر بە هۆی ڕەچاونەکردنی ڕێکارەکانی سەرەوە لە لایەن خاوەنکار یان بەرپەرسانی کارگە، ڕووداوێک ڕوو بدات، خاوەنکار یان بەرپرسی کارگە لە باری سزایی و یاساییەوە بەرپرسیارە. «بەرپرسیارەتی سزایی» واتە ئەوەی کە ئەو کەسە سزا دەدرێت (وەکوو زیندان یان سزای نەختی) و «بەرپرسیارەتی سزایی» واتە دەبێ ئەو خەسار و زیانەی وە کرێکار کەوتووە بیدات. بەڵام ئەگەر خاوەنکار یان بەرپرسانی کارگە کەرەستە و پێداویستیی پێویستی پاراستنی فەننی و تەندروستیی کار بۆ کرێکار دابین بکەن و کرێکار وەکوو پێویست ڕاهێنانی پێکرابێ و لێیان ئاگادار کرابێتەوە بەڵام کەڵکیان لێ وەرنەگرێت، خاوەنکار هیچ بەرپرسیارەتییەک ناکەوێتە سەر شانی.

**ئەرکەکانی خاوەنــکار پاش ڕوودانی ڕووداوی کار** خاوەنکار یان بەرپرسانی کارگە لە سەریانە لە ئەگەری ڕوودانی ڕووداوی کاردا، هەنگاوی سەرەتایی و پێویست بۆ پێشگرتن لە پەرەگرتنی بارودۆخی کەسی بەرکەوتەی کارەسات هەڵگرن و هەروەها هەموو پێشهاتەکان لە دەفتەرێکی تایبەتدا کە فۆرمەکەی لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە ڕادەگەیەنرێت، تۆمار بکەن و بە خێرایی و بە شێوەی نووسراو بابەتەکە بە ئاگاداریی ئیدارەی کار بگەیەنن. خاوەنکار دەبێ ڕوودانی هەر جۆرە ڕووداوێکی سەرچاوەگرتوو لە کارەوە لە ماوەی سێ ڕۆژی ئیداریدا بە لقی دابینکاریی کۆمەڵایەتیی ناوچەکە ڕاگەیەنێ و سەبارەت بە کامڵ کردن و پێشکەشکردنی فۆڕمی تایبەتی ڕووداو هەنگاو هەڵگرێت.

**ناوەندی بەرپرسیاری پێڕاگەیشتن بە ڕووداوی کار** پێڕاگەیشتن بە هەموو ئەو تاوانانەی لە شوێنی کاردا ڕوو دەدەن، بە تایبەت ئەگەر سەرپێچی لە بەڕێوەبردنی ئەرکە

یاساییەکان ببێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوێک کە دەرەنجامەکەی ببێتە هۆی مەرگی کرێکار یان کەمئەندامبوونی، لە سەلاحییەتی ناوەندی دادوەری واتە دادگادایە. بە واتایەکی تر، لەم کاتانەدا ئیدارەی کار ناتوانێ پێڕاگەیشتن بە بابەتەکەدا بکات بۆ وێنە بڕیار لە سەر سزای خاوەنکار یان دانی دیە بدات. بە سەرنجدان بەوەی کە پێشهاتی جەستەیی و گیانی بە هۆی ڕەچاونەکردنی ڕێوشوێنە فەنییەکان تاوانە، تەنیا داگا سەلاحییەتی پێڕاگەیشتنی ئەم کارەی هەیە.

## سکاڵای زیان بەرکەوتووی ڕووداوی کار و تاوانەکانی دیکە

پێڕاگەیشتن بە سکاڵا و داخوازی هەر کەسێک لە دادگا دادوەرییەکاندا، پێویستی هەیە بە پێشکەشکردنی سکاڵا یان دادخواز لە لایەن کەسی زیان دیتووەوە. کرێکار یان خوێنگرانی ئەو (لە ئەگەری مردنیدا) یان هەر زیان دیتوویەکی ڕووداوی سەرچاوەگرتوو لە کارکردن، ئەگەر مەبەستی سکاڵا و گەیشتن بە هەقی خۆی هەبێت دەبێ خۆی یان لە ڕێگای پارێزەری دادگاوە سکاڵا ڕێک بخات و بچێتە نووسینگەیەکی ئەلەکترۆنی دادوەری و بە دانی تێچووی دادپرسی و سکاڵای خۆی لە دژی خاوەنکار یان هەر کەسێکی دیکە کە بووەتە هۆی ڕووداوەکە، بە شێوەی بەڵگەمەند و سەلمێندراو پێشکەشی بکات. مەبەست لە «بەڵگەمەند و سەلمێندراو» ئەوەیە کە دەبێ ڕوونکردنەوەیەکی تەواو سەبارەت بە کارگە و شێوازی ڕوودانی ڕووداوەکە درابێت. هەروەها دەبێ ئەوە ڕوون کرابێتەوە کەموکوورییەکانی کارگە چی بووە وا بۆتە هۆی ڕوودانی ڕووداو. بۆ نموونە ئەگەر دەستی کرێکاری قاڵب سازی کەوتۆتە ژێر دەزگای پرێس، دەکرێ لە سکاڵاکەدا بنووسرێت کە دەزگای پرێسەکە پارێزراویی پێویستی نەبووە و خاوەنکار بەرگری سازی پێویستی بۆی نەکردووە. یان بۆ وێنە ئەگەر کرێکاری قیرەتاوکردنی سەربان بکەوێتە خوارەوە، سەبارەت بەوەی کە خاوەنکار کەوشی تایبەتی بۆ دابین نەکردووە.

لە سکاڵانامەکەدا دەبێ ئەو ئازارەی پێی گەیشتووە بە وردی شرۆڤە بکرێت. بە گشتی هەرچەندە سکاڵانامەکە ڕێکوپێکتر بێت باشترە. کاتێ سکاڵابەر سکاڵاکەی لە دادگای گشتی و ئینقلابی شوێنی ڕوودانی تاوان تۆمار کرد، لە لایەن دادستێنی

ناوچەوە پێڕاگەشتن بە بابەتەکە بە پێی جۆری تاوان بە یەکێک لە لقەکانی دادیاری یان دادپرسی دەسپێردرێت. پاش دیاریکردنی لق، بۆ وەرگرتنی وتەی لایەنەکان و شایەتحاڵ و هەروەها وەرگرتنی ڕای کارناس و پشکێنەرانی ئیدارەی کار، دۆسییەکە دەنێرن بۆ ناوەندی ئینتزامی شوێنی ڕوودانی تاوان یان ڕووداوەکە و ئەگەر پێویست بکات ڕای پزیشکی قانوونییش وەردەگرن. سکاڵابەر دەتوانێ لە ڕێگای سیستەمی سەناوە، بەدواداچوون بۆ شوێنی گەڕانەوەی دۆسییەکەی بکات. پاش بەڕێوەبردنی فەرمانە دادوەرییەکان لە لایەن ناوەندە ئینتیزامییەکانەوە، دۆسییەکە کامڵ دەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی دادوەری. هەڵبەت ناردنی دۆسییەکە بۆ ناوەندی ئینتیزامی زۆر پێویست نییە و دادستێن یان دادیار یان لێکۆڵەر خۆیشیان دەتوانن لێکۆڵینەوە بەراییەکان ئەنجام بدەن و دۆسییەکە کامڵ بکەن.

ئەو شتەی لە دۆسییەی پێوەندیدار بە ڕووداوی کاردا گرینگە وەرگرتنی ڕای پشکێنەر یان کارناسی فەرمیی خانەی دادە. ئەم کارناسانە کە لە لایەن دادسەرا یان دادگاوە دیاری دەکرێن، لێکۆڵینەوە لە سەر ڕووداوەکە دەکەن و ڕوونی دەکەنەوە کە تاوانکار کێ بووە و ڕادەی تاوانەکەی چەندێکە. بۆ نموونە لەوانەیە ڕایگەیەنن کە ٨٠ لە سەد خاونکار تاوانبارە و ٢٠ لە سەد کرێکار. بە گشتی زۆر جار دادگاکان بە پێی بڕیاری ئەم کارناسانە، بڕیاری خۆیان دەردەکەن. لە هەر حاڵدا دەرفەتی نارەزایەتی دەربڕین لە سەر بڕیاری کارناس هەیە کە لە ئەگەری شتی وادا بابەتەکە لە لێژنەی کارناسیدا تاوتوێ دەکرێت. واتە ئیتر تەنیا کارناسێک بڕیار نادات بەڵکوو چەندین کارناس ڕای خۆیان دەردەبڕن. ئەگەر دادسەرا وای لێک بداتەوە کە خاوەنکار تاوانبار بووە، خوازەنامە دەردەکات و دۆسییە دەچێتە دادگا. دادگایش دانیشتن پێکدێنێ و لێکی دەداتەوە و لە ئەنجامدا بڕیاری خۆی دەردەکات. لەوانەیە بڕیاری کۆتایی دادگا سەداسەد خاوەنکار بە بەرپرسیار بزانێ یان بەشێک لە تاوانەکە بداتە پاڵ خاوەنکار و بەشێکیشی بداتە پاڵ کرێکار. لە هەر حاڵێکدا خاوەنکار لە چوارچێوەی ئەو ڕێژە تاوانەی لە دادگادا هاتووە، بەرپرسیاری دانی دیە یان قەرەبووی زیانەکانی دیکەیە. هەر وەها ئەگەر ڕووداوێک ببێتە هۆی کەمئەندامبوون یان مەرگی کەسێک، ئەگەری ئەوە هەیە دادوەر بڕیاری حەپسیش بسەپێنێ بە سەر خاوەنکاردا.

دەبێ ئەوە بزانین لە ئەگەری بە تاوانبار دەرچوونی خاوەنکاردا، دانی دیە و قەرەبووکردنەوەی خەسارەکانی دیکە لە ئەستۆی ئەودایە؛ تەنانەت ئەگەر کرێکار بیمەش نەبێت. بە واتایەکی تر: لەم بابەتەدا بیمە کێشەیەکی نێوان ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی و خاوەنکارە. ئەگەر کرێکار بیمە بێت، بیمە قەرەبووی زیانەکان دەکاتەوە و ئەگەر بیمە نەبێت قەرەبووکردنەوەی لە ئەستۆی خاوەنکارە.

**تێبینی**: ئەگەرچی خاوەنکار دەبێ لە زووترین کاتدا بە شێوەی نووسراو ڕوودانی پێشهاتی کار بە ئیدارەی کار و هەروەها ڕێکخراوەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی ڕابگەیەنێ، بەڵام لەوانەیە درەنگ خستنی ڕاپۆرتی ڕووداوەکە بۆ ناوەندە ئیداری و دادوەرییەکان ببێتە هۆی لاچوونی شوێنەوار و هۆکارەکانی ڕووداو یان تاوان و سەرپێچی. یان ئەوەی کە سەبەبکارەکانی بە کەڵکی خراپ لە پێگەی خۆیان هەوڵبدەن هۆکار و ئاسەوارەکانی بسڕنەوە یان بە قازانجی خۆیان و بە زیانی کرێکاری زیان دیتوو بیگۆڕن. هەر بۆیە کرێکاری زیان دیتوو و کەسانی نزیکی دەتوانن هاوکات لەگەڵ ڕوودانی پێشهاتی کار، بچنە شوێنی ڕووداوەکە و بە تەلەفوون یان بە چوونی خۆیان بۆ ناوەندی ئینتیزامی بە پۆلیسی ١١٠ی ڕابگەیەنن. ئەم ناوەندانە دەبێ بە خێرایی بێنە شوێنی ڕووداوەکە و بە سەردانی ئەوێ هەنگاوی پێویست هەڵگرن بۆ ئەوەی خاوەنکار فریای ئەوە نەکەوێ دەستتێوەردان لە کارگەدا بکات و ئاسەواری تاوانەکەی بسڕێتەوە. ئەو ڕاپۆرتە واژۆکراوەی کە کارگێڕان ئامادەی دەکەن دواتر بۆ کرێکاری زیان دیتوو یان میراتبەرەکانی زۆر بە کەڵکە.

**نموونە** کرێکارێکی پۆمپی بەنزین لە وێستگەی سووتەمەنی تووشی ئاگرکەوتنەوە دەبێت و ڕای دەگوێزن بۆ نەخۆشخانە. لەوانەیە ئەم ئاگرکەوتنەوەیە بە هۆی خراپ بوونی خەزێنەکانیەوە بێت یان کەپسوولی ئاورکوژێنەوە کاری نەکردبێت. ئەگەر خاوەنکار کەسێکی بە ئینساف نەبێت بە ئاسانی دەتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا ئاسەواری خراپی نەهێڵێت و هەمووی چاک بکاتەوە. بەڵام ئەگەر هێزە ئینتیزامییەکان بە خێرایی لە شوێنەکە ئامادە ببن و ڕاپۆرتی واژۆکراو لە دۆخی وێستگەکە ئامادە بکەن، خاوەنکار بە ئاسانی ناتوانێ ئەو کارە بکات. هەروەها کرێکاری زیان دیتوو یان کەسوکاری

دەتوانن بە خێرایی بچنە ئیدارەی کار و بە ڕاپۆرتێک ڕووداوی پێشهاتی کارەکەیان پێڕاگەیەنن. یان ئەوەی کە پاش ڕاگەیاندنی سکالا، بە وەرگرتنی فەرمان لە ناوەندی دادوەری یان نامەیەک لە کەلانتەرییەوە یەکەی لێکۆڵینەوەی ئیدارەی کاری ناوچەکە ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی پشکێنەرانی ئەم ئیدارە بە لێکدانەوەی شوێنەکە و شوێنی ڕووداوەکە و تۆمارکردنی وتەی شایەتحاڵەکان، ڕاپۆرتی ڕووداوەکە ئامادە بکەن و ڕایگەیەنن.

## گەڵاڵەی پلەبەندی پیشەکان

لە هەر کارگەیەکدا لەوانەیە چەندین کرێکار بە شارەزایی و پێشینەی جۆراوجۆرەوە کار بکەن. بە تایبەت لە کارگە گەورەکاندا کرێکارەکان هەموویان لە بواری پێشینە و شارەزاییەوە لە ئاستێکدا نین. گەڵاڵەی پلەبەندیی پیشەکان بۆ جیاکردنەوەی ئەم کرێکارانە لە یەکتر هاتە ئاراوە. واتە کرێکارێک کە لێهاتووییەکی تایبەت یان ئاستی خوێندنێکی سەرتر و پێشینەیەکی دیاریکراوی هەیە دەخرێتە گرووپێکەوە و بە نیسبەت کرێکارێک کە تازەکارە و کرێکارێکی ئاسایی دێتە ئەژمار هەقدەستێکی زیاتر وەردەگرێت. بە جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵە، کرێکار دەتوانێ ئاستی پیشەکەی بباتە سەرەوە و مووچەی زیاتر وەربگرێت. بۆ نموونە ئەگەر سادەترین کار وەکوو ژمارە یەک لە بەرچاو بگرین، بە دژواریی کار و لێهاتوویی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کارەکە و هەروەها پێشینەی کرێکار، ئەم ژمارەیە دەچێتە سەرەوە و هەر بەم هۆیەوە هەقدەستیشی دەچێتە سەرەوە. واتە لانیکەمی ئەو مووچەی ساڵانە دیاری دەکرێت تەنیا کرێکارانی ژمارە یەک دەگرێتەوە. بە گشتی، ٢٠ گرووپی پیشەیی دیاریکراوە و هەر کرێکارێک دەبێ لە ڕیزی یەکێک لەوانەدا جێ بگرێت. بە واتایەک بە جێبەجێکردنی گەڵاڵەی پلەبەندیی پیشەکان، زۆربەی کرێکارانی کارگەیەک دەبێ زیاتر لە لانیکەمی مووچە وەربگرن. هەروەها هەموو ئەو کرێکارانەی وا لە باری ئەرک و ڕادەی بەرپرسیارەتی باروودۆخێکی یەکسانیان هەیە دەخرێنە گرووپێکەوە و بەمجۆرە مووچەیەکی یەکسان وەردەگرن. لەم گەڵاڵەدا خاوەنکار ناتوانێ کرێکار بنێرێتە گرووپێکی خوارتر مەگەر بە ڕەزامەندیی کرێکارەکە.

بە پێی یاسا، لەو کارگەیانەدا کە ٥٠ کرێکار یان زیاتر کاری تێدا دەکەن دەبێ گەڵاڵەی پلەبەندیی پیشەکانی تێدا جێبەجێ بکرێت. بەڵام بە داخەوە زۆربەی خاوەنکارەکان لە جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵە خۆ دەبوێرن. ئەگەر خاوەنکار داخوازی کرێکارەکانی لەم بوارەدا بە هەند نەگرت، دەتوانن بە شێوەی نووسراو نامە بۆ ئیدارەی کاری ناوچەکەی خۆیان بە رێ بکەن بۆ ئەوەی خاوەنکار ناچار بکەن بە جێبەجێکردنی گەڵاڵەی پلەبەندیی پیشەکان لە کەرگەدا.

**رەخنەیەک:** ئەوەی کە گەڵاڵەی پلەبەندیی پیشەکان تەنیا لەو کارگەیانەدا جێبەجێ دەکرێت وا ٥٠ کرێکار یان زیاتریان هەیە نادادپەروەرانەیە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێ. بۆ وێنە بۆچی جۆشکارێک کە لە کارگەیەکی گەورەدا کار دەکات و لەودا گەڵاڵەی پلەبەندی جێبەجێ کراوە بە پێشینەی ١٠ساڵ کارکردنەوە ١٥ ملوێن مووچە وەردەگرێت، بەڵام جۆشکارێکی دیکە کە لە کارگەیەکی بچووکتردا هەر بەو مەرج و پێشینەوە کار دەکات دەبێ ١٠ ملوێن تمەن مووچە وەربگرێت؟

## ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکارەکان

لە هەموو وڵاتانی دنیادا کرێکارەکان بۆ ئەوەی خاوەنکار یان حکوومەت ناچار بکەن بەوەی کە گوێ لە داخوازییەکانیان بگرن، لەوانەیە کۆبوونەوە رێ بخەن یان بۆ ماوەیەکی کاتی وەکوو مانگرتن نەچنەوە بۆ سەر کارەکەیان. لە ئێرانیشدا کرێکارەکان بەردەوام مانگرتن و کۆبوونەوە رێ دەخەن. لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی گوشاری ئابوورییەوە ناڕەزایەتییەکان پەرەی سەندووە. بە داخەوە زۆر جاریش هێزە ئەمنی و ئینتیزامییەکان لە ئاست کرێکارە نارازییەکان توندوتیژی دێننە ئاراوە. تەنانەت هەندێ لەم کرێکارانە زیندانی دەکرێن یان بە شەللاق مەحکووم دەکرێن. هەندێ جاریش خاوەنکار کرێکاری بەرهەڵستکار دەر دەکات.

لە یاسای ئێراندا سەبارەت بە ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکارەکان رێوشوێنێکی روون لە ئارادا نییە. بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین کە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا هاتووە کە کۆبوونەوە بە مەرجێک «چەکدارانە نەبێت و پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام نەبێت»

ئازادە. بەڕێوەبردن و بەشداریکردن لەم کۆبوونەوانەدا مافێکە و پێویستی بە ئیزن وەرگرتن لە هیچ ناوەندێک نییە. بە سەرنجدان بەوەی کە کۆبوونەوە کرێکارییەکان پیشەیین لە باری یاساییەوە بۆیان نییە لەبەر دەربڕینی نارەزایەتی، کرێکاری نارازی دەسبەسەر بکەن یان لێپرسینەوەی لێ بکەن.

هەروەها سەبارەت بە مانگرتنیش ڕێسا و ڕێوشوێنێکی ئاشکرا و ڕوونیان نییە. بەڵام لە یاسای کاردا ئاماژە کراوە بە «دەست لەکار کێشانەوە وێڕای ئامادەبوونی کرێکار لە کارگە» و هەروەها «دابەزینی بە ئەنقەستی بەرهەمهێنان لە لایەن کرێکارەوە». لە «پەیمانی نێونەتەوەیی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان»یشدا کە حکومەتی ئێرانیش واژۆی کردووە، مانگرتن بە مافی کرێکار دانراوە. لە هەر حاڵدا نارەزایەتی دەربڕین و مانگرتن لە یاسای ئێراندا قەبووڵ کرابێ یان نەکرابێ، ئەگەر کرێکارێک نارەزایەتی دەرببڕێ یان مان بگرێت تاوانێکی نەکردووە و هیچ دادگایەک بۆی نییە لێپرسینەوەی لێ بکات. هەروەها خاوەنکاریش مافی ئەوەی نییە دەری بکات و تەنیا کارێک دەتوانێ بیکات ئەوەیە کە بۆ کرێکارەکە بە هۆی مانگرتنیەوە، ئامادەنەبوون تۆمار بکات و ئامادەنەبوونیش نابێتە هۆی دەرکردن. ئەگەر کرێکارێک بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین یان مانگرتنەوە دەربکرێت، دەتوانێ لە ئیدارەی کار دژی خاوەنکار سکاڵا تۆمار بکات و ئەگەر ئیدارەی کار بە قازانجی خاوەنکار بڕیاری دەرکرد کرێکار دەتوانێ نارەزایەتی خۆی بەرێتە دیوانی عەداڵەتی ئیداری.

## ڕێکخراوە کرێکارییەکان و دانوستانی بە کۆمەڵ

یەکێک لەو بابەتە گرینگانەی کە دەتوانێ وزەی کرێکار لە بەرانبەر خاوەنکار یان حکوومەتدا بە هێز بکات، جڤین و چالاکیی تێکڕایی ئەوانە. بەم مەبەستە ئەو مافە بە کرێکار دراوە کە لە چواچێوەی ئەنجومەنی پیشەیی یان سەندیکا یان شێرکەت تەعاونی و هتد، بە کۆمەڵ سەبارەت بە کێشەکانی خۆیان چالاکی بکەن. ئەم مافە لە یاسای بنەڕەتی و یاسای کاری ئێران و ڕێسا پێوەندیدارەکانی دیکە بە فەرمی ناسراوە. بە دڵنیاییەوە ئەو کرێکارانەی بە شێوەی ڕێکخراوەیی کار دەکەن دەتوانن

بە هێزێکی زیاترەوە داخوازییەکانیان بێننە ئاراوە و هەروەها توانای دانوستانیان لەگەڵ خاوەنکار و حکوومەت دەچێتە سەرەوە. بۆ نموونە، کاتێ هەموو ساڵێک لانیکەمی هەقدەست دیاری دەکرێت زۆر سروشتییە کە ئەگەر ڕێکخراوە کرێکارییەکان چالاکانە و یەکگرتووانە هەنگاو هەڵێنن، ئەو توانایەیان دەبێت کە ناوەندە بەرپرسیارەکانی دیاریکردنی لانیکەمی مووچە ناچار بکەن نرخی ڕاستەقینەی هەڵاوسانی وڵات بکەنە پێوەر بۆ دیاریکرنی لانیکەمی هەقدەست. یان ئەو هێزەیان دەبێت کە یاسا و ڕێساکان بە قازانجی خۆیان بگۆڕن.

بە گشتی لە ئێراندا ڕێکخراوە کرێکارییەکان بە سێ جۆرن کە بریتین لە: ئەنجومەنی پیشەیی کرێکاران، شووڕای ئیسلامیی کار و کۆمەڵەی نوێنەری کرێکارەکان. جیا لەم ڕێکخراوانە، کرێکارەکان مافی ئەوەیان هەیە «شێرکەتی هەرەوەزی» پێک بێنن کە شەریکەی لەمجۆرە زیاتر بۆ پێداویستییەکانی ژیانی کرێکارە. هاوکات بوونی ڕێکخراوەی بە هێز لە هەر وڵاتێکدا ئەو هەلە بۆ کرێکار دەڕەخسێنێ لە ڕاستای بەرزبوونەوەی پێگەی خۆیاندا ساناتر لەگەڵ ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا پێوەندی ساز بکەن و یارمەتییان لێ وەرگرن. بۆ نموونە ئێران ئەندامی «ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی کار»ە و تەنانەت هەندێ لە پەیماننامەکانی ئەم ڕێکخراوەشی قەبووڵ کردووە و سەبارەت بە هەندێ لە پەیماننامە سەرەکییەکانیش کە قەبووڵی نەکردوون دەبێ ڕێگەچارەیەک بۆ بەڕێوەبردنیان بێنێتە ئاراوە. ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە یاسا و ڕێساکانی پێوەندیدار بە کرێکار و هەروەها دۆخی کرێکار لە ئێراندا هەندێ ڕاپۆرت پێشکەش دەکات و بە ئێران پێشنیاری دەکات. بێگومان ئەم ڕێکخراوانەن کە دەتوانن سەبارەت بە کێشەی کرێکارەکان لە گەڵ ئەم ڕێکخراوەدا پێوەندی بکەن و ناچاری بکەن سەبارەت بە باشبوونی دۆخی کرێکارەکان پێشنیاری ئاڵوگۆڕ بە ئێران بدات.

مافی دانوستانی بە کۆمەڵ بەو واتایە کە کاروباری پێوەندیدار بە فەرمانبەری پیشەیەکی تایبەت (وەکوو کرێکار) دەبێ لە ڕێگەی وتووێژی بە کۆمەڵ لە نێوان کارگێران و خاوەنکارەکاندا دیاری بکرێت و کێشەکان لەم ڕێگەوە چارەسەر ببن. بۆ وێنە سەبارەت بە لانیکەمی هەقدەست، ڕێژەی سەعاتی کارکردن یان ڕێژەی مەرەخەسییەکان. بە واتایەک ئەم مافە دەرخەری ئەوەیە کە سەندیکای کرێکارەکان

و سەندیکای خاوەنکارەکان سەبارەت بە بابەتەکانی کار بەردەوام ئاخافتن بکەن و بتوانن پەیمانی بە کۆمەڵ کە کرێکارانی چوارچێوەی ئەو سەندیکا دەگرێتەوە ڕێک بخەن. پەیماننامەی ژمارە ۹۸ی ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی کار تایبەت کراوە بە مافی ڕێکخراوە و ئاخافتنی بە کۆمەڵ. ئەگەرچی حکومەتی ئێران ئەم پەیماننامەی قەبووڵ نەکردووە بەڵام بە پێی «ڕاگەیەنراوی ڕێسا و یاسا بنەڕەتییەکانی کار» دەبێ بەڕێوەی ببات. ئەم مافە لە یاسای کاری ئێراندا بە فەرمی ناسراوە، هەر چەندە لە کردەوەدا هەندێ کێشەی هەیە.

## چارەسەریی ناکۆکی نێوان کرێکار و خاوەنکار

ئەوەی کە لە نێوان کرێکار و خاوەنکاردا لە سەر بابەتی جۆراوجۆر کێشە بێتە ئاراوە شتێکی ئاساییە. هەر بەم هۆیەوە یاسا هەندێ ناوەندی دیاری کردووە بۆ ئەوەی کێشەی نێوان کرێکار و خاوەنکار چارەسەر بکات. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کاتێ قسە لە کێشە دەکەین مەبەست لە «تاوان» نییە، بەڵکوو مەبەست لە ناکۆکی لە بابەتی کاردایە. بابەتی وەکوو: ناکۆکی لە سەر ڕێژەی مووچە و هەقدەستی کرێکار، یان تێنەکردنی هەقی بیمەی کرێکار و...

بەڵام بۆ نموونە ئەگەر کرێکار لە کارگەدا تووشی ڕووداو ببێت و کەمئەندام ببێت یان کۆچی دوایی بکات، یان ئەگەر کرێکار و خاوەنکار شەڕ بکەن و لە یەکتری بدەن، یان خاوەنکار ئیدعا بکات کە کرێکار دزیی کردووە؛ ئەمانە ئیتر ناکۆکی نین، بەڵکوو تاوانن و بۆ پێڕاگەیشتن دەبێ بچنە ناوەندی دادوەری. لە لایەکی دیکەشەوە، ناوەندە دادوەرییەکان واتە دادگاکان ناتوانن پێڕاگەیشتن بە ناکۆکیی نێوان خاوەنکار و کرێکار بکەن. بۆ نموونە ئەگەر کرێکار لە کارەکەی بێتە دەرەوە و خاوەنکار بەڵێنی پێدابێ کە مووچەی مانگی دواکەوتووی تا مانگێکی دیکە بدات بەڵام پاش مانگەکە پێی نەدابێت، کرێکار ناتوانێ بچێتە «شوورای چارەسەریی ناکۆکی» یان دادگا و لەوێ داخوازی وەرگرتنەوەی مووچەکەی بدات. ئەم کارە دەبێ لە ڕێگەی ناوەندەکانی ئیدارەی کارەوە چارەسەر بکرێت.

لە هەرحاڵدا بۆ چارەسەری ناکۆکیی نێوان کرێکار و خاوەنکار، ڕێکخراوەی وەک

«شووراى ئیسلامیی کار» و ئەنجومەنە پیشەییەکان هەن کە ناکۆکییەکان دەبێ سەرەتا لەو ڕێکخراوانەدا چارەسەر بکرێن و ئەگەر لەوێ چارەسەر نەبوون ئیدارەی کاری ناوچە پێڕاگەیشتنی بۆ دەکات.

ئەو ڕێکخراوانەی وا لە یاسای کاردا بۆ چارەسەریی کێشەکانی کرێکار و خاوەنکار لە بەرچاو گیراون ئەمانەن:

**١ شووراى ئیسلامیی کار:** لەو کارگەیانەی وا زیاتر لە ٥٠ کرێکاریان هەیە دەبێ ڕێکخراوەیەک لە ژێر ناوی «شووراى ئیسلامیی کار» پێک بێت. ئەم شوورایە وەکوو نوێنەری کرێکارەکان، بەدواداچوون بۆ کاروباری ئەوان لای خاوەنکارەکان دەکات و ئەگەر ناکۆکییەک لە نێوان کرێکار و خاوەنکار بێتە ئاراوە، یەکەم ناوەندی پێڕاگەیشتن بە ناکۆکی ئەم ناوەندەیە. هەڵبەت شووراى ئیسلامیی کار تەنیا وەکوو ناوجێکار دەتوانێ بە هێنانە ئارای ئاشتی و تەبایی ناکۆکییەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکار کۆتایی پێ بینێ و مافی دەرکردنی بڕیاری نییە.

**٢ ئەنجومەنە پیشەییەکان:** ئەگەر لە کارگەیەکدا شووراى ئیسلامیی کار پێک نەهاتبێ، چارەسەری ناکۆکیی نێوان کرێکار و خاوەنکار لە ئەستۆی یەکیەتی پیشەییە. یەکیەتییە پیشەییەکان ڕێکخراوەیەکی ناحکوومین کە وەکوو نوێنەری خاوەنکار و کرێکار لە پیشەیەکی تایبەتدا پێک هاتووە و لە باری یاساییەوە هەندێ بەرپرسیارەتییان سەبارەت بە کاروباری پیشەیی خۆیان لە ئەستۆدایە. یەکێک لەم بەرپرسیارەتییانە پێڕاگەیشتن بە ناکۆکیی نێوان کرێکار و خاوەنکارە، ئەویش لە ئاستی چارەسەرکردنی بابەتەکە لە ڕێگای ئاشتی و تەباییەوە.

**٣ لێژنەی دیاریکردن و چارەسەری ناکۆکیی ئیدارەی کار:** ئەگەر لە شووراى ئیسلامیی کار و یەکیەتی پیشەییدا ئاشتی و ڕێککەوتنی نێوان کرێکار و خاوەنکار نەهاتە ئاراوە، پێڕاگەیشتن بە بابەتەکە دەسپێردرێتە «لێژنەی دیاریکردن»ی ئیدارەی کار. لێژنەی دیاریکردن لەو سێ ئەندامەی خوارەوە پێکهاتووە:

**ا. یەک کەس نوێنەری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**٢. یەک کەس نوێنەری بەڕێوەبەرانی پیشەکان بە دەست نیشانکردنی کانوونی ئەنجومەنە پیشەییەکانی خاوەنکارانی پارێزگا**

**٣. یەک کەس وەکوو نوێنەری کرێکارەکان بە دەست نیشانکردنی کانوونی هاوئاهەنگی شووراکانی ئیسلامیی کاری پارێزگا**

لە شارە بچووکەکاندا ناوەندێکی لێژنەی دیاریکردن و لە شارە گەورەکاندا چەندین ناوەندی لێیە بۆ ئەوەی بە پێی ڕێساکان، پێڕاگەیشتن بۆ چارەسەریی ناکۆکییەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکاری ئەو شارە یان ئەو ناوچە بکەن. ئەم لێژنانە پاش پێڕاگەیشتن بە هەر دۆسییەیەک، بڕیاری خۆیان دەردەکەن. پاش ئەوە، هەرکام لە لایەنەکان مافی ئەوەیان هەیە تا ماوەی ١٥ ڕۆژ ناڕەزایەتیی خۆیان لەم بڕیارە دەرببڕن. ئەگەر ناڕەزایەتی لە سەر بڕیارەکە بێتە ئاراوە، بابەتەکە بۆ جارێکی تر لە لێژنەی چارەسەری ناکۆکیی ئیدارەی کاردا پێڕاگەیشتنی بۆ دەکرێت. لێژنەی چارەسەریی ناکۆکی نۆ ئەندامی هەیە کە بریتین لە:

**١. سێ کەس نوێنەری کرێکارەکان بە دەست نیشانکردنی کانوونی هاوئاهەنگی شووڕای ئیسلامیی کاری پارێزگا، یان کانوونی ئەنجومەنە پیشەییەکانی کرێکارەکان، یان ئەنجومەنی نوێنەری کرێکارانی یەکەکانی ناوچە**

**٢. سێ کەس نوێنەری خاوەنکارەکان بە دەست نیشانکردنی بەڕێوەبەرانی یەکەکانی ناوچە**

**٣. سێ کەسی نوێنەری حکوومەت بریتین لە:**

**ئ)** بەڕێوەبەری گشتیی تەعاون، کار و ڕفاهی کۆمەڵایەتی ناوچە یان نوێنەرەکەی

**ب)** قایمقامی ناوچە یان نوێنەرەکەی

**ج)** بەرپرسی خانەی دادی ناوچە یان نوێنەرەکەی

**٤ دیوانی عەدالەتی ئیداری:** هەرچەندە بڕیاری دەرکراو لە لایەن لێژنەی دیاریکردنەوە (ئەگەر لایەنەکان لە ڕێکەوتی ڕاگەیەنراوەوە ناڕەزایەتییان دەرنەبڕیبێت) و بڕیاری دەرکراوی لێژنەکانی چارەسەریی ناکۆکی مسۆگەرن و دەبێ جێبەجێ بکرێن، بەڵام ئەم بڕیارانەش لە «دیوانی عەدالەتی ئیداری»دا جێی ناڕەزایەتی دەربڕینیان هەیە. واتە

هەرکام لە لایەنەکان چ کرێکار بێت یان خاوەنکار، پاش مسۆگەربوونی بڕیاری دەرکراو لە لایەن لێژنەکانی باسکراو، دەتوانن بە تێپەڕاندنی قۆناخە یاساییەکان (بۆ نموونە پێشکەشکردنی داخواز و نواندنی بەڵگە) نارەزایەتیی خۆیان لەو بڕیارە دەرکراوانە دەرببڕن و داخوازی هەڵوەشاندنەوەیان بکەن. شایانی باسە کە نارەزایەتی دەربڕین لە ئاست بڕیاری لێژنەکانی دیاریکردن و چارەسەریی ناکۆکی لە دیوانی عەداڵەتی ئیداریدا، نابێتە بەربەست لە بەڕێوەبردنی ئەو بڕیارانەدا؛ مەگەر ئەوەی کە بە داخوازی کەسی نارازی، فەرمانێک سەبارەت بە ڕاوەستانی بڕیاری دادگا پێش ڕاگەیشتن، بە شێوەی خێرا دەربکرێت. لەم حاڵەتەدا بەڕێوەبردنی بڕیاری دەرکراو لە لێژنەکانی باسکراوەوە، تا کاتی دەرچوونی بڕیاری مسۆگەر لە لایەن دیوانی عەداڵەتی ئیدارییەوە، ڕادەوەستێ.

## شێوازی سکاڵا تۆمارکردن لە ئیدارەی کار

ئەگەر کرێکار پێی وایە خاوەنکار مافی پێشێل کردووە و شووڕای ئیسلامی و ئەنجومەنی پیشەییش نەیانتوانیوە مافەکەی بۆ بگەڕێننەوە، دەبێ خۆی یان لە لایەن نوێنەری یاسایی یان پارێزەرەکەیەوە لە ئیدارەی کار سکاڵا تۆمار بکات. سکاڵانامە و پێڕاگەیشتنەکەی لە هەموو قۆناخەکانی پێڕاگەیشتندا بێجگە لە قۆناخی پێڕاگەیشتن لە دیوانی عەداڵەتی ئیداری، بە بێ تێچوو و بێ بەرامبەرە و بە پێی هەندێ دامودەستوور جێبەجێ دەکرێت. ڕەچاوکردنی ئەم دامودەستوورە پێویستە و ئەگەر وردبینی تێدا نەکرێت لەوانەیە پێڕاگەیشتن بە سکاڵانامەی کرێکار نەکرێت. یەکێ لەم دامودەستوورە گرینگانە «سکاڵانامە»یە. لە درێژەدا سکاڵانامە شی دەکەینەوە.

**سکاڵانامە** بۆ سکاڵاکردن لە دژی خاوەنکار، دەبێ لە بەرگەی دادخواز کەڵک وەرگرین کە بە شێوەی چاپکراو هەیە. سکاڵانامە دەبێ ئەو مەرجانەی خوارەوەی هەبێ:

**١. لە سەر بەرگەی چاپکراوی تایبەت بنووسرێت**

**٢. بە زمانی فارسی بێت**

**٣.** نووسینی ناو، ناوی بنەماڵەیی، ناوی باوک، ساڵی لە دایکبوون، ژمارەی نەتەوەیی. شوێنی نیشتەجێ بوونی «داواکار» (واتە کرێکار) و هەروەها جۆری پیشە و ڕادەی پێشینەی کاری ئەو لە کارگەدا بنووسرێت

**٤.** نووسینی ناو، ناوی بنەماڵەیی و شوێنی نیشتەجێ بوونی خاوەنکار وەکوو«داواکراو». ئەگەر داواکار خاوەنکار بێت بە مەرجی کراوەبوونی کارگە، شوێنی نیشتەجێ بوونی یاسایی ئەو دێتە ئەژمار

**٥.** داواکاری و شیکردنەوەی داواکاری. «داواکاری» واتە ئەو شتەی وا کرێکار دەیەوێ سەبارەت بەوە بڕیار دەر بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر خاوەنکار دەریکردووە، داواکاریی ئەو «ناچارکردنی خاوەنکار بە گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکەی» دەبێت

**٦.** واژۆ یان شوێن پەنجەی سکاڵاکەر

**٧.** ئەگەر داواکار کەسێکی یاسایی (واتە شیرکەتێک) بێت، لە دادخوازەکەدا ناو و ناونیشانی کەسی یاسایی دەنووسرێت

**٨.** ئەگەر سکاڵانامەکە لە لایەن نوێنەری داواکارەوە پێشکەش بکرێت پێویستە ناو، ناوی بنەماڵەیی، ناوی باوک، ساڵی لەدایکبوون، ژمارەی نەتەوەیی و شوێنی نیشتەجێبوونی نوێنەر لە سکاڵانامەکەدا بنووسرێت و بەڵگەی تۆماری نوێنەربوونەکەشی پەیوەست بکرێت

**٩.** سکاڵانامە و پەیوەستەکانی دەبێ بە ڕێژەی خوازراوکۆی نۆسخەیەک بێت

**تێبینی ١**: ئەگەر لە سکاڵانامەدا ئیرادێک هەبێت، ئیدارەی کار وێڕای قەبووڵکردنی سکاڵانامە بە دەرکردنی «ئاگادارینامەی چاککردنی ئیراد»٤٨ سەعات بە داواکار مۆڵەت دەدات بۆ ئەوەی ئیرادەکەی چاک بکەن و دیسان بینێرنەوە. ئەگەر لە مۆڵەتی دیاریکراودا ئیرادەکەی چاک نەکرێت، دادخوازەکە ڕەت دەکرێتەوە. هەڵبەت داواکار دەتوانێ بۆ جارێکی تر دیسان سکاڵانامە بنووسێ و پێشکەشی بکات.

**تێبینی ٢**: شێوازی سکاڵانامە و پێشکەشکردنی دادخواز و هەروەها ڕاگەیاندنی بەرگەی ئاگادارینامە و بانگێشتنامە و بڕیاری لێژنەکانی چارەسەریی ناکۆکیی کار، بە شێوەی ئەلەکترۆنی و لە ڕێگای «سامانەی

بەربلاوی پێوەندیی کار»ەوە ئەنجام دەبێت. ئەگەر لە شارێکدا دادپرسیی ئەلەکترۆنی و سامانەی بەربلاوی پێوەندیی کار ڕێ نەخراوە ئەم کارە بە شێوازی دەستی دێتە ئەنجام. لەو شارانەی کە دادپرسیی ئەلەکترۆنی ڕێ کەوتووە کەسی داواکار بەر لە پێشکەشکردنی سکاڵاکەی دەبێ لە سامانی گشتگیری پێوەندیی کار بە ڕاگەیاندنی ژمارە موبایلەکەی لە ڕێگای کورتەنامەوە ناونووسی بکات. پاش ناونووسی، ناوی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕین لە ڕێگای ناردنی کورتەنامە بەو ژمارە موبایلەی لە کاتی ناونووسیندا دیاری کراوە دەنێردرێت بۆ ئەو کەسە. هەر وەها ناونووسی کردنی کەسی داواکراویش لە سامانەی گشتگیری پێوەندیی کاردا پێویستە. ئامادەنەبوونی داواکراو لەو سامانەدا و هەروەها ئامادەنەبوونی لە دانیشتنەکانی پێڕاگەیشتندا نابێتە هۆی ئەوەی ناوەندەکانی چارەسەریی ناکۆکی پێڕاگەیشتن نەکەن. هەر کام لە لایەنەکانی ناکۆکی بە ناونووسی لە سامانەی گشتگیری پێوەندیی کار و وەرگرتنی ناوی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕین دەتوانن بە سەردانی سامانەکە ئاگاداری دۆسییەکەیان بن. ئەگەر داواکار و داواکراویش بیانەوێ بۆ سکاڵا یان بەرگریکردن یان بەشداریکردن لە دانیشتنەکانی پێڕاگەیشتن نوێنەر یان پارێزەر بناسێنن، بەر لە پێسکەشکردنی سکاڵا یان بەشداریکردن لە دانیشتنەکە دەبێ بە شێوەی ئەلەکترۆنی، نوێنەر دیاری بکەن و هەروەها کەسی نوێنەریش دەبێ پێشتر لە سامانەدا ناونووسیی کردبێت.

## دانیشتنەکانی پێڕاگەیشتن

دانیشتنی لێژنەی دیاریکردن (لێژنەی بەرایی) بە ئامادەبوونی سێ کەس لە ئەندامان کە پێشتر باسمان لێکرد پێکدێت. سەرۆکایەتی دانیشتنەکە لە ئەستۆی نوێنەری وەزارەتی کاردایە و بڕیاری زۆرینەی ئەندامان پێوەر دەبێت.

دانیشتنی لێژنەی چارەسەریی ناکۆکی بە ئامادەبوونی لانیکەم حەوت کەس لە نۆ کەسی هەموو ئەندامان حاڵەتی فەرمی بە خۆوە دەگرێت و بڕیارەکانی ئەو دانیشتنە بە هاودەنگ بوونی لانیکەم پێنج کەس لە ئەندامان جێبەجێ دەکرێت. سەرۆکایەتی دانیشتنەکە لە ئەستۆی بەڕێوەبەری گشتیی تەعاونی کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی یان نوێنەرەکەی دەبێت. بانگێشتی لایەنەکان بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکەدا

پێویستە و لایەنەکان دەتوانن لەم دانیشتنەدا ئامادە بن یان نوێنەر دیاری بکەن و لایەحە بنێرن. ئامادەنەبوونی داواکار و داواکراو یان نوێنەرەکانیان لە دانیشتنەکەدا نابێتە هۆی ئەوەی کە پێڕاگەیشتن نەکرێت و بڕیار دەر نەچێت. ئەگەر داواکار لە دانیشتنی پێڕاگەیشتندا ئامادە نەبێت و ناوەندی پێڕاگەیشتن بە هۆی ئەوەی لە لایەن داواکارەوە ڕوونکردنەوە نەدراوە نەتوانێ لە سەر ناوەرۆکی سکاڵاکە بڕیار دەربکات، بڕیاری «هەڵوەشاندنەوە سکاڵای داواکار» دەردەچێت و لە ئەگەری ئامادەنەبوونی هەرکام لە لایەنەکان تەنیا یەک جار دانیشتنەکە دووبارە دەبێتەوە. ئەگەر لایەنەکان پێک بێن و ئاشتی بکەن ئیتر پێڕاگەیشتن بە دۆسیەکە کۆتایی دێت.

## چۆن دەتوانین داخوازەکەمان بسەلمێنین؟

کاتێ کرێکارێک لە ئیدارەی کاردا ئیدعای ئەوە دەکات کە خاوەنکار مافی ئەوی پێشێل کردووە، دەبێ بە جۆرێک ئەم ئیدعایەی بسەلمێ. واتە ئیدعاکردن بە تەنیا قەبووڵ ناکرێت. یەکەم بەڵگە «دانپیانان»ە. بۆ نموونە ئەگەر خاوەنکار پێ لەوە بنێ کە کرێکار ڕاست دەکات، ئیتر پێویست بە هیچ بەڵگەیەکی دیکە نییە. بە هۆی ئەوەی کە خاوەنکار بە گشتی دیان بەو شتەدا نانێن، ئەمجار بەڵگەکان بایەخ پەیدا دەکەن. جا کەوابوو لێرەدا بەڵگەکان زۆر گرینگن.

بۆ وێنە ئەگەر داخوازی کرێکار ئەوە بێت کە خاوەنکار کەمتر لەوەی وا لە سەری پێکهاتوون مووچەی پێ دەدات، دەتوانێ فیشە بانکییەکان وەکوو بەڵگە پێشکەش بکات. بەڵگەیەکی دیکەش هەیە کە پێی دەڵێن «ئەمارە». بۆ نموونە کارناس یان ڕاپۆرتی نووسراوی لێکۆڵینەوەی شوێن. شایەتحاڵیس جۆرێک ئەمارە دێتە ئەژمار.

**نموونە** ئەگەر خاوەنکار بە ئیدعای ئەوەی کە کرێکار لە کارگەدا سەرپێچیی کردووە دەری بکات. کرێکار دەتوانێ لە ناو هاوکارەکانیدا کەسانێک وەک شایەتحاڵ بێنێ کە سەرپێچییەک ڕووی نەداوە. چونکا ئیدارەی کار بە لێکدانەوەی خۆی یان بە داخوازی یەکێک لە لایەنەکان، بڕیاری لێکۆڵینەوەی شوێن یان بڕیاری سپاردن بە کارناس دەردەکات. لە

لێکۆڵینەوەی شوێندا، لێکۆڵەرانی ئیدارەی کار دەچنە کارگە و لەگەڵ کرێکارەکان و کەسانی ئاگاداری بابەتەکە قسان دەکەن. لە بڕیاری کارناسیشدا ئەو بابەتانەی پێویستی بە ڕای کارناسی هەیە لە کارناسی پێوەندیدار پرسیار دەکرێ و ڕای ئەو دەتوانێ پێوەر بێت.

## پارێزەر

هەرکام لە لایەنەکانی ناکۆکی (داواکار و داواکراو) دەتوانێ بۆ بەرگری لە مافەکانی، خۆی یان بە هەڵبژاردنی کەسێک وەکوو نوێنەری تەواو سەربەست هەنگاو هەڵگرێت. بەم پێیە بە پێچەوانەی ناوەندەکانی دادوەری کە پارێزەری دەست نیشانکراو دەبێ پارێزەری خانەی داد بێت، لە ناوەندەکانی چارەسەریی ناکۆکیی کار هەرکام لە لایەنەکان دەتوانن بە پێی بەڵگەیەکی ئاسایی یان وەکاڵەتنامەیەکی فەرمی کە لە دەفتەرخانەیەک ئامادە کرابێت، بە هەر کەسێک (تەنانەت ئەگەر پارێزەریش نەبێت) نوێنەرایەتی و پارێزەری بدەن. ئەو نوێنەرە دیاریکراوە وەکوو خۆی وایە و بە جۆرێک وەکوو پارێزەری دێتە ئەژمار. هەڵبەت ئەگەر وەکاڵەتدەر بیهەوێ بۆی هەیە لە ناسین نامەدا، توانایی و دەسەڵاتی سنووردار بکات. بۆ وێنە بنووسێت نوێنەرەکەم مافی ئەوەی نییە لەگەڵ خاوەنکار پێک بێ و ئاشتی بکات، یان بۆی نییە لە هیچ داخوازییەکی دەست هەڵگرێت. دەبێ ئەوە بزانین کە دیوانی عەداڵەتی ئیداری ناوەندێکی دادوەرییە و ئەگەر کرێکار بیهەوێ پارێزەر بگرێت دەبێ لە پارێزەرانی یانەی داد کەڵک وەربگرێت.

بە هۆی ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکار بابەتێکی یاساییە و لە زۆر بواردا بابەتەکە پسپۆڕانەیە، زۆربەی ئەو کرێکارانەی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەچنە ئیدارەی کار یان دیوانی عەداڵەتی ئیداری، وای بە باش دەزانن کە لە پارێزەرانی یانەی داد پارێزەر و نوێنەر هەڵبژێرن. هەرچەندە لە ناوەندەکانی چارەسەری ناکۆکیی کار لایەنەکانی ناکۆکی دەتوانن هەر کەسێک پێیان سەڵاح بێت وەکوو نوێنەر یان پارێزەر دیاریی بکەن و دیاریکردنی پارێزەری یانەی داد وەکوو نوێنەر تێچووی

دەبێت، لایەنەکانی ناکۆکی لە ناوەندەکانی چارەسەری ناکۆکیی کاریش دەتوانن لە کانوونی پارێزەرانی یانەی داد (ئیدارەی یارمەتیی دادوەری) داخوازی یارمەتی و دیاریکردنی پارێزەری یارمەتیدەر بکەن. بەو مەرجەی ئیدعای خوازیار بەڵگەمەند بێت بە بەڵگەی یاسایی و پاشان خوازیار لە باری داراییەوە دەسکورت بێت. بەم پێیە ئەو کرێکارەی توانای بریکارانەی نییە دەتوانێ شایەتنامەیەک کە بیسەلمێنێ ئەو کەسە دەسکورتە و کەسانی جێی متمانەی شوێنەکەش واژۆی بکەن، پاشان بچێتە ئیدارەی یارمەتیی کانوونی پارێزەران و داخوازی پارێزەری یارمەتیدەر بکات.

ئیدارەی یارمەتیدەری دادوەری پێراگەیشتن بە داخوازی خوازیار دەکات و لە ئەگەری پێویست بوونی لێکۆڵینەوە، بۆ دیاریکردن و ناساندنی یەکێک لە پارێزەرانی کانوونی پارێزەران بۆ کەسی خوازیار هەنگاو هەڵدەگرێت. ئەگەر ئیدارەی یارمەتیی دادوەری کەسی خوازیار بە خاوەنی ئەو مەرجانە نەزانێت، داخوازییەکەی ڕەت دەکاتەوە. لە دۆخێکی وادا کەسی خوازیار دەتوانێ لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا نارەزایەتی خۆی لە ئاست لێژنەی بەرپرسی کانوونی پارێزەران دەربڕێت. لێژنەی بەرپرسی کانوونی پارێزەران نارەزایەتییەکە لێک دەداتەوە و بڕیاری کۆتایی دەردەکات. ئەگەر کانوون لەگەڵ دیاریکردنی پارێزەری یارمەتیداردا تەبا بێت، پارێزەری یارمەتیدەر هیچ تێچوویەک لە بریگرتەکەی وەرناگرێت. هەروەها ئەو کەسانەی پێویستیان بە ڕاوێژکاری بێ بەرانبەر هەیە دەتوانن بچنە کانوونی پارێزەرانی یانەی داد (ئیدارەی یارمەتی) و لە ڕاوێژاکاری بێ بەرامبەر و پارێزەرانی ئامادەبووی ئەو ئیدارە بەهرەمەند بن، یان لە سەعاتی ٩ تا ١١ی سەر لە بەیانی لە ڕێگای تەلەفوون کردن بۆ کانوونی پارێزەران بە ژمارە تەلەفوونی **٠٢١-٧٧٦١٤٤٦٤** ڕاوێژی بێ تێچوو وەرگرن.

هەروەها ئەو کەسە دەتوانێ بچێتە «ئیدارەی ئیرشادی یارمەتیی دادوەری»ی خانەی یاد و لەوێیش ڕاوێژکاریی بێ بەرامبەر وەربگرێت. زۆربەی پارێزەرانی پارێزگاکان لە بینای خانەی داد ژوورێکیان هەیە کە لەوێدا بێ بەرامبەر ڕاوێژکاری خەڵک دەکەن.

## ئەنجامی پێڕاگەیشتن و دەرکردنی بڕیار

پاش کۆتایی پێڕاگەیشتن، لێژنەی دیاریکردن لە سەریەتی لانی زۆر تا هەفتەیەک بڕیاری خۆی دەر بکات. بڕیاری

دەرکراو لە لایەن لێژنەکانی دیاریکردنەوە لە ڕیکەوتی ڕاگەیاندنەکەیەوە بە ماوەی ١٥ ڕۆژکاتی هەیە بۆ نارەزایەتی دەربڕین و پێداچوونەوە. ئەگەر یەکێک لە لایەنەکان نارەزایەتیی لە بڕیارەکە هەبێت دەبێ لە ماوەی مۆڵەتی یاساییدا نارەزایەتیی خۆی پێشکەشی لێژنەی چارەسەریی ناکۆکی بکات. جیا لەمە و بە تەواوبوونی مۆڵەتی نارەزایەتی دەربڕین، بڕیاری لێژنەی دیاریکردن مسۆگەرە و جێبەجێ دەکرێت. لێژنەی چارەسەریی ناکۆکی پاش وەرگرتنی دۆسییە لە چوارچێوەی نارەزایەتیدا و سەبارەت بەوەی کە لێژنەی دیاریکردن بڕیاری لە سەر داوە، پێڕاگەیشتنی بۆ دەکات و لە ئەنجامدا بڕیار دەردەکات. بڕیاری دەرکراو لە لایەن لێژنەی چارەسەری ناکۆکییەوە مسۆگەرە و جێبەجێ دەکرێت.

## نارەزایەتی دەربڕین لە ئاست بڕیاری ئیدارەی کار لە دیوانی عەداڵەتی ئیداری

باوەکوو بڕیارەکانی لێژنەی چارەسەری ناکۆکی مسۆگەرن بەڵام دەکرێ لە دیوانی عەداڵەتی ئیداریدا لە ئاست ئەم بڕیارانە نارەزایەتی دەر ببڕدرێت. مۆڵەتی نارەزایەتی دەربڕین بە بڕیارەکانی لێژنەی چارەسەریی ناکۆکی کرێکار و خاوەنکار، لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی بڕیاری مسۆگەرەوە سێ مانگە. ئەگەر کەسی قازانجبەر ئیدعا بکات کە ئاگاداری بڕیارەکە نەبووە و پێی ڕانەگەیەندراوە، دیوان پێش دەسپێکی پێڕاگەیشتن سەرەتا لێکۆڵینەوە لە بابەتی ڕاگەیاندنەکە دەکات و ئەگەر ئیدعای کەسی قازانجبەری بە دروست زانی بەدواداچوونی بۆ دەکات.

دەسپێکی پێڕاگەیشتن لە دیوانی عەداڵەتی ئیداریدا مەرجدارە بە پێشکەشکردنی دادخواز لە لایەن کەسی قازانجبەر یان پارێزەرەکەیەوە. ئێستاکە دادخوازی سەرەتایی بۆ لقەکانی دیوانی عەداڵەتی ئیداری لە ڕێگای نووسینگە ئەلەکترۆنییەکانی دادوەری وڵاتەوە پێشکەش دەکرێت، بەڵام پێشکەشکردنی دادخوازی قۆناغی پێداچوونەوە لە تاران لە ڕێگای ڕۆیشتن بۆ دیوانی عەداڵەتی ئیداری و لە شارستانەکان لە ڕێگای نووسینگەی نوێنەرایەتی دیوانی عەداڵەتی ئیدارییەوە کە لە یانەی دادی ناوەندی پارێزگاکاندان یان لە ڕێگای پۆستەوە پێشەکەش دەکرێت. هەڵبەت بۆ

ئەو کەسانەی لە پارێزگایەکی جیا لە پارێزگای تاران دەژین هیچ سنووردارییەک بۆ ئەوە نییە کە بچن و دادخوازی قۆناخی پێداچوونەوە لە ڕێگای دیوانی عەداڵەتی ئیداری لە تاران پێشکەش بکەن و هەر کەسێک بۆی هەیە جیا لەوەی دادخوازی قۆناخی پێداچوونەوەی لە نووسینگەی نوێنەرایەتی لە پارێزگاکان پێشکەش بکات ڕاستەوخۆ بچێتە دیوانی عەداڵەتی ئیداری لە تاران و پێشکەشی بکات. دادخواز دەبێ لە سەر بەرگەی چاپکراوی تایبەت، بە زمانی فارسی و بە ڕێژەی لایەنەکانی ناکۆکی لە نوسخەیەکدا ڕێک بخرێت.

ئەگەر ئیدارەی کار لە دژی کەسێک بڕیاری دەرکردبێ و ئەو کەسە بیهەوێ لە ڕێگەی دیوانی عەداڵەتی ئیدارییەوە ناڕەزایەتیی خۆی لەو بڕیارە دەرببڕێت، چونکا تەنیا ناڕەزایەتی دەربڕین لە دیوانی عەداڵەتی ئیداری بەر بە جێبەجێکردنی ناگرێت، ئەو کەسە دەتوانێ وێڕای سکاڵا و ناڕەزایەتی یان دوای پێشکەشکردنی ناڕەزایەتی، لە لقی دیوانی عەداڵەتی ئیداری داخوازی دەرکردنی «فەرمانی کاتی لە سەر ڕاگرتنی بڕیاری جێبەجێکردن» بکات. لقی دیوان لە ئەگەری ئاشکرابوونی پێویستی و خێرایی بابەتەکە، فەرمانی کاتی لە سەر ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری دەرچووی ئیدارەی کار دەردەکات.

پاش ناردنەوەی دۆسییەکە بۆ لقی دیوانی عەداڵەتی ئیداری، بە فەرمانی بەرپرسی لق، نوسخەیەک لە دادخواز و پەیوەستەکەی دەنێرن بۆ لایەنی سکاڵاکە. لایەنی سکاڵاکە لە سەریەتی لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنەکەوە بە ماوەی مانگێک بۆ وەڵامدانەوە هەنگاو هەڵگرێت. نەناردنی وڵام، بەر بە پێڕاگەیشتن و دەرکردنی بڕیار ناگرێت. لقی پێڕاگەیشتن دەتوانێ هەر لێکۆڵینەوە و هەنگاوێک بە پێویستی بزانێت ئەنجامی بدات. هەروەها لقی دیوان دەتوانێ هەرکام لە دوو لایەنی ناکۆکی بۆ ڕوونکردنەوە بانگێشت بکات. لقی دیوانی عەداڵەتی ئیداری پاش لێکۆڵینەوە و بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکان، لە ماوەی هەفتەیەکدا بڕیار دەر دەکات.

پاش ئەوەی دیوان بڕیاری خۆی دەرکرد، هەرکام لە لایەنەکان یان نوێنەرەکانیان دەتوانن لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنەکەوە بە ماوەی ۲۰ ڕۆژ داوای پێداچوونەوە لە لقی

دیوانی عەداڵەتی ئیداری بکەن. ڕێوشوێنی پێداچوونەوەش لە باری دادخوازەوە وەکوو قۆناخی یەکەم وایە. ئەگەر لقی پێداچوونەوە ئیرادی لایەنی نارازی بە ڕەوا نەزانێ، بڕیاری لقی پێشوو پەسند دەکات و جیا لەمە ئەو بڕیارەی پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە و پاش پێڕاگەیشتن بڕیار دەدات. بڕیاری دەرچوو لە لقی دیوانی عەداڵەتی ئیداری مسۆگەرە و ئیتر هیچ ناوەندێکی باڵاتر ناتوانێ هەڵیوەشێنێتەوە یان بیگۆڕێت.

## شێوازی جێبەجێکردنی بڕیاری دەرکراو لە ناوەندەکانی چارەسەری ناکۆکیی کار

پاش ئەوەی بڕیار دەرکرا، دێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. واتە دۆسییە دەچێتە جێبەجێکاری بڕیار و ڕادەگەیەنرێت بەوکەسەی مەحکووم بووە بۆ ئەوەی بڕیارەکە جێبەجێ بکات. ئەگەر خاوەنکار لە کاتی خۆیدا لە جێبەجێکردنی بڕیاری ناوەندەکانی چارەسەری ناکۆکیی کار خۆی ببوێرێ، کەسی قازانجبەر کە لێرەدا کرێکارە یان دادوەری جێبەجێکاری بڕیار دەتوانێ ئەم بابەتە بە دادستێن ڕابگەیەنێت و داوا بکات خاوەنکار بخەنە ژێر چاوەدێرییەوە. چونکا جێبەجێ نەکردنی بڕیار، تاوانە. هەروەها ئەگەر خاوەنکار بە دانی بڕە پارەیەک بە کرێکار مەحکووم کرابێت بەڵام ئەو بڕە پارەیەی پێ نەدات، کرێکار دەتوانێ دەست بە سەر داراییەکەیدا بگرێت.

## سەرچاوەکان:


- یاسای کار پەسندکراوی ١٣٦٩

-بنەماکانی دادپرسین پەسندکراوی ساڵی ١٣٩١

-یاسای بیمەی بێکاری پەسندکراوی ١٣٦٩

-یاسای دابینکاریی کۆمەڵایەتی پەسندکراوی ١٣٥٤

-یاسای پێکهاتەی گشتگری خۆش بژیوی و دابینکاریی کۆمەڵایەتی پەسندکراوی ١٣٨٣

- یاسای ڕێکخراوەکان و بنەماکانی دادپرسیی دیوانی عەداڵەتی ئیداری پەسندکراوی١٣٩٢

- یاسای پێوەندیدار بە دیاریکردنی جەژنانە و پاداشتی ساڵانەی کرێکاری دامەزراو لە کارگەکانی بەرکەوتووی یاسای کار ١٣٧٠

- یاسای چاکسازی و پاڵپشتی لە پێشەکانی ناوماڵ پەسندکراوی ١٣٨٩

- ڕێسا و دەستووری پیشە ئەستەم و زیانبارەکان بابەتی یاسای دابینکاریی کۆمەڵایەتی پەسندکراوی ١٣٨٥

- ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی یاسای بیمەی بێکاری پەسندکراوی ١٣٦٩

ڕێسای شێوازی جێبەجێکردنی بڕیاری مسۆگەری لێژنەکانی دیاریکردن و چارەسەری ناکۆکی بابەتی مادەی ١٦٦ی یاسای کار پەسندکراوی ١٣٧٠

» ئەم کتێبەی بەردەستتان، ڕێشاندەرێکی شیاوی کەڵکی یاساییە بۆ ئەو کرێکارانەی کە لەوانەیە سەبارەت بە کارەکەیان کێشەی یاساییان هەبێت. لەم کتێبە ڕێشاندەرەدا هەوڵ دراوە بابەتەکانی یاسای کار بە زمانێکی ساکار باس بکرێن. ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار بە پێشنیاری «دامەزراوەی شیرین عیبادی» نووسراوە و بە شێوازی بێ بەرامبەر دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەران.

بنیاد شیرین عبادی
SHIRIN EBADI
FOUNDATION

https://shirinebadifoundation.org